# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سی و یەکەم (١٤٢٣)- (٢٩)ی ت[illegible] ٢٠٢٤



## دیمەنە سیاسییەکانی ئۆڵۆمپیادی پاریس

## نەفرەتکردن لە شەڕ .. پێکەوە ژیان .. زمانی هاوبەش .. یەکسانیی ڕەگەزی




# سەردانێکی گرنگی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کوردستان لە ٢٠٠٦

## ١٢٤

ڕۆژی ٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦ کوندۆلیزا ڕایس بە سەرۆکایەتیی شاندێک گەیشتە هەرێمی کوردستان کە پێک هاتبوو لە دیڤید ویلش و باڵیۆز خەلیل زاد و باڵیۆز ستارفیلد. ئێمەش بە شاندێکی گەورە پێشوازیمان لێ کرد کە بریتی بوون لە نێچیرڤان بارزانی و فازڵ میرانی و مەسرور بارزانی و کەریم شنگالی لە پارتی و، نەوشیروان مستەفا و کۆسرەت ڕەسووڵ و عومەر فەتاح لە یەکێتی.

لە کۆبوونەوە لەگەڵ شاندە باڵاکەی ئەمەریکا، گفتوگۆ لەسەر پرس و بابەت کرا:

١- ئاشتەوایی نیشتمانی: شاندە ئەمەریکییەکە داوایان لێ کردم و گوتیان گرنگی و بایەخێکی زیاتر بەم بابەتە بدە و ڕۆڵێکی زیاتر بۆ بەرەوپێشەوەبردنی گفتوگۆکانی تایبەت بەم پرسە بگرە ئەستۆ، چونکە شیعە و سوننە حسابێکی گەورەت بۆ دەکەن.

٢- پرسی یاسای نەوت و غاز: خاتوو ڕایس گوتی: (بۆچوونی ئێمە ئەوەیە کە پێویستە نەوت ببێتە هۆی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق، نەک ببێتە هۆی دابەشکردن و پارچەپارچەبوونی، زاڵمای پێی گوتووم کە یاسای نەوت خەریکە تەواو دەبێت، پێمان باشە و داوا دەکەین، یاساکە لەو یەک دوو حەفتەیەی داهاتوودا تەواو و پەسەند بکرێت و هەوڵ بدەن لەگەڵ بەغدا خاڵی هاوبەش بدۆزرێتەوە).

دواتر منیش بەم شێوەیە وەڵامم دانەوە: هەموو کات و ساتێک ئامادە بووم بۆ ئاشتەوایی نیشتمانی. یەکەم جار من دروشمی ئاشتەوایی نیشتمانیم بەرز کردووەتەوە، بەڵام تا ئێستا لایەنەکانی تر نەگەیشتوونەتە ئەو بڕوایە کە تاکە ڕێگەی دەرچوون لە قەیرانەکان، ئاشتەوایی نیشتمانییە. بە قسە باس لە ئاشتەوایی نیشتمانی دەکەن، بەڵام بە کردەوە لەسەر ناو و ناسنامە یەکتر دەکوژن. ئاشتەوایی نیشتمانی کاتێک دێتە دی کە لایەنە ناکۆکەکان داوای بکەن، ئەوکات ئێمەش دەتوانین زیاتر یارمەتییان بدەین، بەڵام ناکرێت ئاشتەواییان بەسەردا بسەپێنرێت. سەبارەت بە پرسی نەوت گرنگترین خاڵ لای ئێمە بریتییە لەوەی کە نابێت جارێکی تر گەروو و قووتی ئێمە بکەوێتە دەست یەک کەس لە بەغدا و هەر کات ویستیان بمانخنکێنن.

## چاپکراوی نوێ







(مژار و ژیوار- گۆتارێن سیاسی و یاسایی) و (آراء مصیریة- مقالات سیاسیة وقانونیة) دوو کتێبێن بەڕێز فازل میرانی بەرپرسێ دەستەیا کارگێڕیا مەکتەبا سیاسیا پارتی دیموکراتی کوردستانن، کو بەری نوکە هاتینە بەلاڤ کرن.

(مژار و ژیوار) دناڤ بەرگێن خوەدا پێکهاتییە ل کومەکا گوتارێن سیاسی یێن ڤان چار سالێن دوماهیێ (٢٠٢١-٢٠٢٢-٢٠٢٣-٢٠٢٤) ژ لایێ نڤیسەری هاتینە بەلاڤ کرن، پتریا وان گوتاران کو ب زمانێ عەرەبی هاتینە وەشاندن د چەندین سایت و رۆژنامەیێن جوراوجور بار پترژی د روژناما (الزمان)، هەمی ژی ئەون یێت کو د رۆژناما (ئەڤرو)دا هاتینە وەشاندن، نڤیسەری لبەرە ڤان وتاران بکەتە پەرتوکەک ب زمانێ عەرەبی و دەڤۆکا سورانی بێنە وەشاندن.

بەری نها گەلەک پەرتوک ژی دەرچووینە و کەفتینە د خزمەتا پەرتوکخانەیا سیاسی یا کوردی، ڤێ پەرتوکێ جوداهیەکا هەی، چونکە هەر گوتارەک بو هەلکەفتەکێ یان بو بویەرەکا تایبەت هاتیە نڤیسین، و بال کشاندیە سەر چەند بویەرەکا وەکی سەردەمێ ئۆپۆزیسیونێ، قەیرانێن حکومەتا ئیتحادی دگەل حکومەتا هەرێمێ جیبجی نەکرنا یاسایا، ریفراندوما گەلێ کورد و چەندین بابەت، هندەک ژی هاتینە وەرگێڕان بو دەڤوکێ سورانی و کرمانجی.

د وتارێت پەرتوکا (آراء مصیریة)دا نڤیسەر ب واقعی بەحسێ گوتارا سیاسی یا پارتی دیموکراتی کوردستان دکەت ل گورەی شرۆڤا خو، نڤیسەری چەندین پەڕێن ئەرشیفا خو یا کەڤن ب شێوازێن جودا جودا و بو ئێک رامانێ پێشکەش کرینە، بوچوونێن وی گرێداینە ب ئاڕاستەیا پارتی دیموکراتی کوردستان و بزاڤا رزگاریخوازا کوردی و کارڤەدانێن وی هەمبەر وان کریارا ئەوێن هاڤێتینە د ململانێیا بەردەوام ل ڤان چەند سالێن بوریدا ل ڤێ دەڤەرێ.

وتارێن ڤێ پەرتوکێ هاتینە بەلاڤ کرن ل دەزگەهێن راگەیاندنێ ب زمانێن جودا جودا، کو دبنە ژێدەرەکێ دیکیۆمێنت کری لبەر گرنگیا وان، ڤەگێرانەکا بەلگەدارە و پەیوەندییەکا دگەل ڤەگێڕان و بوچوونێن دی یا هەی لسەر ئاڕاستە و چەند رویدانێن مەزن کو هندەک د دیروکێدا دیکیۆمێنت کرینە، لێ دیکیۆمێنت کرن تەمام نابیت بێی ئاشکرا کرنا وان ژێدەرا ئەوێ کو گومان لسەر هەی.

خویندەڤان دێ چەند وتارەکا بینیت کو لسەر بنەمایەکێ یاسایی یێ دەڤا هاتینە نڤیساندن، و هندەک وتارێن سیاسی کو دژی یاسایێ نینە ئەوژی ئێکە ل تایبەتمەندێیت نڤیسەری، هیڤیا سەرکەفتنێ بو بەڕێز فازڵ میرانی دخازین بو پتر دەوڵەمەند کرنا پەرتوکخانا کوردی.

فاضل ميراني آراء مصيرية مقالات سياسية و قانونية 2024

سەردار شێخ یەحیا :

**لە تەمەنی کابینەی نۆیەمدا بۆ چەندین پرۆژەی جۆراوجۆری سنووری شێخان (٢٢٠) ملیار دینار خەرج کراوە**



ماموستا مەلا عەزیز شوکر زەنگەنە:

**ئەرکی حکومەت و لایەنی پەیوەندیدارە کە سنوورێک بۆ بیر و بەرنامەی توندوتیژ و نامۆ دابنێن و نەهێڵن گەشە بکەن**



دکتۆر مەحموود ئەلداغر :

**ئاودیوکردنی دۆلار لە دەیان خاڵی نافەرمیی سنوور هۆکاری سەرەکیی ناسەقامگیریی بەهای دینار و دۆلارە**



دکتۆر هاشم ئەلکەندی :

**ئەگەر سەقامگیریی عێراق و خێر و خۆشیمان بۆ هەموو گەلانی عێراق بوێت، پێویستە لەگەڵ بەڕێز مسعود بارزانی مامەڵە بکەین**






■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**
**کارزان کانەبی**
**ڕێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگران:
**کەمال ئاکرەیی**
**هاوکار ڕەحمان**

**بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***

ئیبراهیم ئەلسمێدعی :

**بارزانی پێگە و قورساییەکی گەورەی لە گۆڕەپانی نێوخۆیی و دەرەکیدا هەیە و سەرۆکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و خەباتی مێژوویی نەتەوەی کوردە**





حەیات مەجید:

**مێژوو ئەوەی سەلماندووە کە ئافرەتی کورد لە زۆربەی ئافرەتانی وڵاتانی دەوروبەرمان ئازادتر بووە و شەڕیشیان بۆ ئازادی کردووە**

ئەحمەد جەبار:

**هانی یاریزانان دەدەم کە لە هەوڵدان بەردەوام بن بۆ گەیشتن بە هەڵبژاردەی عێراق**



**وێستگەیەکی گەڕۆکی کارەبایی بۆ هەمیشە**



**بەهای خۆراکی تۆوی گوڵەبەڕۆژە**



زەینەب کاوە :

**مەینەتییەکانی کورد وەکو پێویست لە شانۆ و دراما ڕەنگیان نەداوەتەوە**



# دیمەنە سیاسییەکانی ڕێورەسمی کردنەوەی

# ئۆڵۆمپیادی پاریس ٢٠٢٤







بۆ ئاهەنگی ڕێوڕەسمی کردنەوەی یارییەکانی ئۆڵۆمپیادی پاریس ٢٠٢٤ لەسەر بانگهێشتی ئەمانوئێل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا و تۆماس ماخ سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپیی نێودەوڵەتی، ٨٠ پادشا و سەرۆک و سەرۆک وەزیران بانگهێشت کرابوون، کە لەناویاندا نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە فەرمی بۆ ئەم بۆنە گەورە جیهانییە بانگهێشت کرابوو.

بانگهێشتکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە هاوشانی پادشا و سەرۆک و سەرۆک وەزیرانی ٨٠ دەوڵەت لە جیهاندا، ئاماژەیەکی گەورە و گرنگە بەوەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانیش نییە، بەڵام کاراکتەرێکی غەیرە دەوڵەتیی گرنگە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا و، جیا لەوەی ئەم هەرێمە نوێنەرایەتیی ٤٠ ملیۆن کوردی بێ دەوڵەت دەکات، لە هەمان کاتدا پارێزەری بەها هاوبەش و بەرزەکانی مرۆڤایەتییە و لە پێناویدا خەبات دەکات و قوربانی لە پێناودا داوە، وەک «بەشداریکردنی لە شەڕی دژی تیرۆریستان، بڕوابوونی بە پێکەوەژیان و پاراستن و ڕێزگرتنی مافی تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان، هەنگاو هەڵگرتن بۆ حوکمڕانیی باش و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادیی ڕادەربڕین، بڕوابوونی بە یەکسانیی ڕەگەزی و بەشدارییپێکردنی ئافرەت لە کۆی جومگەکانی سیاسی و حوکمڕانی و...هتد».

ئەو دیمەنەی کە پێشوازیی سەرۆکی فەرەنسا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بینیمان، تەنیا دیمەنی پێشوازی ئەمانوئێل ماکرۆن نەبوو لە نێچیرڤان بارزانی، بەڵکو دیمەنی ڕێزگرتنی کۆماری فەرەنسا بوو وەک لانکەی ڕۆشنگەری لە نەتەوەی کورد کە هەموو بەها گرنگ و هاوبەشەکانی مرۆڤایەتی تێدا بەرجەستە دەبێت. دیمەنێک بوو پێی گوتین «لەو نیشتمانەی پێی دەگوترێت کوردستان بڕوابوون بە مرۆڤایەتی و لێبوردەیی و پێکەوە ژیان وەک چیاکان لەو نیشتمانەدا ڕەگی داکووتیوە».

**بانگهێشتکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە هاوشانی پادشا و سەرۆک و سەرۆک وەزیرانی ٨٠ دەوڵەت لە جیهاندا، ئاماژەیەکی گەورە و گرنگە بەوەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانیش نییە، بەڵام کاراکتەرێکی غەیرە دەوڵەتیی گرنگە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا**

**ئەو دیمەنەی کە پێشوازیی سەرۆکی فەرەنسا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بینیمان، تەنیا دیمەنی پێشوازی ئەمانوئێل ماکرۆن نەبوو لە نێچیرڤان بارزانی، بەڵکو دیمەنی ڕێزگرتنی کۆماری فەرەنسا بوو وەک لانکەی ڕۆشنگەری لە نەتەوەی کورد کە هەموو بەها گرنگ و هاوبەشەکانی مرۆڤایەتی تێدا بەرجەستە دەبێت**

**لە هەموو سووچێکی ئەم جیهانە کێشە و حاڵەتی نەخوازراو دەبینرێت، ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی خەڵکانێکی زۆر هەر لە سوودانەوە تا دەگاتە ئۆکرانیا و هەر فەلەستینەوە تا دەگاتە مینیمار، ئاوارە دەبن**

### ● فێربوونی پێکەوە ژیان و یەکتری قبووڵکردن لە یەکگرتنی گیانی وەرزشییەوە

لە ئاهەنگی ڕێوڕەسمی کردنەوەی ئۆڵۆمپیادی پاریس ٢٠٢٤، تۆماس باخ سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپیی نێودەوڵەتی پێی گوتین: «پاریس شوێنی لەدایکبوونی «پییر دی کۆبرتان»ـە کە دامەزرێنەی لیژنەی ئۆڵۆمپیی نێودەوڵەتییە و هەموو مرۆڤایەتی قەرزاری ئەون، پاریس شاری ڕووناکییە لەبەر ئەوەی یارییە هاوچەرخەکانی ئۆڵۆمپی دووبارە دروست کردووەتەوە، هەر بۆیە سوپاسی فەرەنسا دەکەین کە ئەم ڕێوڕەسمە سیحراوییەی بۆ پێشوازیی ئۆڵۆمپیاد ڕێک خستووە».

ماخ لەم قسانەیدا کە ئاماژە بەوە دەکات «پییر دی کۆبرتان» دامەزرێنەری لیژنەی ئۆڵۆمپیی نێودەوڵەتییە و پاریس شانازی ئەوەی پێدەبڕێت کە (یارییە هاوچەرخەکانی ئۆڵۆمپی) دروست کردووەتەوە، بەڵام بە مانای ئەوە نییە، یەکەم خولی ئۆڵۆمپی لە پاریس کراوە، بەڵکو ئەوە مەغزایەکی قووڵتری هەیە بەو مانایەی کاتێك «پییر دی کۆبرتان» لە ساڵی ١٨٨٤ یەکەم لیژنەی ئۆڵۆمپی دامەزراند، لە ماوەی ١٢ ساڵدا هەوڵەکان لە پاریس خراونەتەگەڕ بۆ ئەوەی سەرجەم یارییەکانی ئۆڵۆمپی بە شێوەیەکی هاوچەرخ دروست بکرێنەوە، پاشان ڕێوڕەسمی یەکەمین خولی ئۆڵۆمپی ببرێتەوە بۆ ئەسینا و لە ساڵی ١٨٩٦ یەکەمین خولی ئۆڵۆمپیاد بۆ سەرتاسەری مرۆڤایەتی ئەنجام بدرێتەوە.

سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپیی نێودەوڵەتی، پەیامەکەی بۆ تێکرای مرۆڤایەتی بوو، کە ڕاشکاوانە پێی ڕاگەیاندن «شەڕ و تەنگژە، جیهانی لەبەر یەك هەڵوەشاندووە و بەها بەرز و هاوبەشەکانی مرۆڤایەتی کاڵ بوونەتەوە، بەڵام لەناو ئەو جیهانەی پێی دەگوترێت «ئۆڵەمپی» ئەو بەها بەرز و هاوبەشانە بوونیان هەیە و ڕێزیان لێ دەگیرێت، بۆیە توانراوە یاریزانان لە ٢٠٦ ناوچەی جیاوازی ئەم جیهانە لە یەك ستاتۆیمدا پێکەوە کۆبکاتەوە و هانی ٤٥ هەزار خۆبەخشی لە ١٥٥ دەوڵەتی جیاوازەوە داوە، بۆ ئەوەی خۆبەخشانە بێنە فەرەنسا و بەشداری لە سەرکەوتنی ئەم بۆنە و ڕووداوە مرۆڤایەتییە جیهانییە بکەن.

سەرهەڵدانی ئۆڵۆمپیاد لە ئەسینا لە سەدەی هەشتەمی پێش زایین هەتا سەدەی چوارەمی پێش زایین، هاوشانی سەرهەڵدانی «هزر و فەلسەفە»یە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لە یۆنان، هەر بۆیە دووبارە زیندووکردنەوەی ئەم یارییانە لە سەردەمی ڕۆشنگەریی ئەورووپا و بەتایبەتیش سەرکەوتنی شۆڕشی فەرەنسا و دەرچوونی لائیحەی «مافەکانی هاووڵاتی» لە جیهاندا، ئەوەمان پێی دەڵێت، کە مرۆڤایەتی پێویستی بەوەیە بە ئاستی گیانی بەرزی وەرزشی بەرانبەر ئەوی دی لێبوردە بێت، ڕاستە دەبێت ململانێ و کێبڕکێ لە نێوان نەتەوە جیاوازەکان بوونی هەبێت، بەڵام دەبێت کۆمەڵێك بەهای بەرز و هاوبەشیش کۆی مرۆڤایەتی پێکەوە کۆبکاتەوە.

کەواتە ئەو پەیامە سیاسییە لە ڕێوڕەسمی ئاهەنگی کردنەوەی ئۆڵۆمپیادی پاریس ٢٠٢٤ بە تەواوی بۆ مرۆڤایەتی لە جیهاندا ئەوەیە کە بەهاکانی مرۆڤایەتی بەرەو کاڵبوونەوە دەچن، کە کاڵبوونەوەی ئەم بەهایانە زۆر لە مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و دەرهاویشتە نەرێنییەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و جیاوازیی ڕەگەزی ترسناکترن، بۆیە وێڕای ئەوەی ئارمی ئۆڵۆمپیادی پاریس کۆی ئەم مەترسییانەی لە خۆی گرتبوو، بەڵام پرسی پێکەوە ژیان و یەکتری قبووڵکردن و کۆتاییهاتن بە شەڕ و دروستکردنی زمانێکی هاوبەش بۆ ئەوەی کۆی مرۆڤایەتی لە یەکتری تێبگەن لە سەرووی هەموویانەوە ڕیزبەند کردبوو.

### ● کۆچ و پەنابەری و خاوەن پێداویستیی تایبەت سیمایەکی دیکەی پاریس ٢٠٢٤

فیلیبۆ گراندی سەرۆکی ئاژانسی پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ئۆڵۆمپیادی پاریس خەڵاتی «لۆریل»ی پێ دەبەخشرێت، لە لێدوانێکدا بۆ ئەو فیلمەی بۆ ئاهەنگەکە ڕێکخرابوو، ئاماژەی بەوە کرد «وەرزش سیمای هیوا و ئاشتییە و هەردووکیان زۆر دەگمەنن، بەڵام بەداخەوە لە هەموو سووچێکی ئەم جیهانە کێشە و حاڵەتی نەخوازراو دەبینرێت، ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی خەڵکانێکی زۆر

هەر لە سوودانەوە تا دەگاتە ئۆکرانیا و هەر فەلەستینەوە تا دەگاتە مینیمار، ئاوارە دەبن و ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ دەهێڵن و لە کەمپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ژیان بەسەر بەسەر دەبەن، کە ئێستا ڕێژەی ئەو خەڵکانە زیاتر لە ١٢٠ ملیۆن کەسن، بۆیە دەبێت لە ڕێگەی وەرزشەوە هیوایان بۆ بگێڕینەوە».

ئەم قسانەی گراندی ئەوەمان پیشان دەدات، کە وەرزشوانانی ئەو ٢٠٦ ناوچەیەی جیهان کە لەم ئۆلۆمپیادە بەشداری دەکەن، ناوچەیەکیان نە دەوڵەتە نە نیشتمان، بەڵکو ئەو کەمپانەی سەر بە ڕێکخراوی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و بوونەتە نیشتمانی ئاوارەکان، ئەم کەمپانەش وەك نیشتمانێکی جیاواز یاریزانەکانیان لەم ئۆلۆمپیادە بەشداری دەکەن و، بۆ خولی ئەمساڵی پاریس تیمێکی ٣٧ یاریزان وەك تیمی ئاژانسی پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بەشدار دەبن.

ئەم بەشداریپێکردنەی وەرزشوانانی ناو کەمپەکانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەوڵێکە بۆ ئەوەی وەرزش (هەموو وەرزشەکان) لەناو کەمپەکاندا بایەخیان پێ بدرێت، ئەمەش وەك میکانزمێك کە وەرزش ببێتە ئامرازێك بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری لە ژیانیاندا، لەلایەکی دیکەوە پیشاندانی خەڵکانێکە لەم جیهانەدا کە بەهۆی کێشە و شەڕی بەردەوامەوە بێجگە لە کەمپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان خاکێکیان نییە ناوی نیشتمان بێت، ئەم پەیامەش ئاراستەی سەرجەم ویژدانی مرۆڤایەتی دەکرێت کە چۆن ئاکامی شەڕ مانا بۆ چەمکێك ناهێڵێتەوە کە ناوی نیشتمانە.

دیمەنێکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمە پیشاندانی ئیرادەی ئەو خەڵکانە بوو کە بەهۆی شەڕ و کێشە و ڕووداوی نەخوازراوەوە بوونەتە قوربانی و بەشێك لە جەستەیان لە دەست داوە، بەڵام خاوەن ئیرادەن و لە ڕێگەی وەرزشەوە دووبارە ئیرادەیان بۆ دەگێڕێتەوە، بۆ ئەمەش لە ڕێڕەوی هەڵکردنی مەشخەڵی ئۆلۆمپی، دوو خاوەن پێداویستی تایبەت (مێ و نێر) بەشدار بوون و مەشخەڵەکەیان بەرزکردەوە و لە دوا وێستگەشدا پیرەمێردیکی خاوەن پێداویستیی تایبەت مەشخەڵەکەی درا دەست و دوایین

## تۆنی ئیستانجوێت

### سەرۆکی ڕێکخەری ئۆلۆمپیادی پاریس ٢٠٢٤



«ئەمە چ دیمەنێکی دەگمەن و نایابە کە هەموومان دەبینین و پێکەوە ئەم دیمەنانەمان دروست کردووە، ئای لەو ساتە دەگمەن و بە بەهایەی پێشکەشی ئێمەتان کردووە. وێڕای هەموو ئەمانە، لەگەڵ ئەوەی یارییە وەرزشییەکان لە توانایدا نییە کێشەکان چارەسەر بکەن، لەگەڵ ئەوەی ناتوانێت ڕەگەزپەرستی لە بەرچاومان ون بکات، بەڵام ئەم شەوە (ئاهەنگی کردنەوەی ئۆلۆمپیادی پاریس ٢٠٢٤) ئەوەمان بیر دەهێنێتەوە کە مرۆڤایەتی چەند جوانە، کاتێك هەموو پێکەوە بن، کاتێك دەگەڕێنەوە بۆ گوندی ئۆلۆمپی و پەیامی هیوا بۆ سەرتاسەری جیهان دەنێرن، ئەمەش بەو مانایەی بە سەرتاسەری جیهان دەڵێن کە شوێنێك هەیە کە مرۆڤ دەتوانێت بە جیاوازی ڕەگەز و کەلتوور و ئایینەوە پێکەوە بژین، بە بیرمان دێنێتەوە کە دەتوانرێت ئەمە بکرێت. لە ماوەی ئەم ١٦ ڕۆژەی داهاتووی یارییەکانی ئۆلۆمپیادا، جوانترین شێوەی مرۆڤایەتی خۆی بەرجەستە دەکات. ئەوەمان فێردەکات کە هەست و گیانی وەرزشی زمانێکی یونیڤێرساڵ دروست دەکات، کە هەموومان بەشداریمان تێدا کردووە، هەتا ١١ی ئاب ئەم زمانە یونیڤێرساڵە لەگەڵتان دەبێت».



**لە ڕێڕەوی هەڵکردنی مەشخەڵی ئۆلۆمپی، دوو خاوەن پێداویستی تایبەت (مێ و نێر) بەشدار بوون و مەشخەڵەکەیان بەرزکردەوە و لە دوا وێستگەشدا پیرەمێردیکی خاوەن پێداویستیی تایبەت مەشخەڵەکەی درا دەست و دوایین دوو مەشخەڵی پێ داگیرسێندرا بۆ ئەوەی مەشخەڵی ئۆلۆمپیاد بە باڵۆنێک هەتا ڕۆژی ١١ی ئابی داهاتوو ئاسمانی پاریس ڕووناک بکاتەوە**

دوو مەشخەڵی پێ داگیرسێندرا بۆ ئەوەی مەشخەڵی ئۆلۆمپیاد بە باڵۆنێك هەتا ڕۆژی ١١ی ئابی داهاتوو ئاسمانی پاریس ڕووناك بکاتەوە.

ئێمە وەك نەتەوەی کورد و گەلی کوردستان، لە هەموو گەل و نەتەوەیەکی دیکە زیاتر لەم پەیامە مرۆڤایەتییەی ئۆلۆمپیادی پاریس تێدەگەین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە جیا لەوەی بە درێژایی مێژوو نەتەوەی کورد و گەلی کوردستان ئاوارەی دەستی ئەو شەڕانە بوون کە بە سەرماندا سەپێنراون و بە هەزاران هاووڵاتیشمان بوونە خاوەن پێداویستیی تایبەت و بە دەست دەرهاویشتە نەرێنییەکانی شەڕ و کاولکارییەوە دەناڵێنن، لە هەمان کاتدا لە ئێستاشدا کە سەدەی بیست و یەکەمە و بە حیساب لە نیشتمانێکدا دەژین کە پێی دەگوترێت «عێراقی نوێ» زیاتر لە ٢٥٠ هەزار هاووڵاتیانی خوشك و برا ئێزدییەکان لە کەمپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە خراپترین دۆخدا ژیان بەسەر دەبەن، لە بەرانبەریشدا ئێزدییەکان بە سەدان گۆڕی بەکۆمەڵی دەستنیشانکراویان هەیە، بەڵام دەوڵەتی نوێی عێراق نە ڕێگە دەدات زەمینەیەك دروست بێت بۆ ئەوەی بارودۆخی شنگال ئاسایی ببێتەوە و ئەو خەڵکانەی ناو کەمپەکان بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، نە نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە عێراق (یۆنامی) گوشار دەکات بۆ ئەوەی بارودۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە، لەمەش خراپتر حکومەتی عێراق ڕێگرە لە هەڵدانەوە و ناسینەوەی ڕوفاتی گۆڕە بەکۆمەڵەکان، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی ئاژانسێکی نەتەوە یەکگرتووەکان هەیە بە ناوی «ئاژانسی قەرەبووکردنەوەی ڕزگاربووانی دەستی تیرۆریستانی داعش»، ئەوا ئەو ئاژانسەش لەلایەن حکومەتی عێراقەوە کارەکانی وەستێنراوە و نەتەوە یەکگرتوەکانیش لێی بێدەنگە.



**● جیاوازیی ڕەگەزی وەك فاکتەرێك بۆ شکاندنی شکۆی مرۆڤایەتی**

لە کۆی یارییەکانی ئۆڵۆمپیادی پاریس ٢٠٢٤، دە هەزار و ٥٠٠ یاریزان لە سەرانسەری جیهان بەشداری تێدا دەکەن، بۆ یەکەم جاریشە لە مێژووی خولەکانی ئۆڵۆمپیدا کە یەکسانیی ڕەگەزی بە تەواوەتی پیادە کراوە و ژمارەی یاریزانانی (مێ و نێر) هەر یەکەیان پێنج هەزار و دووسەد و پەنجا یاریزانە.

ئەم دیمەنەی کە وەك تۆماس باخ سەرۆکی لێژنەی ئۆڵۆمپی ناوی لێ ناوە «گوندی ئۆڵۆمپی»، ئەمەش بەو مانایە خولەکانی ئۆڵۆمپی، جیهان دەکاتە گوندێکی بچووك، ئەوا لەم گوندە بچووکەدا کە نوێنەری هەموو جیهانی تێدا کۆدەبێتەوە، ئەوا پێمان دەڵێت «نەهێشتنی جیاوازیی ڕەگەزی» نەك هەر مومکینە، بەڵکو مرۆڤایەتی ئەو ئیرادەیەی هەیە لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێیان بکات.

ئەم پەیامەی ئۆڵۆمپیادی پاریس بە دەنگی بەرز بە هەموو جیهانی ڕاگەیاند، بۆ نیشتمانێك کە بە دەست دیاردەی جیاوازیی ڕەگەزییەوە نەینالاندبێت، بەو ئاستە گرنگە لەم پەیامە مرۆڤایەتییە تێ نەگات، بەڵام ئەو نیشتمانەی ئێمە تێیدا دەژین و پێی دەڵێین «عێراق»، هەروەها بۆ تەواوی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی، گرنگییەکی لە ڕادە بەدەری هەیە، کە لێرەدا بە دوو نموونەی زیندوو ئاماژەیان پێ دەکەین:

یەکەم: لەو کاتەی لە گوندە بچکۆلەکەی پاریس یەکسانیی ڕەگەزی لەسەر ئاستی جیهان بە کردەیی پیادە دەکرێت، لە هەمان کاتدا لەناو پەرلەمانی عێراقدا خوێندنەوەی یەکەم بۆ «هەموار کردنەوەی یاسای باری کەسێتی» لە دەوڵەتی عێراق دەکرێت، لەم پڕۆژە یاسایەدا کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە و زۆر نزیکە پەرلەمانی عێراق پەسندی

**جیا لەوەی بە درێژایی مێژوو نەتەوەی کورد و گەلی کوردستان ئاوارەی دەستی ئەو شەڕانە بوون کە بە سەرماندا سەپێنراون و بە هەزاران هاووڵاتیشمان بوونە خاوەن پێداویستیی تایبەت و بە دەست دەرهاویشتە نەرێنییەکانی شەڕ و کاولکارییەوە دەناڵێنن**



**ڕێگە نەدرا ڕووسیا کە گەورەترین دەوڵەت بووە لە هەموو خولەکانی ئۆلۆمپیاد، بە فەرمی لەم خولەی ئۆلۆمپیادی پاریس بەشداری بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەم خولەی ئۆلۆمپیاد، ڕووسیای وەک دەوڵەتێکی دەستدرێژیکار بۆ سەر سەروەریی دەوڵەتێکی دیکە لە قەڵەم دا، کە ئەویش ئۆکرانیایە**

بکات، باس لەوە کراوە کە هاووڵاتی بۆی هەیە، هەر مەزهەبێك هەڵبژێرێت لەکاتی پێکهێنانی خێزان و جیابوونەوەی هاوژینەکاندا، ئەمەش ڕاشکاوانە بەو مانایەی ئەگەر پیاوێك ویستی ژیانی هاوسەری پێکبهێنێت لەگەڵ «کچێکی تەمەن ٩ ساڵ، یان ١٠ساڵ» ئەوا ئەو مافەیەی هەیە بە ڕێگەی «مەزهەبی جەعفەری» ئەو هاوسەرگیرییە بکات و ئەو منداڵە بکاتە هاوسەری خۆی، یان لە کاتی جیابوونەوەی خێزانەکاندا، دیسان دەتوانرێت مافی چاودێریی دایکایەتی لەو ژنانە وەربگیرێتەوە کە لە هاوسەرەکانیان جیا دەبنەوە، ئەم بارودۆخەی ئێستا بە کردەیی لەناو پەرلەمانی عێراق کاری لەسەر دەکرێت، گەڕانەوەیە بۆ زیاتر لە ١٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا بۆ سەردەمێك کە ئایین میکانیزمێك بووە بۆ دەسەڵات و خوێندنەوە و ماناکردنەوەی دەقەکانی قورئان قەدەغە کران و ناویان لێ نرا «بیدعە»، ئێستا دەسەڵاتی سیاسی و حزبە سیاسییەکانی شیعە دەیانەوێت بەسەر کۆی کۆمەڵگەی عێراقدا بیسەپێننەوە.

دووەم: لە کۆڕێکی پرۆفیسۆر فتحی مەسکینی ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی تونس بە ناونیشانی «تاکگەرایی لە ئیسلامدا»، خانمێکی پرۆفیسۆری زانکۆی تونس لە تێچێنێکدا لەسەر ناوەرۆکی ئەم کۆڕە گوتی: «لە دوای بەهاری عەرەبی و هاتنە دەسەڵاتی حزبی نەهزەی ئیسلامی لە ٢٠١١، لێژنەیەك دروست کرا بۆ نووسینەوەی دەستوور بۆ دەوڵەتی «تونسی نوێ»، ئێمە وەك کۆمەڵێك ئەکادیمیست لەگەڵ ئەو لێژنەیە کۆبووینەوە و سەرۆکی لێژنەکە پێی گوتین — دەبێت کاری سەرەکیی ئەم لێژنەیە ئەوە بێت، کە بیسەلمێنێت ئافرەتیش مرۆڤە».

ئـەم تێچێنـەی ئـەم خانمـە پرۆفیسـۆرە لەسـەر دەسـتووری دەوڵەتـی تونـس، کـە بـە حیسـاب تونس لـە بەشـی هـەرە زۆری دەوڵەتانی عـەرەبی و ئیسـلامی کراوەتـر و پێشـکەوتووترە، ئەوەمـان پـێ دەڵێـت، لـە دەسـتووری وڵاتانـی عـەرەبی و ئیسلامیدا ئافرەت وەك مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ نەکراوە، ئەمەش نەك بەو مانایە وەك مرۆڤ بە یەکسانی، بەڵکو وەك مرۆڤ، مافی بۆ دیاری نەکـراوە، هەتـا ئەگـەر ئـەو مافانـە بەرانبـەر بـە مافـی پیـاو زۆر کەمتریـش بێـت.

## ● تاقیکردنەوەی ئیرادەی مرۆڤایەتی ڕێزگرتن لە پەیامەکانی ئۆلۆمپیاد

لەگـەڵ ئامادەکارییـەکان بـۆ سـازدانی ئۆلۆمپیـادی پاریـس ٢٠٢٤، ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان داوای لـە هەمـوو لایەنەکانی شـەڕ کـرد « لەبـەر ئـەوەی شـەڕێکی زۆر لـە ئێسـتادا لـە سەرانسـەری جیهـان بەڕێـوە دەچێـت، تەنیـا وەك ڕێزگرتـن لـە پەیامەکانـی ئـەم ئۆلۆمپیادە بۆ ماوەی ١٦ ڕۆژ کە دەکاتە ماوەی بەرێوەچوونی یارییەکانـی ئۆلۆمپیـاد، هەمـوو لایەنـەکان ئاگربـەس ڕابگەیەنـن»، هەروەهـا ڕێگـە نـەدرا ڕووسـیا کـە گـەورەترین دەوڵـەت بـووە لـە هەمـوو خولەکانـی ئۆلۆمپیـاد، بـە فەرمـی لـەم خولـەی ئۆلۆمپیـادی پاریـس بەشـداری بـکات، ئەمـەش لەبەر ئەوەیە ئـەم خولـەی ئۆلۆمپیاد، ڕووسـیای وەك دەوڵەتێکی دەستدرێژیکار بۆ سەر سـەروەریی دەوڵەتێکـی دیکـە لـە قەڵـەم دا، کـە ئەویـش ئۆکرانیایـە.

لەگـەڵ ئـەوەی پـێ ناچێـت لایەنـە شـەڕخواز و دەسـتدرێژیکارەکان، ڕێـز لـەو ئیرادەیـەی مرۆڤایەتی بگرن، کە داوای ئاشتی و یەکگرتن و یەکتری قبووڵکردن و پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێـوان نەتـەوە و ئاییـنە جیاوازەکانـی لەسـەر ئـەم هەسـارەیە دەکـەن، بـەڵام بـوون و بەردەوامیـدان بـە ئیـرادەی مرۆڤایەتـی بـۆ ئاشـتی و پێکـەوە ژیـان، ئـەو ڕێگـە ڕاستەیە کـە مرۆڤایەتـی لـە هەمـوو کێشـەکانی ڕزگار دەکات و چارەسـەریان بـۆ دەدۆزێتـەوە و، دەبێتـە سـەرەتایەك بـۆ ئـەوەی ئیرادە و بەهـا بـەرز و هاوبەشـەکانی مرۆڤایەتـی نەخشـە ڕێگەیەکـی دروسـت بـۆ چارەنووسـی داهاتـووی مرۆڤایەتـی دابڕێژێتـەوە.

# تۆماس باخ

## سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپیی نێودەوڵەتی

«لـە نـاو جیهانێکـدا کـە شـەڕ و تەنگـژە لـە بەریەکـی هەڵوەشـاندووە، بـە هـۆی ئـەو یەکگرتووییـەی لەسـەر ئـەم بۆنەیـە (ئۆلۆمپیـاد) هەمانـە، ئەمشـەو هەموومانـی پێکـەوە کۆکردووەتـەوە. یاریزانانـی ٢٠٦ ناوچـە لـە لیژنـە ئۆلۆمپییـەکان و تیمـی ئۆلۆمپیـی کۆچبەرانـی سـەر بـە لیژنـەی ئۆلۆمپیـی نێودەوڵەتـی هەمـووی پێکـەوە کۆکردوونەتـەوە، سـڵاو بـۆ باشـترین یاریزانانـی جیهـان، سـڵاو بـۆ هەمـوو لیژنـە ئۆلۆمپییـەکان.



هەندێـك هـەن، دەڵێـن: ئێـوە لـە جیهانـی ئۆلۆمپـی (لیژنـە ئۆلۆمپییەکانـی جیهـان) خەونتـان هەیـە، بـەڵام لـەم خەونـەدا بـە تەنیـا نیـن. ئەمشـەو ئـەو خـەوەی ئێمـە بـەدی هـات و ڕاسـتییەکە هەمـوو بـە چـاوی خۆیـان دەیبینـن. ئۆلۆمپییـەکان لـە سەرانسـەری جیهـان ئەوەمـان پیشـان دەدەن، ئاسـتی ئـەو مەزنایەتییەمـان پیشـا دەدەن کـە مـرۆڤ لـە توانایـدا هەیـە بیـکات.

هـەر بۆیـە بانگەشـە بـۆ هەمـوان دەکـەم، لەگـەڵ ئێمـە خـەو ببینـن، وەك یاریزانـە ئۆلۆمپییەکانیـان، ئیلهام لـەو شادییە وەربگرن، کـە هیـچ شـتێك ناتوانێـت ئـەو شـادییەمان پـێ ببەخشـێت، وەرزش نەبێـت، بـا ئێمـەش بـەو گیانـە ئۆلۆمپییـە ئاهەنـگ بگێڕیـن، بـۆ ئـەوەی بـە ئاشـتی پێکـەوە بژیـن، ئەمـەش بـەو مانایـەی مرۆڤایەتـی یـەك پارچەیـە، بـە هەمـوو جیاوازییەکانمانـەوە یەکگرتوویـن، هـەر لەبـەر ئـەم هۆکارەیـە، ئەمشـەو بـە دڵێکـی پـڕ سـۆزەوە، داوا لـە هەمـوو جیهـان دەکـەم، لێگەڕێـن بـا بەشـادیی وەرزشـەوە ئاهەنـگ لەگـەڵ هەمـوو وەرزشـوانان بگێڕیـن. پێکـەوە باوەڕمـان بـە داهاتـوو هەبێـت. لێگەڕێـن بـا بـە باشـترین بەهـای مرۆڤایەتیـی هاوبەشـمان پێکـەوە ئاهەنـگ بگێڕیـن».



ئیبراهیم ئەلسمێدعی، ڕاوێژکاری محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق و سیاسەتمەدار و پارێزەرە، ڕاوێژکاری سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق مستەفا کازمی و سەلیم ئەلجبوری سەرۆکی پێشووی پەرلەمانیش بووە. ئەلسمێدعی سیاسەتمەدار و لێکۆڵەری سیاسییە، بە هۆی ڕاوبۆچوونەکانییەوە لە سەردەمی حکومەتەکەی کازمی کە پۆستی ڕاوێژکاری هەبووە، خراوەتە زیندانەوە. ناوبراو پاڵپشتیی گفتوگۆی سیاسی دەکات بۆ چارەسەری سەرجەم کێشە سیاسییەکان لەژێر سەقفی دەستوور و یاسادا. هەرچەندە سمێدعی لەگەڵ ئەزموونی ڕاپرسی بۆ چارەنووسی گەلی کوردستان نەبوو، بەڵام بە یەکێك لە بەرگریکارانی ماف و تایبەتمەندییەکانی کورد و ئەزموونی فیدراڵی و بەدەستهێنانی تەواوی مافەکانی گەلی کورد دادەنرێت لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا. گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ئەم کەسایەتییەدا سازدا.

## ئیبراهیم ئەلسمێدعی

ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ گوڵان:

# بارزانی پێگە و قورساییەکی گەورەی لە گۆڕەپانی نێوخۆیی و دەرەکیدا هەیە و سەرۆکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و خەباتی مێژوویی نەتەوەی کوردە

*** سەرۆك بارزانی لە دواسەردانیدا بۆ بەغدا، زنجیرەیەك دیداری لەگەڵ لایەنە سیاسییەكان و سەركردە عێراقییەكان ئەنجام دا. وەكو شارەزا و توێژەرێكی ناسراوی عێراقی خوێندنەوەت بۆ ئەم سەردانە و ئەو گۆڕانكارییە چاوەڕوانكراوە چییە؟**

- سەردانەكەی بەڕێز مسعود بارزانی بۆ بەغدا بە سەردانێكی گرنگ و مێژوویی دادەنرێت، بارزانی جگە لەوەی پێگە و قورساییەكی گەورەی لە گۆڕەپانی نێوخۆیی و دەرەكیدا بە هەر دوو دیوی عەرەبی و نێودەوڵەتییەوە هەیە، سەرۆكی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد و خەباتی مێژوویی نەتەوەی كوردیشە. بەڕێز مسعود بارزانی لە گرنگترین سەركردەكانی دامەزرێنەری عێراقی نوێ و پرۆسەی سیاسییەكەی بووە و ڕۆڵی لە ڕاگرتنی سەلامەتیی پرۆسە سیاسییەكە و گەیشتن بە بونیادنانی دەوڵەتێكی پتەوی دیموكراتی هەیە، لە كاتی ناكۆكییە سیاسییەكاندا پشت و پەنا بە بارزانی دەبەسترێت، هەر كاتێكیش لە پرۆسەی سیاسی و دامەزراندنی حكومەت و ناكۆكییە سیاسییەكاندا هەوڵەكان بێهودە دەبوون و كێشەكان ئاڵۆزییان تێ دەكەوت و چارەسەرەكان شكستیان دەهێنا، ئا لێرەدا ڕۆڵ و پێگەی بارزانی دەردەكەوێت، هەروەكو چۆن لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ توانی كۆنترۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی و ئاڵۆزییەكانی ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق بكات و سیستمێكی نوێی سیاسی لە عێراقدا بونیاد بنێت.

*** بەرنامەی سەردانەكەی سەرۆك بارزانی هەمە لایەن بوو. كۆبوونەوەی لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەكانی عێراقی كرد، بە شیعە و سوننەوە، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە نییەتێك هەیە بۆ ڕاستكردنەوەی كۆی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا؟**

- هەمووان لە بەغدا باوەڕی تەواویان بە كەسایەتیی ئەم سەركردە گەورەیە و هەڵوێستە جوانەكان و ڕاستگۆییەكانی هەیە، تەنانەت ئامادەیی سازشی تێدایە لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی و هەڵوێستی نیشتمانی و ڕاستكردنەوەی پرۆسەی سیاسیدا، بۆیە ڕای زۆربەی سیاسییەكانی عێراق لەسەر سەردانەكەی بارزانی بۆ بەغدا باش بوو، بەڕێز سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق، سەردانەكەی بەڕێز بارزانی بە سەردانێكی گرنگ دادەنێت، بۆ چارەسەركردنی ناكۆكییەكانی نێوان بەغدا و هەرێم و هێوركردنەوەی دۆخەكە لەگەڵ سەرجەم هێزە سیاسییە نوێ و كۆنەكان. بە خۆشحاڵییەوە سەردانەكەی بارزانی لە كاتێكدا هات كە محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیران لە هەوڵی چارەسەركردنی كێشەكان و نزیكبوونەوە و لێكتێگەیشتنی نێوان هێزە سیاسییەكان بوو، تاوەكو زەمانەتی سەقامگیری بۆ دەوڵەتی عێراق و پرۆسەی سیاسی بكات، لە ماوەكانی ڕابردووشدا نییەتێكی باشی پێشكەش كرد بۆ چارەسەركردنی سەرجەم كێشەكانی نێوان حكومەتی عێراقی فیدراڵ و حكومەتی هەرێمی كوردستان. لەمەش گرنگتر سەرۆك وەزیرانی عێراق زۆر بە جددییەتەوە كاری بۆ كەمكردنەوەی گرژییەكان و ململانێكان كردووە، كە چەند هێز و لایەنی سیاسی دژی هەرێمی كوردستان ئەنجامیان داوە. لە كاتێكدا تەنانەت هەرێم ئەو هەنگاوە بوێرانەی نەناوە بۆ كەمكردنەوەی ئەو بارگرژییانە. ئێمە ڕێز لە هەرێم و ئەزموونەكەی دەگرین و بە ئەركی سەرشانی خۆمانی دەزانین پارێزگاری لەم ئەزموونە دەستووری و شەرعییە بكەین، هەر ناكۆكی و كێشەیەكیش لە نێوان هەرێم و ناوەند هەبێت، لە ڕێگەی دەستوور و گفتوگۆ و لێكتێگەیشتنی هاوبەشەوە چارەسەر دەكرێت نەك بە بارگرژی و توندوتیژی و دەمارگیریی نەتەوەیی نێوان پێكهاتەكانی عێراق، دواجار پلان و بەرنامە وەزارییەكەی سەرۆك محەمەد شیاع سوودانی بۆ خزمەتكردنی سەرجەم هاووڵاتیانی عێراقە بە جیاوازیی ڕەگەزنامە و ئایین و بیروبۆچوون و مەزهەبەكانیانەوە، بە بێ جیاوازی بە شیعە و سوننە و كوردەوە، لەم ڕوانگەیەوە پێم وایە ئەمڕۆ هەلێكی زێڕین لە نێوان هەموو لایەنە سیاسییەكاندا هەیە، تاوەكو لە ڕێگەی گفتوگۆوە زیاتر لێك نزیك ببنەوە.

*** كۆبوونەوەی سەرۆك بارزانی لەگەڵ لایەنە سیاسییەكانی هاوپەیمانێتی ئیدارەی دەوڵەت قسە و باسێكی زۆری لەسەر كرا. وەكو ڕاوێژكاری سەرۆك وەزیرانی عێراق ئەم كۆبوونەوەیە لەگەڵ ئەو هاوپەیمانێتییەدا تاچەند بە گرنگ دەزانیت؟**

- سەردانەكەی بارزانی بۆ بەغدا و كۆبوونەوەی

**بەڕێز مسعود بارزانی لە گرنگترین سەركردەكانی دامەزرێنەری عێراقی نوێ و پرۆسەی سیاسییەكەی بووە و ڕۆڵی لە ڕاگرتنی سەلامەتیی پرۆسە سیاسییەكە و گەیشتن بە بونیادنانی دەوڵەتێكی پتەوی دیموكراتی هەیە**

**ئێمە ڕێز لە هەرێم و ئەزموونەكەی دەگرین و بە ئەركی سەرشانی خۆمانی دەزانین پارێزگاری لەم ئەزموونە دەستووری و شەرعییە بكەین**

**بەڕێز سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق، سەردانەكەی بەڕێز بارزانی بە سەردانێكی گرنگ دادەنێت، بۆ چارەسەركردنی ناكۆكییەكانی نێوان بەغدا و هەرێم و هێوركردنەوەی دۆخەكە لەگەڵ سەرجەم هێزە سیاسییە نوێكان و كۆنەكان**

**سەرۆك وەزیرانی عێراق زۆر بە جددییەتەوە كاری بۆ كەمكردنەوەی گرژییەكان و ململانێكان كردووە، كە چەند هێز و لایەنی سیاسی دژی هەرێمی كوردستان ئەنجامیان داوە**

**هەر ناکۆکی و کێشەیەک لە نێوان هەرێم و ناوەند هەبێت، لە ڕێگەی دەستوور و گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنی هاوبەشەوە چارەسەر دەکرێت نەک بە بارگرژی و توندوتیژی و دەمارگیریی نەتەوەیی نێوان پێکهاتەکانی عێراق**

**هەندێک لەم سەرکردە نوێیانە دابڕانیان لەگەڵ هەرێم و سەرکردایەتییەکەی هەبووە، بەم سەردانەش بارزانی سەلماندی کە سیاسەتکردن و سەرکردایەتیکردن تەنیا هونەری ئەگەرەکان نییە، بەڵکو هونەری بەرپرسیارێتیشە**

**هەموو حکومەتەکان بە حکومەتەکەی سوودانییشەوە فشاری سیاسیی نێوخۆ و دەرەکیی توند و سەختیان لەسەر بووە، بەڵام ئێمە دەمانەوێت جیاواز بین لەوانی دیکە و کۆنترۆڵی بارگرژی و ناکۆکییەکان بکەین**

**بەڕێز سوودانی پلان و خواستی گەورەی بۆ بونیاتنانی ژێرخانی وڵات هەیە، گەورەترین پلانی بۆ دروستکردنی ڕێگەوبان و پردەکان جێبەجێ کرد**

لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕاستکردنەوەی پرۆسەی سیاسی گرنگ بوو، لەمەش گرنگتر پەیامێک بوو بۆ هاووڵاتیانی هەرێم و عێراقی فیدراڵ، سەبارەت بە پرسیارەکەشتان بێگومان دیدارەکان و کۆبوونەوەی بارزانی لەگەڵ سەرکردە باڵاکانی دامەزرێنەری پرۆسەی سیاسی و سەرکردە نوێیەکانی ناو ئەم پرۆسەیە بایەخی تایبەتی خۆی هەیە. هەندێک لەم سەرکردە نوێیانە دابڕانیان لەگەڵ هەرێم و سەرکردایەتییەکەی هەبووە، بەم سەردانەش بارزانی سەلماندی کە سیاسەتکردن و سەرکردایەتیکردن تەنیا هونەری ئەگەرەکان نییە، بەڵکو هونەری بەرپرسیارێتیشە، لەلایەکی دیکەوە ئەم سەردانە متمانەیەکی گرنگی بەخشییە هاوپەیمانێتی ئیدارەی دەوڵەت وەکو هاوپەیمانێتییەکی فەرمی بۆ بەڕێوەبردنی حکومەتی خزمەتگوزاریی نیشتمانی و کۆتاییهاتنی پێکدادان و بارگرژی و دابڕانەکان و بەکارهێنانی زمانی هەڵچوون و بارگرژییەکان، بەو ئومێدەی هێز و توانایەکیشی دابێتە پێکهاتەی سوننە بۆ یەکلاکردنەوەی بەربژێرەکەیان بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمان.

*** بەڵام لەم کاتەدا حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی بە قۆناغێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبێت، ئەویش خراپبوونی دۆخی کارەبا و خزمەتگوزارییەکان و دەرکەوتنی خۆپیشاندانەکانە لێرە و لەوێ. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا تاچەند ئەم حکومەتە توانای هەیە بەسەر ئالنگارییەکاندا زاڵ بێت بۆ ئەوەی لایەنە سیاسییەکانی ناو هاوپەیمانێتی ئیدارەی دەوڵەتیش شانازی بەم پاڵپشتیکردن و سەرکەوتنەوە بکەن و جیاوازیش بن لەحکومەتەکانی پێشوو؟**

- ئێمە هەموو دەستکەوت و ئالنگارییەکانی حکومەتەکانی پێش خۆمان ئینکار ناکەین، حکومەتەکانی پێشوو ڕووبەڕووی تیرۆر و ناسەقامگیری بوونەوە و لە بارودۆخێکی نزیک شەڕی ناوخۆدا بوون، هەروەها سەرقاڵی شەڕی ئازادکردنی ناوچەکانی عێراق بوون لە دژی داعش، وێڕای هەموو بارودۆخە ئاڵۆزەکان توانرا هێزە ئەمنییەکانی سوپا و حەشد و پێشمەرگە لە گۆڕەپانی شەڕدا یەک بخەن. هەموو حکومەتەکان بە حکومەتەکەی سوودانییشەوە فشاری سیاسیی نێوخۆ و دەرەکیی توند و سەختیان لەسەر بووە، بەڵام ئێمە دەمانەوێت جیاواز بین لەوانی دیکە و کۆنترۆڵی بارگرژی و ناکۆکییەکان بکەین و بانگەشە بۆ گفتوگۆ و بەشداریی هەمووان لە بڕیارە نیشتمانییەکاندا بکەین و، کاریگەرییەکانی دەرەکی و دەستتێوەردان لە دژی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان نەهێڵین. من لەگەڵ زۆر لە حکومەتەکاندا کارم کردووە و بەرپرسیارێتیم هەبووە، لە هەمووی شەرەفمەندی سیاسیی زیاتر هەڵبژاردنم بوو لەلایەن بەڕێز سەرۆک وەزیرانەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ تیمە سیاسی و حوکمڕانییەکەیدا کار بکەم، لە نزیکەوە نییەت و کاری جدیی سەرۆک وەزیرانم بینی، کە چۆن بۆ خزمەتکردنی عێراقییەکان بێ جیاوازی بە شەو و ڕۆژ کاری بۆ دەکات. بەڕێز سوودانی پلان و خواستی گەورەی بۆ بونیاتنانی ژێرخانی وڵات هەیە، گەورەترین پلانی بۆ دروستکردنی ڕێگەوبان و پردەکان جێبەجێ کرد، لە سەردەمی ئەو دا گەورەترین نەخۆشخانەکان لە مێژووی عێراقدا دروست کران و زیاتر لە ٣٠٠٠ پرۆژەی ستراتیژی دەست بە جێبەجێکردنەوەی کرا، کە پێشتر لە نێوان دوو سێ حکومەتدا جێبەجێ نەکرابوون. ئەوەی ئاماژەت پێ کرد لە بواری کارەبادا تەنیا کاتی پێویستە، ئەوەتا حکومەتەکەی سوودانی سەرقاڵی جێبەجێکردنی شۆڕشێکە لە بواری چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا و زیادکردنی بەرهەم و چارەسەری بارزۆریی گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبا و بەستنەوەی تۆڕی کارەبای نیشتمانی بە وڵاتانی دراوسێوە، لە مێژووی عێراقدا ژینگەیەکی وا بۆ پەرەپێدانی وەبەرهێنان دابین نەکراوە. پرۆژەی ستراتیژیی میترۆ لە بەغدا دەست پێ دەکات و فرۆکەخانە و ڕێگەی شەمەندەفەر و گواستنەوە پێش دەخەین، دەستمان کردووە بە هەنگاونان بەرەو هاوبەشیکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستان، ئێمە و هەرێمی کوردستان وەکو نەتەوەیەکی عێراقیی بەشدار واین و چارەنووس و قەدەرمان یەکە و جیاوازیی پێکهاتە و نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی ناو عێراق سەرچاوەی هێز و دەوڵەمەندیمانە.

من باش دەزانم لە واقیعێکی پڕ لە کێشە و ناکۆکیی نێوان پێکهاتە و حزبە سیاسییەکان و میلیشیاتە چەکدارەکاندا دەژین. ناکۆکیی

نێوان کورد و کورد و سوننە و سوننە و شیعە و شیعە بوونی هەیە، ئاستەنگی گەورە لە بەردەم چارەسەری گەندەڵی و دیاردەی چەکداریدا هەیە، لەگەڵ ئەمانەشدا حکومەتەکەی سوودانی توانی پارێزگاری لە هاوسەنگی و بێلایەنی بکات و بارودۆخەکەی هێور کردەوە بە هەنگاوە زیرەك و زانستییەکانی، کاریش زۆر کراوە و پێویستیمان بە کات نییە تاوەکو دەرئەنجامەکەی ببینین. ئێمە ناکۆکی و کێشەمان لەگەڵ کورد لەسەر دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵی و دەسەڵاتەکانی هەرێم هەیە، بەڵام هەوڵەکانیشمان بەردەوامە بۆ چارەسەری سەرجەم کێشەکان، کێشەمان لەگەڵ کورد هەیە ئەوەتا بانگهێشتی بارزانی دەکەین و بە گفتوگۆ و بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی هەموو عێراقییەکان چارەسەری دەکەین، ڕانەوەستاوین و کاری باش بۆ هاوولاتیان و دەولەتی دامەزراوەیی دەکەین و وەزیفەی حکومەت وەزیفەی دەولەتە، تەنانەت دیراسەی ئەزموونی هەرێمی کوردستانیش دەکەین. ئەوەتا لە نێوان هەردوو حزبی دەسەڵاتدا بۆ ئیدارەکردنی هەرێم ناکۆکی هەیە، بەڵام حکومەتێکی هاوبەش بە شێوەی تەکنۆکرات و بێلایەن کارەکانی خۆی دەکات و ڕانەوەستاوە. ئێمە بڕوامان وایە بە نزیکبوونەوە لەگەڵ یەکتر و بە تێپەڕبوونی کات هەموو برینەکان ساڕێژ دەبن و دیمەنی بەرژەوەندیی هاوبەش و سوودی بۆ هەموو عێراقییەکان جوانتر دەردەکەوێت و خەڵکی خۆیان ڕاوبۆچوونی توندوتیژ و دژایەتی و خۆڵکردنەچاوی خەڵك ڕەت دەکەنەوە. ئەو کات هێزە سیاسییەکانیش ناچار دەبن، زیاتر سازش بۆ یەکتر بکەن، چونکە متمانە زیاتر دەبێت و خەڵکی ڕوو لەو لایەن و هێزانە دەکات کە وتە و قسەکانی بەڵێن و کردارن و لە ئەرزی واقیعدا کاری گەورە و گرنگ دەکەن، نەوەکو ئەوانەی بیروبۆچوونی توندوتیژی و ڕەتکردنەوەی بەرانبەریان هەیە. عێراق لە ٢٠ ساڵدا شەش حکومەتی بەخۆیەوە بینی، ئێستا بۆ یەکەمینجار دەرفەت و هەلی زێڕین هاتووەتە پێش بۆ ئەوەی بی بێ گرژی و شەڕ و ئاژاوە حکومەتی خزمەتگوزاری کاری خۆی بکات.

*** پێت وانییە حکومەتی عێراقی بەرانبەر دەستتێوەردانی دەرەکی بۆسەر سیادەی عێراقی کەمتەرخەمە، بەتایبەت سەبارەت بەو شەڕەی کە لە نێوان سوپای تورکیا و پەکەکەدا دەگوزەرێت؟**

- زیاتر لە ٤٠ ساڵە بارگرژی و تەواجودی پەکەکە لە قەندیل و شریتی سنووریی نێوان تورکیا و ئێران هەیە، ململانێی نێوان تورکیا و ئێران لە ناو خاکی سووریا و لە عێراقیشدا ڕەنگدانەوەی بەسەر ئەم واقیعە تاڵەوە هەیە، هەریەکە هەوڵی پاڵپشتیی چەکداری هێزەکانی تایبەت بە خۆیان داوە و هاووڵاتیانی سووریا باجێکی زۆر ناخۆش و ئازاربەخشیان داوە، ئێمەش نامانەوێت بە هەمان ئەزموونی ئەواندا تێپەڕ بین. هەمووان دەزانن پەکەکە بە سوودوەرگرتن لەم واقیع و ململانێ ئیقلیمی و نێودەوڵەتییە، وردە وردە لە کۆمەڵێك چەکداریی هەڵهاتووی قەندیلەوە بوونەتە ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی گەورە و مەترسیدار، ئەوان تەنیا هەڕەشە نین لەسەر تێکدانی پەیوەندیی نێوان تورکیا و عێراق، بەڵکو بوونەتە هەڕەشە بۆ سەر هەرێمی کوردستان و هاووڵاتیانی شنگال و مووسڵ و کەرکووك و بەغداش، دەبێ بە عەقڵانی و بێ سۆز و نەزانین کار بکەین، لە بەرژەوەندیی ئێمەی عێراق و هەرێمی کوردستاندا نییە، بچینە ڕووبەڕووبوونەوەیەك لەگەڵ دراوسێکەماندا لەبەر خاتری چاوی پەکەکە، هەروەکو چۆن لە بەرژەوەندیی ئێمەدا نییە کە سەربازەکانمان ڕەوانەی شەڕی نێوان جەندرمە و پەکەکە لە سەختترین و ئاڵۆزترین ناوچەدا بکەین. ئێمە دژی دەستتێوەردانی سوپای تورکیاین بۆ ناو سنوورەکانمان، ئامادەشین حزبی کرێکارانی وەکو پەناهەندە و ئاشتیخواز لەخۆ بگرین و بیانپارێزین، بەڵام دواجار ئەمە لە نێوان حکومەتی تورکیا و حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بە هەماهەنگی و گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن چارەسەر دەبێت. لە ئێستادا دیراسەی ڕێگەچارەکان لە نێوان بەغدا و هەولێر و ئەنقەرە دەکرێت بۆ دوورخستنەوەی ئەم مەترسییە و پاراستنی گیانی چەکدارەکانمان و ڕێزگرتن لە سیادەی سنوور و تەنانەت پاراستنی پەکەکە، ئەگەر ئارەزوویان لێبوو وەکو پەناهەندە لەخۆیان بگرین، بێ ئەوەی خاك و سنووری ئێمە بەکار بهێنێن بۆ هێرشکردنە سەر دراوسێکانمان.

**ئێمە و هەرێمی کوردستان وەکو نەتەوەیەکی عێراقیی بەشدار واین و چارەنووس و قەدەرمان یەکە و جیاوازیی پێکهاتە و نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی ناو عێراق سەرچاوەی هێز و دەوڵەمەندیمانە**

**ئاستەنگی گەورە لە بەردەم چارەسەری گەندەڵی و دیاردەی چەکداریدا هەیە، لەگەڵ ئەمانەشدا حکومەتەکەی سوودانی توانی پارێزگاری لە هاوسەنگی و بێلایەنی بکات و بارودۆخەکەی هێور کردەوە**

**پەکەکە بە سوودوەرگرتن لەم واقیع و ململانێ ئیقلیمی و نێودەوڵەتییە، وردە وردە لە کۆمەڵێک چەکداریی هەڵهاتووی قەندیلەوە بوونەتە ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی گەورە و مەترسیدار**

**ئێمە دژی دەستتێوەردانی سوپای تورکیاین بۆ ناو سنوورەکانمان، ئامادەشین حزبی کرێکارانی وەکو پەناهەندە و ئاشتیخواز لەخۆ بگرین و بیانپارێزین**



**دکتۆر هاشم ئەلکەندی**

تویژەری سیاسی و سەرۆکی کۆمەڵەی (النبأ) بۆ تویژینەوەی ستراتیژی:

# ئەگەر سەقامگیریی عێراق و خێر و خۆشیمان بۆ هەموو گەلانی عێراق بوێت، پێویستە لەگەڵ بەڕێز مسعود بارزانی مامەڵە بکەین

**دکتۆر هاشم ئەلکەندی، مامۆستا و توێژەر و لێکۆڵەرە لە بواری سیاسی و، سەرۆکی کۆمەڵەی (النبأ) بۆ توێژینەوەی ستراتیژییە و لە کەناڵە عێراقی و عەرەبییەکاندا لەسەر پرسە سیاسییە هەستیارەکان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە و بەوە ناسراوە ڕاشکاوانە ڕاوبۆچوونەکانی خۆی دەخاتە ڕوو. سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی دوای سەردانە مێژووییەکەی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا و زنجیرە کۆبوونەکانی لەگەڵ لایەنە سیاسی و عێراقییەکان، ئەم دیدارەمان لەگەڵ ئەنجام دا.**

*** سەرۆك بارزانی وەك کارەکتەرێکی سیاسی لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا ڕۆڵی گرنگ و مێژوویی خۆی هەیە. سەرۆك بارزانی لە دواسەردانیدا بۆ بەغدا زنجیرەیەك دیداری لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان و سەرکردە عێراقییەکان ئەنجام دا، ئەمە ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە واپێدەچێت لە قۆناغی داهاتوودا گۆڕانکاری بەسەر هاوکێشەی سیاسیی عێراقدا بێت، وەکو شارەزا و توێژەرێکی ناسراوی عێراقی خوێندنەوەت بۆ ئەم سەردانە و ئەو گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوە چییە؟**

- بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان. سەرەتا دەبێت ددان بەو ڕاستییەدا بنێین کە بەڕێز بارزانی وێڕای ئەوەی خاوەن کەسایەتییەکی کاریزمایی گەورەیە، لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە بە کۆڵەگەیەکی سەرەکیی ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقیش دادەنرێت، لە ناو سەرکردە عێراقییەکان و لایەنە سیاسییەکانیشدا ئەم سەرکردەیە خاوەن ڕێز و پێگەیەکی گەورەیە، بۆیە سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا دوای شەش ساڵ و لەم کات و ساتەدا و بەپێی ئەو ڕێوڕەسم و پێشوازییە گەرم و گەورەیەی کە لە جەنابی کرا، جێگەی دڵخۆشییە و ئومێدێکی زۆری لەسەر هەڵدەچنرێت. لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ بوونی ئەم هەموو کێشە و بیروبۆچوون و تێڕوانینە جیاواز و تا ڕاددەیەکیش ناکۆکانەی کە ئەمڕۆ لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا و لەگەڵ هەرێمدا هەیە، ئەم سەردانەی بەڕێز بارزانی زۆر گرنگ بوو، بەتایبەتی کە لە ناو سەرکردە سیاسییەکان و سەرکردە باڵاکانی عێراقدا بەڕێز بارزانی بە سەرۆکی قەزییەکی گەورە دادەنێن و هیچ کاتێکیش وەکو سەرۆکی حزبێك سەیریان نەکردووە، ئەوان بارزانی بە سەرکردەیەکی گەورەی باوەڕپێکراو و خاوەن قسە و بەڵێنی خۆی دادەنێن و، دەزانن کە تاچەند پابەندە بە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانییەوە، لەم ڕوانگەیەوە ڕۆڵی ئەم سەرکردە کاریزما و گەورە و باوەڕپێکراوە لە دۆزینەوەی چارەسەرەکان و بۆ لێکتێگەیشتن و جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان و سەقامگیریی پرۆسەی سیاسیی عێراق گرنگیی لە ڕاددە بەدەری هەیە.

*** ئایا مەبەستت ئەوەیە پرۆسەی سیاسیی عێراق بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە ناکۆکی و ململانێکانەوە لە نێوان هەرێم و عێراق هەیە، پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێی سەقامگیری و لە داهاتوودا هەنگاوی پراکتیکی و لۆژیکانە بۆ چارەسەری کێشەکان دەبینین؟**

- سەرەتا دەبێت هەموان ئەو ڕاستییە بزانن، هەموان لە ناکۆکی و بارگرژییەکاندا زیانمەندن و براوەی تێدا نییە، بەپێچەوانەی ڕێککەوتنەوە کە قازانجی هەموانی تێدایە، لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقیشدا بەردەوام ناکۆکییەکان لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بە زیانی هەموان تەواو بووە، بۆیە سەردانەکەی بارزانی بایەخ و گرنگیی خۆی هەبوو، چونکە پەیامێکی گرنگی بۆ لایەنە سیاسییەکانی تێدا بوو، لە کاتێکدا کە عێراق بە کۆمەڵێك تەحەددای گەورەدا تێپەڕ دەبێت، ئەمە هەر لە پرۆسەی سەربازیی تورکیا لە ناو خاکی هەرێمی کوردستان و دەستتێوەردانی لەسەر سنوورەکانی هەرێم و پێشێلکردنی سیادەی خاکی عێراق و ڕاوەستانی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان، تا وەکو هەموو کێشە و گرفتەکانی دیکەی ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق.

سەردانەکەی بارزانی وەکو سەرکردەی دۆزێکی گەورەی کورد بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی دێرینی

**سەردانەکەی بارزانی وەکو سەرکردەیەکی گەورەی کورد بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی دێرینی (عەرەبی – کوردی) گرنگە، کە لە ژیان و ئامانجی خەباتی مەلا مستەفا بارزانی ڕەنگی داوەتەوە**

**تائێستا تێگەیشتن لە فیدراڵییەت و جێبەجێکردنی ئەم چەمکە ناڕۆشنی و ناهۆشیاریی سیاسیی پێوە دیارە**

**بەڕێز بارزانی وێڕای ئەوەی خاوەن کەسایەتییەکی کاریزمایی گەورەیە، لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە بە کۆڵەگەیەکی سەرەکیی ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقیش دادەنرێت**

**لە ناو سەرکردە سیاسییەکان و سەرکردە باڵاکانی عێراقدا بەڕێز بارزانی بە سەرۆکی قەزییەکی گەورە دادەنێن و هیچ کاتێکیش وەکو سەرۆکی حزبێک سەیریان نەکردووە، ئەوان بارزانی بە سەرکردەیەکی گەورەی باوەڕپێکراو و خاوەن قسە و بەڵێنی خۆی دادەنێن**

**کۆبوونەوە و دیدارەکانی بارزانی لە ناو هاوپەیمانێتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت ئاشتبوونەوەیەکی گەورەی لەگەڵ ئەو لایەنە سیاسییانەش لێکەوتەوە کە لە ڕابردوودا بە بارگرژی و هەڵوێستی توند بەرانبەر هەرێم ناسراون**

**ئەگەر سەقامگیریی عێراق و خێر و خۆشیمان بۆ هەموو گەلانی عێراق بوێت، پێویستە لەگەڵ بەڕێز مسعود بارزانی گفتوگۆ و مامەڵە بکەین،**

عەرەبی — کوردی بایەخ و ڕۆڵی خۆی هەیە. ئەو پەیوەندییە هاوبەشەی نێوان کورد و عەرەب کە لە ژیان و ئامانجی خەباتی مەلا مستەفا بارزانیدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەو سەردەمە مەزڵوومییەتی کورد و عەرەب چارەنووسێکی هاوبەش کۆی دەکردینەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی دیکتاتۆریەتدا، هەر ئەو چارەنووس و بەرژەوەندییە هاوبەشەیە دەبێت دووبارە کۆمان بکاتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەدییەکانی لابردنی شوێنەوارەکانی دیکتاتۆریەت، هەموو ئەمانە پاڵپشتیکردنی سەرکردەیەکی گەورەی وەکو مسعود بارزانی پێویستە کە خێر و خۆشیی بۆ هەموو عێراقییەکان بەبێ جیاوازی دەوێت، لەلایەن سەرکردە سیاسییەکانیشەوە دەبێت تێگەیشتنیان بۆ واقیعی هەرێم و پێداویستییەکانی هەبێت و پاڵپشتی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقیی فیدراڵیش بکەن، هەموو ئەم ئامانج و ئومێدانە بۆ خێر و خۆشی هەموو عێراقییەکان سەرکردەیەکی گەورەی وەکو مسعود بارزانی پێویستە، بۆیە من پێم وایە لە قۆناغی داهاتوودا نزیکبوونەوە و لێکتێگەیشتنی زیاتر لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدراڵ و لایەنە سیاسییەکاندا دروست دەبێت.

*** کۆبوونەوەی سەرۆک بارزانی لەناو لایەنە سیاسییەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە و هاوپەیمانێتیی ئیدارەی دەوڵەت وێستگەیەکی گرنگی سەردانەکەی بارزانی بوو، ئایا تا چەند ئەم کۆبوونەوانە لەگەڵ ئەم دوو هاوپەیمانێتییە گرنگ بوو؟**

- من زیاتر قسە لەسەر کۆبوونەوەکەی بارزانی دەکەم لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی ناو هاوپەیمانێتی ئیدارەی دەوڵەت، ئەو هاوپەیمانێتییەی نوێنەرایەتیی زۆرینەی دانیشتووانی عێراق بە جیاوازیی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانەوە دەکات، بەتایبەتی پێکهاتەی زۆرینە و یەکەمی عێراق، ئەم لایەنە سیاسییانە پەیوەندییەکی مێژوویی و خەبات کۆیان دەکاتەوە لەگەڵ پێکهاتەی کوردی، بەتایبەتی لەگەڵ بەڕێز مسعود بارزانی، بۆیە کۆبوونەوە و دیدارەکانی بارزانی لە ناو هاوپەیمانێتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت ئاشتبوونەوەیەکی گەورەی لەگەڵ ئەو لایەنە سیاسییانەش لێکەوتەوە کە لە ڕابردوودا بە بارگرژی و هەڵوێستی توند بەرانبەر هەرێم ناسراون، چونکە لە قۆناغەکانی پێشوودا ڕەنگە بە هۆی دەستتێوەردانی دەرەکی و ململانێی سیاسییەوە، یان بە هۆی تێڕوانینی جیاواز و دژ بە یەکەوە، ناکۆکی و بارگرژی لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی ناو هاوپەیمانێتییەکەشدا هەبێت، ئەم دیدار و کۆبوونەوانەی سەرکردە باڵاکان بەراورد بە کەسایەتییەکی دیکەی ناو حزبەکان گرنگترە، وابزانم دیدارەکانیش لە ژینگەیەکی ئیجابیدا بەڕێوە چوون. ئێمەی چاودێران و لێکۆڵەرانی سیاسی بەردەوام دەڵێین، ئەگەر سەقامگیریی عێراق و خێر و خۆشیمان بۆ هەموو گەلانی عێراق بوێت، پێویستە لەگەڵ بەڕێز مسعود بارزانی گفتوگۆ و مامەڵە بکەین، دووبارە دەیڵێمەوە، بەڕێز بارزانی سەرۆکی دۆزێکی گەورەی کوردە، نەک سەرۆکی حزبێك، هەر کەسێك پێچەوانەی ئەمە بیر بکاتەوە، ئەوا لە ڕۆڵ و پێگەی هەرێمی و عێراقی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و مێژوویی ئەم سەرکردەیە تێنەگەیشتووە.

*** ئایا ئومێدێك هەیە هەموو لایەنە سیاسییەکانی ناو هاوپەیمانێتیی ئیدارەی دەوڵەت لە قۆناغی داهاتوودا کار بکەن بۆ چارەسەرکردنی زۆر لە کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵی؟**

- چارەسەرکردنی زۆر لە کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵی پەیوەندیی بە نییەت و دەمارگیرییەوە هەیە، پێویستە لای هەمووان تێگەیشتنیان لەسەر داواکاری و خواست و ویستەکانیان هەبێت، دواجاریش کێشەکانی نێوان هەرێم و عێراق کێشەیەك نییە کە نەتوانرێت چارەسەر بکرێت، ڕەنگە قورس و ئاڵۆز بێت، بەڵام چارەسەرکردنی ئاستەم و داخراو نییە. پێشتر کێشە و گرفتی زۆر لەمە ئاڵۆزتر و خراپتر هەبووە، بەڵام لە ڕێگەی دانیشتن و گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنەوە چارەسەر کراون. لێرەدا پێویستمان بە نەرمێتی، یان با بڵێین سازشکردن هەیە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ حکومەتی عێراقی فیدراڵی، یان بە پێچەوانەوە سازشکردنی حکومەتی عێراقی فیدراڵی بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە دواجار سازشکردن و نەرمی نواندن بەشێکە لە چارەسەر و سەرکەوتن بۆ هەمووان، کارکردنیش لەسەر بنەمای براوە و بەرانبەر دۆڕاوە نامانگەیەنێتە نزیکبوونەوە و لێکتێگەیشتن، بەڵکو دابڕان و پچڕان لە نێوان

لایەنە سیاسییەکان و هەردوو حکومەتدا دروست دەکات. بۆ سەقامگیری و ئاسایشی عێراق و هێوربوونەوەی بارگرژییەکانی ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق بوونی ژمارەیەك لە کەسایەتی و سەرکردە باڵاکان گرنگ و پێویستن، کە بە جددی کار بۆ بەردەوامیی سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسیی عێراق دەکەن.

*** بەڵام دوای دوو دەیە بەسەر پەسەندکردنی دەستووردا، هێشتا تێنەگەیشتن لەسەر بنەماکانی دەستوور و چەمکی فیدراڵی لە عێراقدا هەیە، ئایا ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- تائێستا تێگەیشتن لە فیدراڵییەت و جێبەجێکردنی ئەم چەمکە ناڕۆشنی و ناهۆشیاریی سیاسی پێوە دیارە، بۆیە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست لە ئەرزی واقیعدا بنەماکانی فیدراڵییەت جێبەجێ نەکراون، خۆ تەنیا زیانگەیاندن بە فیدراڵییەت بە نەزانین و کەمتر بەکارهێنانی ئەم چەمکە و تەسککردنەوەی دروست نابێت، بەڵکو زۆر جار بە زێدەڕۆیی لە جێبەجێکردنی چەمکەکەشدا ڕوو دەدات، بەوەی زۆر جار لە فیدراڵییەتەوە بەرەو کۆنفیدراڵییەت تێپەڕ بووین، دواجار فیدراڵییەت بنەما و چوارچێوەیەکی سەرەکیی دەستووری هەمیشەیی عێراقە و ناتوانێت ڕەت بکرێتەوە، هەروەکو چۆن جێبەجێکردنیشی نابێت بە پێچەوانەی دەستوور و یاسا بێت. دواجار فیدراڵییەت پاڵپشتی سەقامگیری و پاراستنی یەکپارچەیی عێراق دەکات، ئەمەش بە واتای تەنیا بەدەستهێنانی دەستکەوت و بەرژەوەندیی تایبەت و دوورکەوتنەوەش نایەت لە حکومەتی عێراقی فیدراڵەوە، هەروەکو چۆن هەندێك کەس بەم شێوە هەڵەیە لە فیدراڵییەت گەیشتوون. ئێمە لە چوارچێوەی فیدراڵییەتدا پێویستیمان بە هاریکاری و هاوکاریی نێوان هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدراڵی هەیە، هەروەکو چۆن ئەرکی سەرشانی هەمووانە پاڵپشتی فیدراڵییەت و ئەزموونی هەرێمی کوردستان بکەین، تاوەکو ببێتە بنەمایەك بۆ دەرکەوتنی هەرێمی فیدراڵییەتی دیکە لەسەر بنەمای دەستووری هەمیشەیی و بیر و باوەڕی هاوکاریکردنی یەکتر نەوەکو دابڕان.

*** یەکێك لە پرسەکانی نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراق پرسی دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستانە، دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ عێراق و هەرێمی کوردستانیش گرنگە، پرسیار ئەوەیە ئایا دۆزینەوەی میکانیزمێکی هاوبەش بۆ پرسی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆچی ئەوەندە قورسە؟**

- پشتبەستن بە تاکە سەرچاوەی نەوت خۆی لە خۆیدا کێشەیەکی گەورە و کەموکوڕییە لە بەڕێوەبردنی ئابووریی عێراقدا، تەنانەت چوونی زۆربەی داهاتی نەوت بۆ پێدانی مووچەی فەرمانبەران و قەبەیی خەرجییەکانی بەکارخستن کێشەیەکی گەورەیە و دەبێت چارەسەر بکرێت. ڕەنگە لە ئێستادا کە بەهای بەرمیلێك نەوت لە سەرووی ٨٠ دۆلارەوەیە، کەمێك قەرەبووی ئەم بودجە زەبەلاحەی بۆ کردبینەوە، بەڵام مەترسییەکەی لێ دوور نەخستووینەتەوە و چارەسەری کەموکورتییەکەی لە خراپیی پەیکەری ئابووری و بێسەروبەرەیی بەڕێوەبردنی دۆسێی نەوتی ئەم وڵاتە نەکردووە، بێگومان بەردەوامیی ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمیش زیانێکی دیکەی دارایی و ئابوورییە، پێویستە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ بۆ بەڕێوەبردنی دۆسێی نەوت بەپێی پابەندبوون بێت بە مادده و بڕگە دەستوورییەکانەوە، پێویستە دۆسێی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بە شەفافییەت و هاوکارییەکی تەواوی نێوان هەردوو لا بەڕێوە ببرێت. بە دڵنیاییەوە منیش پێم وایە ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم دوای بڕیاری دادگای پاریس زیانێکی گەورەی بە هەمووان گەیاندووە، خۆ ئەگەر ئەمڕۆ هەمووان لەسەر بڕیار و ڕاوبۆچوونی تاکلایەنەی خۆیان بمێننەوە، ئەوا زیانە گەورەکە بەردەوام دەبێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر هەمووان بەرەو هاوکاری و لێکتێگەیشتنی زیاتر بڕۆین، ئەوا چارەسەرەکان نزیك دەبنەوە و بارودۆخەکە باش و باشتر دەبێت. دەبێ پێش هەموو شتێك و لە دوای هەموو شتێکیشدا بڕوای تەواومان بەوە هەبێت کە بەرژەوەندیی هەمووان لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتووی فیدراڵی و هاوبەش و هاریکاردا بێت، کە لەسەر ئەم بنەمای هاوکاری و هاریکارییەی نێوانمان دەتوانین ڕووبەڕووی هەموو ئالنگارییە سیاسی و ئابووری و ئەمنییەکانی بەردەممان ببینەوە.

**بەڕێز بارزانی سەرۆکی دۆزێکی گەورەی کوردە، نەك سەرۆکی حزبێك، هەر کەسێك پێچەوانەی ئەمە بیر بکاتەوە، ئەوا لە ڕۆڵ و پێگەی هەرێمی و عێراقی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و مێژوویی ئەم سەرکردەیە تێنەگەیشتووە**

**کێشەکانی نێوان هەرێم و عێراق کێشەیەك نییە کە نەتوانرێت چارەسەر بکرێت، ڕەنگە قورس و ئاڵۆز بێت، بەڵام چارەسەرکردنی ئاستەم و داخراو نییە**

**دواجار فیدراڵییەت بنەما و چوارچێوەیەکی سەرەکیی دەستووری هەمیشەیی عێراقە و ناتوانێت ڕەت بکرێتەوە، هەروەکو چۆن جێبەجێکردنیشی نابێت بە پێچەوانەی دەستوور و یاسا بێت**

**ئێمە لە چوارچێوەی فیدراڵییەتدا پێویستیمان بە هاریکاری و هاوکاریی نێوان هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدراڵی هەیە، هەروەکو چۆن ئەرکی سەرشانی هەمووانە پاڵپشتی فیدراڵییەت و ئەزموونی هەرێمی کوردستان بکەین**



**دکتۆر مەحموود ئەلداغر**

شارەزا و پسپۆڕی دارایی و ئابووریی عێراقی بۆ گوڵان:

# ئاودیوکردنی دۆلار لە دەیان خاڵی نافەرمیی سنوور هۆکاری سەرەکیی ناسەقامگیریی بەهای دینار و دۆلارە

# چارەسەرە بنەڕەتی و ڕیشەییەکان بۆ کێشەکانی نێوان هەرێم و عێراق پێویستن تاوەکو هەموو ئەو کێشانە سەرهەڵنەدەنەوە

دکتۆر مەحموود ئەلداغر، شارەزا و پسپۆڕی دارایی و ئابووریی عێراقی لەم دیدارەی گۆڤاری گوڵاندا جەخت لەوە دەکاتەوە، کێشەکانی بەردەم ئابووریی عێراق گەورەن، بەڵام چارەسەرکردنی زەحمەت نییە، ئەگەر نییەتی جددی و پلانی ئابووریی باشی بۆ دابڕێژرێت. ئەم پسپۆڕەی ئابووری لە لایەنگرانی چارەسەری فرەچەشنکردنی ئابووری و دەستبەرداربوونە لە پشتبەستن بە داهاتی تاکە سەرچاوەی نەوت و، لەگەڵ ئەو بیروبۆچوونەدایە کە مادام کێشەکانی بەردەم ئابووریی عێراق کێشەی ناوخۆیین، چارەسەریشیان دەبێت ناوخۆیی بێت.

*** با سەرەتای پرسیارەکەمان لە گرێکوێرەی چارەسەرنەکردنی کێشەی ئابووریی عێراقەوە دەست پێبکەین. ئایا پێت وانییە وێڕای ئەوەی عێراق خاوەنی داهاتێکی گەورەیە لە فرۆشتنی نەوتدا، بەڵام نەیتوانیوە هەنگاو بۆ فرەچەشنکردنی ئابوورییەکەی بنێت؟**

- چارەسەرکردنی کێشەی بەردەوامی ئابووریی عێراق پێویستی بە وەرچەرخانێکی گەورە هەیە، وڵاتێکی میراتگری دوای شەڕ و گەندەڵی و بێسەروبەریی سیستمی ئابووری، چارەسەری ئابوورییەکەی هەر وا ئاسان نییە. عێراق بۆ بەدەستهێنانی داهاتی نیشتمانی تەنیا پشتی بە تاکە سەرچاوەی هەناردەکردنی نەوتەکەی بەستووە، ئەمەش بەدەستهێنانی دۆلارێکی ئاسان و بەفیڕۆدانیەتی لە کەرتە بێبەرهەمەکاندا، بەشی زۆری ئەم داهاتەش بۆ هێنانی کاڵا و کەلوپەلەکان لە دەرەوە دەڕوات و ڕژانی زیادەی سیولەی نەختینەش جگە لە هەڵاوسان و ناسەقامگیریی دیناری عێراقی هیچی دیکەی لێ نەکەوتووەتەوە. ئا لێرەوە پرسیارە گرنگەکە خۆی دەهێنێتە پێشەوە: ئایا بۆچی عێراق بەردەوامە لەسەر ئەم نەزیفە ئابوورییە، لە کاتێکدا وا پێویست دەکات، کاربەدەستانی ئەم وڵاتە هەنگاوی جددی بنێن بۆ فرەچەشنکردنی ئابووریی عێراقی و بووژاندنەوەی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و بونیادنانی ژێرخانە ئابوورییەکەی و خزمەتگوزارییەکەی؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەمانخاتە بەردەم کۆمەڵێك ڕەخنەی بونیادنەرانە و نییەتی جددی و هەنگاوی بوێرانەی کاربەدەستانی وڵات.

تا ئەو کاتەی داهاتی گشتی و هەناردەکردن پشت بە تاکە سەرچاوەی داهاتی پترۆ دۆلار بەستبێت، زەحمەتە بتوانرێت کێشەی عێراق چارەسەر ببێت. لە دوای ساڵی ٢٠٠٤ـەوە ئومێدێکی زۆرمان هەڵچنیبوو کەوا گۆڕانکاری بەسەر ئابووریی عێراقدا بێت و ئابوورییەکەی بونیاد بنێتەوە، کەچی نە کشتوکاڵ بووژایەوە و نە پیشەسازی گەشەی کرد، لە کاتێکدا هەڵسانەوەی ئەم دوو کەرتە لەگەڵ بوونی بنەماکانی گەشەکردن و پەرەپێدان کارێکی زەحمەت نەبوو. بەداخەوە بەهۆی خراپیی پلاندانان نەك هەر لە شوێنی خۆماندا ماینەوە، بەڵکو بۆ دواوەش پاشەکشەمان کرد و ئەوەی هەشمانبوو لە کشتوکاڵ و کارگە و کارخانەکانیش لە دەستمان دا، ئەمەش دوای ئەوەی وەزیفەی حکوومی بووە تاکە سەرچاوەی باروبژێویی ژیانی زۆرینەی خەڵك و حکومەتەکەمان بووە حکومەتێکی قەبە و فراوانی مووچەخۆران. چارەسەرنەکردنی

**قەبەیی پەیکەری حکومەت و زۆریی مووچەخۆران زیانی گەورەی بە بودجە و ئابووریی عێراق گەیاندووە**

**چارەسەرکردنی کێشەی بەردەوامی ئابووریی عێراق پێویستی بە وەرچەرخانێکی گەورە هەیە، وڵاتێکی میراتگری دوای شەڕ و گەندەڵی و بێسەروبەریی سیستمی ئابووری، چارەسەری ئابوورییەکەی هەر وا ئاسان نییە**

هەمـوو ئـەم كێشـە و كەموكوورپییانـەش بـۆ ناكۆكـی و ململانێـی سیاسـی و ناڵۆژیكیـی بەڕێوەبردنـی ئابووریـی عێـراق دەگەڕێتـەوە، كـە دوای تێپەڕبوونـی ئـەو هەمـوو سـاڵە نەیانتوانیـوە ئابوورییەكـی هەمەجـۆر بونیـاد بنێـن، لەكاتێكـدا سامانی مرۆیـی و ژێر زەوی و سـەر زەوی و ئـاو و خاك و هـەوای چوار وەرزەی عێـراق ژینگەیەكی لەبـاری بـۆ پەرەپێدانـی كەرتـە بەرهەمهێنانەكانـی نـاو كشـتوكاڵ و پیشەسـازی دابیـن كـردووە، ئەمـە وێـڕای بوونـی كەرتەكانـی گەشـتیاریی سرووشـتی و مێژوویـی و ئایینـی كـە فەرامـۆش كـراون. ڕەنگـە تاكە ئاسـتەنگ كـە هەبێـت ناسـەقامگیریی سیاسـی و دارایـی بێـت، كـە ڕێگـرە لـە بـەردەم كاری بزنێسـكار و وەبەرهێنـەران و ئەنجامدانـی پـڕۆژەی گـەورە و سـتراتیژیدا.

*** ئابووریـی هەرێمـی كوردسـتانیش بـە دەسـت هەمـان كێشـەی ئابووریـی عێراقـەوە گرفتـارە. ئایا دەبێـت چـی بكرێـت بـۆ ئـەوەی هەرێمـی كوردسـتان لـە كێشـەی پشـتبەسـتن بـە تاكـە سـەرچاوەی داهاتـی نـەوت دەربـازی ببێـت؟**

- بەداخەوە زۆرم حەز دەكرد و ئومێدیشم زۆر بوو دۆخی ئابووریی هەرێمی كوردستان جیاواز بێت لە ئابووریـی عێـراق، هەرێمـی كوردسـتانیش لـە ڕووی ئابوورییـەوە بەدەسـت هەمـان كێشـەی ئابووریـی عێراقـەوە گرفتـارە، بـەوەی زیـاد لـە پێویسـت پشـتی بـە داهاتـی فرۆشـتنی نەوتەكـەی بەسـتووە، بگـرە دۆخەكـە لـە هەرێـم ئاڵۆزتـر بـوو، كاتێـك دادگای فیدراڵـی و دادگای پاریـس بڕیـاری قورسـی لـە بـەردەم فرۆشـتنی نەوتـی هەرێمـی كوردسـتاندا دانـا. بۆیـە هەرێـم تـا چارەسـەری كێشـەی نـەوت و غـازی لەگـەڵ حكومەتـی عێراقـی فیـدراڵ نـەكات و بابەتـی مووچـەی فەرمانبەرانـی هەرێـم ڕاسـتەڕێ نەبێتـەوە، كێشـە داراییەكانـی هـەر بـەردەوام دەبێـت. ڕاسـتە لێـرە و لـەوێ لـە هەندێـك بـواردا هەنـگاو بـەرەو فرەچەشـنكردنی ئابـووری لـە كشـتوكاڵ و پیشەسـازی و گەشـتیاریدا نـراوە، بـەڵام تـا ئێسـتا هەنـگاوەكان لـە ئاسـت ویسـتی ئێمـەی ئابووریناسـاندا نییـە، بـە بەڵگـەی ئـەوەی ئـەم هەوڵانـەی هەرێـم ڕەنگـی نەداوەتـەوە لەسـەر واقیعـی داهـات و خەرجییەكانـی. مـن ئومێـدم زۆر بـوو كشـتوكاڵی هەرێمـی كوردسـتان ببووژێتـەوە و ببێتـە هەرێمێكـی كشـتوكاڵی و پیشەسـازی، لەبـری ئـەوەی ئابوورییەكـی تاكـە سـەرچاوەی نەوتـی هەبێـت. سـەرچاوەیەك كـە نـەك تەنیـا لـە بـەردەم ڕەحمەتـی هەڵبەزودابـەزی نرخـە جیهانییەكاندایـە، بەڵكـو لەنـاو ململانێـی نێـوان هەرێـم و ناوەندیشـدایە.

*** لـە چەندیـن بۆنـەدا ئامـاژەت بـە قەبەیـی پەیكـەری كەرتـی گشـتی و وەزیفـەی حكوومـی كـردووە. ئایـا زۆریـی ژمـارەی فەرمانبـەران لـە كەرتـی گشـتیدا چ زیانێكـی بـە دۆخـی دارایـی و ئابووریـی عێـراق گەیانـدووە؟**

- بێگومـان بەشـێكی زۆری كێشـەكانی بـەردەم پەرەپێدانـی ئابووریـی عێـراق بـۆ ئـەو گەندەڵییـە گەورەیـە دەگەڕێتـەوە كـە سـاڵانێكی زۆرە وڵاتەكـە گیـرۆدەی بـووە، ئەویـش لـە چوارچێوەی ئەو بەخشینە وەزیفـی و دامەزرانـدن و كێبڕكـێ حزبییـەوە دێـت، كـە چەندیـن سـاڵە وڵات پێـوەی گرفتـار بـووە، كـە كەرتـی حكوومیـی قەبـە كـردووە، بـە ڕادەیـەك لـە عێراقـدا نـۆ ملیـۆن و پێنـج سـەد هـەزار كـەس مووچەخـۆری مەدەنـی و خانەنشـین و چاودێریـی كۆمەڵایەتـی هـەن، ئەمـە كێشـەیەكی گەورەیـە و پێویسـتە بەزووتریـن كات چارەسـەر بكرێـت، چونكـە پـارە و داهاتێكـی زۆر بـۆ مووچـە دەڕوات، كـە دواجـار كاریگەریـی لەسـەر كەرتـی بەرهەمهێنـان و خزمەتگوزارییـش بـووە و نـرخ هەڵاوسانیشـی لـە نـاو بـازاڕدا لـێ كەوتووەتـەوە. كۆمەڵگەیەكـی وای دروسـت كـردووە كـە دەسـتبەرداری كاركـردن بـوون لـە كەرتـی تایبەتـدا و زیانـی گەورەشـی بـە بودجـەی وڵات گەیانـدووە.

*** بودجـە وەكـو نەخشـەڕێگەی پەرەپێدانـی ئابـووری و ڕێكخسـتنی داهـات و خەرجییـەكان و سیاسـەتی حوكمڕانیـی بـاش و ئـەم حاڵەتـەی زۆری مووچەخـۆران، چ زیانێكـی بـە بودجـە گەیانـدووە؟**

- ڕەنگـە لێـرەدا بـوار نەبێـت بچینـە نـاو هەمـوو وردەكارییەكانـی كەموكوورپییەكانـی بودجـەوە، كـە بەپێـی بۆچوونـی دۆسـت و دوژمـن یاسـاكە بـێ كەموكورتـی نییـە و كورتهێنانـی گـەورەی تێدایـە و وەبەرهێنانـی كەمتـرە لـە بەكارخسـتن و دەیـان كەموكورتـی دیكـەی تێدایـە، بەشـێكی ئـەم كورتهێنـان و كەموكورتییانـەش بـۆ تەرخانكردنـی پارەیەكـی زۆر بۆبابەتـی مووچـە لـە نـاو بودجەكـەدا دەگەڕێتـەوە، خـۆ ئەگـەر كێشـەی زۆریـی خەرجییەكانـی بەكارخسـتن چارەسـەر بكرێـت، ئـەوا گومانـی تێـدا نییـە زۆر لـە كێشـەكانی دیكـەی بـەردەم بودجەكـە و ئابووریـی عێـراق چارەسـەر دەبێـت.

**تا ئەو كاتەی داهاتی گشتی و هەناردەكردن پشت بە تاكە سەرچاوەی داهاتی پترۆ دۆلار ببەستێت، زەحمەتە بتوانرێت كێشەی عێراق چارەسەر ببێت**

**بەهۆی خراپیی پلاندانان نەك هەر لە شوێنی خۆماندا ماینەوە، بەڵكو بۆ دواوەش پاشەكشەمان كرد و ئەوەی هەشمانبوو لە كشتوكاڵ و كارگە و كارخانەكانیش لە دەستمان دا**

**هەرێمی كوردستانیش لە ڕووی ئابوورییەوە بەدەست هەمان كێشەی ئابووریی عێراقەوە گرفتارە، بەوەی زیاد لە پێویست پشتی بە داهاتی فرۆشتنی نەوتەكەی بەستووە**

**هەرێم تا چارەسەری كێشەی نەوت و غاز لەگەڵ حكومەتی عێراقی فیدراڵ نەكات و بابەتی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم ڕاستەڕێ نەبێتەوە، كێشە داراییەكانی هەر بەردەوام دەبێت**

*** زۆر لە چاودێران پێیان وایە کێشەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و ئیسرائیل و غەزە و ئەگەری فراوانبوونی شەڕەکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شوێنەواری خراپی بەسەر ئابووریی عێراقەوە جێ هێشتووە، لە بەرانبەریشدا ژمارەیەك لە پسپۆڕان ڕایان وایە کێشەکانی ئابووریی عێراق ناوخۆیین و دەبێت لە ناوخۆشدا چارەسەر بکرێن، هەڵسەنگاندنت بۆ ئەم دوو بیر و بۆچوونە چییە؟**

- من لەگەڵ لایەنگرانی ئەوەدام کەوا کێشەکانی بەردەم ئابووریی عێراق کێشەی ناوخۆیین بە دەرەجەی یەکەم، لە ساڵی ٢٠١٤ـەوە ئەم کێشانە بێ چارەسەر ماونەتەوە و تادێت ئاڵۆزتر و مەترسیدارتر دەبن. عێراق دەوڵەتی ڕووبەڕووبوونەوە نییە لەگەڵ هیچ وڵاتێکی ناوچەکە، ناکرێت هۆکاری شکستەکانمان بۆ کێشە و فاکتەرە دەرەکییەکان بگوازینەوە. ئێمە نەك هەوڵمان نەداوە ئابووریی عێراق بەرەو فرەچەشنکردنی ئابووری و دەستبەرداری ئابوورییەکی ڕەیعیی تاکە سەرچاوەی داهاتی نەوت ئاراستە بکەین، بەڵکو ئەوەی هەشبوو لە ناومان بردووە. ئێ خۆ ئیمارات و سعودییە و عومانیش وڵاتی نەوتین، بەڵام کەرتە نانەوتییەکانیان ڕێژەی ٢٥٪ی داهاتی ناوخۆی وڵات پێك دەهێنن، بەداخەوە ئێمە وڵاتێکین بەردەوام پاساو بۆ شکستەکانمان دەهێنینەوە لەبری ئەوەی بە پلانی کورتخایەن و مامناوەند و درێژخایەن چارەسەری بکەین.

*** کێشە دارایی و نەوتییەکانی نێوان هەردوو حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕوو لە چارەسەرکردن دەکات. بە ڕا و بۆچوونتان ئایا تا چەند چارەسەرکردنی ئەم کێشانە و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و ناوەند لە قازانجی چارەسەرەکان و بووژانەوەی ئابووریی عێراق و خەڵکیدایە؟**

- چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشانەی زیانی گەورەمان پێ دەگەیەنێت، ڕۆڵی دەبێت لە باشبوونی ئابووری و باروبژێوی خەڵکدا، یەکێك لەو کێشانەی کە ئێستا زیانی بە ئابووریی عێراق و هەرێمی کوردستانیش گەیاندووە، ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵە لەسەر نەوت و گاز، بە دەرچوونی بڕیارێکی هاوبەش و لێکتێگەیشتنی نێوان هەرێم و ناوەند لەسەر پڕۆژە یاسای نەوت و غاز، کێشەکانی بەردەم ئەم دۆسیێیە کۆتایی دێت. لە ئێستادا وا کێشەی مووچەخۆرانی هەرێم ڕوو لە چارەسەرکردن دەکات و بابەتی تەسلیمکردنی باجی گومرگی خاڵە سنوورییەکان و داهاتی ناوخۆ لێکتێگەیشتنی باشی لەسەر کراوە. هەرچەندە من پێم وایە وردەکاریی تەکنیکی و هونەریی زۆر ماوە کە هێشتا یەکلا نەکراونەتەوە، ئومێدەوارم لیژنە تەکنیکی و پەیوەندیدارەکان بەدوای چارەسەری بنەڕەتی و ڕیشەییدا بگەڕێن، تاوەکو جارێکی دیکە هەموو ئەم کێشانە سەرهەڵنەدەنەوە.

*** ناسەقامگیریی بەهای دیناری عێراقی بەرانبەر دراوە بیانییەکانی دیکە بەتایبەتی دۆلاری ئەمریکی، جارێکی دیکە سەری هەڵدایەوە. ئایا ئەم بابەتە ئەوەندە قورسە کە بانکی ناوەندیی عێراقی و گەنجینەی ئەمریکا و وەزارەتی دارایی نەتوانن چارەسەری بکەن؟**

- ناسەقامگیریی بەهای دیناری عێراقی بەرانبەر دۆلاری ئەمریکی بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە، گرنگترینیان دوو هۆکاری سەرەکییە:

یەکەم: بوونی دەروازە و خاڵی نایاسایی و نافەرمیی سنوور کە وای کردووە بە درێژایی سنوورەکانی نێوان عێراق و ئێران بە دەیان خاڵ و دەروازەی نافەرمی و نایاسایی هەبێت و کاری ناشەرعیی ئاودیوکردنی دۆلاری تێدا ئەنجام بدرێت. ئەگەر حکومەتی عێراق نەتوانێت هەموو ئەو دەروازە نافەرمییانە کۆنترۆڵ بکات، ئیتر چۆن دەتوانێت کۆنترۆڵی ئاودیونەکردنی دۆلار و بەهاکەی بکات.

دووەم: تا کار و کردەوە گومرکییەکانمان بەم شێوە پەرش و بڵاو و نازانستی و ناواقیعی بێت و هاوردەمان لە هەناردە زیاتر بێت، هەرگیز ناتوانرێت کۆنترۆڵی بەهای دیناری عێراقی بەرانبەر دۆلاری ئەمریکی بکرێت، ئەم خاڵەش دووبارە جەختی لەسەر دەکەمەوە کە ئابووریی عێراق کەموکووڕی لە پەیکەر و ڕێکخستن و ستراتیژییەتیدا هەیە، ئابوورییەکی ڕەیعیی نەوتییە و کەرتی بەرهەمهێنانی لە بوارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری پشتگوێ خستووە بە ئیمتیاز.

**لە عێراقدا نۆ ملیۆن و پێنج سەد هەزار کەس مووچەخۆری مەدەنی و خانەنشین و چاودێریی کۆمەڵایەتی هەن، ئەمە کێشەیەکی گەورەیە و پێویستە بەزووترین کات چارەسەر بکرێت**

**ئەگەر کێشەی زۆریی خەرجییەکانی بەکارخستن چارەسەر بکرێت، ئەوا گومانی تێدا نییە زۆر لە کێشەکانی دیکەی بەردەم بودجەکە و ئابووریی عێراق چارەسەر دەبێت**

**عێراق دەوڵەتی ڕووبەڕووبوونەوە نییە لەگەڵ هیچ وڵاتێکی ناوچەکە، ناکرێت هۆکاری شکستەکانمان بۆ کێشە و فاکتەرە دەرەکییەکان بگوازینەوە**

**بە دەرچوونی بڕیارێکی هاوبەش و لێکتێگەیشتنی نێوان هەرێم و ناوەند لەسەر پڕۆژە یاسای نەوت و غاز، کێشەکانی بەردەم ئەم دۆسیێیە کۆتایی دێت**

شاون شافێر، پڕۆفیسۆری بەشی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنە لە زانکۆی دەنڤەر لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پسپۆڕ و شارەزا و وانەبێژی چەند بوارێکی دیاریکراوە، وەك یاسای ڕاگەیاندن، ئەخلاقیاتی ڕاگەیاندن، ڕۆژنامەگەریی ئازاد، ژیریی دەستکرد لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ ئەنجام دا کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە کاریگەریی تەکنەلۆژیای زیرەکیی دەستکرد لەسەر کاری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن و لێکەوتە و دەرکەوتەکان لەسەر ئەم پیشەیە، و دروستکردنی گومان لەسەر کاری ڕۆژنامەگەری لە نێو خودی وڵاتە دیموکراسییەکانیشدا و پرسی ئەوەی تا چەند ئەمە بەشێکە لە هەوڵ و هەڵمەتەکان بۆ پاشەکشەپێکردنی دیموکراسی و، ئایا ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنی تەقلیدی وەك کارێکی پێویست و بەهادار و بایەخدار دەمێننەوە.



### پڕۆفیسۆر شاون شافێر بۆ گوڵان:

# دیموکراسی قەوارەیەکی خۆنوێکەرەوە نییە و پێویستە بەردەوام برەوی پێ بدرێت

## دیمانەی تایبەت



*** زۆر باسی ژیریی دەستکرد و لێکەوتە و دەرهاویشتەکانی دەکرێت، کە ئاشکرایە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانییش بەدەر نین لە کاریگەریی بەرەوپێشچوونەکانی پەیوەست بە تەکنەلۆژیای زانیارییەوە، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن و ئایا پێتان وایە پێویست بەوە دەکات کە چوارچێوەیەکی یاسایی دابڕێژرێت بۆ ڕێکخستنی ئەم تەکنەلۆژیایە بۆ ئەوەی دەرئەنجامی خراپ و نەرێنیی نەبێت لەسەر ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری؟**

- لە ڕاستیدا باس لەوە دەکرێت کە پێویستە هەوڵ بدرێت کە بەرەوپێشچوونی ژیریی دەستکرد ڕێك بخرێت، بەڵام من پێم وانییە ئەمە کارێکی کردەنی بێت، واتە دەکرێت لەم ڕووەوە هەوڵ و کۆشش بخەیتەگەڕ و کار بکەیت لەسەر ئەوەی خەڵکی ڕابگرێت لە بەرەوپێشبردنی، ئەوەتا ئێمە لە نێو کەشی زانکۆدا ئەوە بەدی دەکەین کە هەندێ لە زانکۆکان ڕێی پێدەدەن و هەندێکیش ڕێگری لە بەکارهێنانی دەکەن و، جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی بەدوور لە بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد کارەکان ئەنجام بدرێت، بەڵام بۆچونی من ئەوەیە کە کارێکی ژیرانە نییە هەوڵی ڕێگریکردنی بدرێت، چونکە ئەگەر تۆ لە جیهان بڕوانیت، ئەوا دەبینیت وڵاتانی دیکەش بەکاری دەهێنن، کەواتە پێویستە پرسیارەکە ئەوەنەبێت کە بەکار بهێنرێت یان نا، بەڵکو ئەوەیە کە بەکاربهێنرێت، بەڵام بە چ شێوە و شێوازێك و چۆن سەرکەوتووانە ئەم کارە ئەنجام بدرێت، چونکە لە کۆتاییدا ئەمە(ژیری دەستکرد) ئامرازێکە و لەلایەن مرۆڤەکانەوە دروست کراوە و بەدی هێنراوە بۆ ئەوەی چەند کار و ئەرکێکی پێ ئەدا بکەن، ڕەنگە ژیریی

**باس لەوە دەکرێت کە پێویستە هەوڵ بدرێت کە بەرەوپێشچوونی زیرەکیی دەستکرد ڕێک بخرێت، بەڵام من پێم وانییە ئەمە کارێکی کردەنی بێت**

**ڕەنگە زیرەکیی دەستکرد بتوانێت هەندێ کاری ڕۆتینیمان بۆ ئەنجام بدات، بەڵام ئێمە دەزانین کە هێشتا زۆر دوورە لەوەی چەند کار و ئەرکێکی دیاریکراو ئەدا بکات، وەک هەبوونی هاوسۆزی و قسەکردن**

**لە هەر شوێنێک کۆمەڵگە پەرتەوازە و پارچە پارچە بێت، ئەوا حوکمڕانەکان بە ئاسانی دەتوانن جڵەو و کۆنترۆڵی بکەن**

**حوکمڕانەکان شێو و شێوازی جۆراوجۆر تاقی دەکەنەوە و دەیگرنەبەر بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگەکانیان، لە نێویاندا هێرشکردنەسەر دامەزراوەکان**

دەستکرد بتوانێت هەندێ کاری ڕۆتینیمان بۆ ئەنجام بدات، بەڵام ئێمە دەزانین کە هێشتا زۆر دوورە لەوەی چەند کار و ئەرکێکی دیاریکراو ئەدا بکات، وەك هەبوونی هاوسۆزی و قسەکردن، کە پێم وایە لەم ڕووەوە ڕۆژنامەنووسان دەتوانن کار و ئەرکێکی بەرچاو ئەنجام بدەن، مەبەستم ئەوەیە هێشتا ڕێگە تەقلیدییەکە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە گرنگیی خۆیان ماوە و لە دەستیان نەداوە.

*** ڕاستە کە باس لەوە دەکرێت ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیاندنکاران لە وڵاتە دیکتاتۆرییەکاندا ڕووبەڕووی تەنگپێهەڵچنین و سنووردارکردنی ئازادییەکان دەبنەوە، بەڵام ئەوەی لە ساڵانی ڕابردوودا بەدیمان کرد ئەوەیە کە لە وڵاتە دیموکراسییەکانیشدا (بە تایبەتی لە نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا) ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن بە ناو و ناتۆرەی خراپ ناوزەد دەکرێن، ئەوە بوو بینیمان سەرۆکی پێشووی ئەمریکا (دۆناڵد ترەمپ) کە لە ئێستاشدا هەوڵی گرتنەوەدەستی دەسەڵات دەدات، ڕۆژنامەنووسانی بە دوژمنی گەل وەسف دەکرد، ئێوە چۆن لەم بارودۆخە دەڕوانن**

- لە ڕاستیدا یەکێك لە کێشە و ئالنگارییەکان ئەوەیە کە دیموکراسی قەوارەیەکی خۆنوێکەرەوە نییە، بە شێوەیەك کە دەبێت هەر نەوەیەك کە دێت وەبەرهێنان بکات لە دیموکراسیدا، واتە هەوڵ و کۆششەکانی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی دیموکراسی بە بارێکی سەرکەوتوودا بەرێت، بەڵام ئەوەی دەبینین ئەوەیە کەسانێك کە هیچ هەوڵێکیان بەم ئاراستەیەدا نەخستووەتەگەڕ و کاریان لەسەر برەودان و بەرەوپێشبردنی دیموکراسی نەکردووە، دێن و گومان لەسەر سەرجەم دامەزراوەکان دروست دەکەن، لە نێویاندا ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری، لە دەرئەنجامدا دۆخێك دروست دەبێت کە ڕۆژنامەنووسان هەرچەندە کاری باش بکەن و بە شێوەیەکی پیشەییانە ئەرکی خۆیان ئەدا بکەن، ئەوا هەر ڕووبەڕووی فشار و لەکەدارکردن دەبنەوە.

*** با پرسیارەکە بە شێوەیەکی بەرفراوانتر بکەین، ئەگەر ئێوە پێتان وابێت دۆخەکە بەم شێوەیەیە کە گومان و دوودڵی لەسەر تێکڕای دامەزراوەکان دروست بووە، ئایا ئەمە چ هەلومەرجێك لە نێو کۆمەڵگەدا دروست دەکات، ئایا چ کاریگەرییەکی خراپ لەسەر بونیاد و پایەکانی کۆمەڵگە دەهێنێتە ئاراوە؟**

- من پێم وایە ئەم دەرئەنجامێکە کە کاریگەریی لەسەر ژیانی مەدەنی دەبێت، مەبەستم کارلێك و مامەڵەی ئەندامانی کۆمەڵگەیە لەگەڵ یەکدا و تاوتوێکردنیان بۆ ئەوەی چی بە ئامانج و بە بەرژەوەندی هاوبەشی خۆیان دەزانن، کە ئەگەر وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە، ئەوا لەم ڕووەوە من دەڵێم ئەمانە بەرەو لێکترازان چوون، ئەمەش سیاسەت و ستراتیژیەتێکە کە بەدی دەکرێت لە جیهاندا، چونکە لە هەر شوێنێك کۆمەڵگە پەرتەوازە و پارچە پارچە بێت، ئەوا حوکمڕانەکان بە ئاسانی دەتوانن جڵەو و کۆنترۆڵی بکەن، و ئەگەر ئەمەش گرێ بدەینەوە بە پرسیارەکەی پێشووتانەوە، ئەوا لەم ڕوانگەیەوە تێدەگەین کە بۆچی تەنانەت کەسانی دەستڕۆیشتو و دەسەڵاتدار لە نێو وڵاتە دیموکراسییەکانیشدا هەوڵی ئەوە دەدەن کە کۆمەڵگە بەرەو لێکترازان و پەرتەوازەیی ببەن، کەواتە ئەگەر لە مێژوو بڕوانین ئەوا دووبارەبوونەوەی ئەم بازنەیە دەبنین، واتە ئەم هەڵکشان و داکشانە دەبنینن و ئەوە بەدی دەکەین کە حوکمڕانەکان شێو و شێوازی جۆراوجۆر تاقی دەکەنەوە و دەیگرنەبەر بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگەکانیان، لە نێویاندا هێرشکردنەسەر دامەزراوەکان، کە ئەگەر بۆ ماوەیەکی دور و درێژیش ئەم هێرشکردنە بەردەوام بێت، ئەوا کاریگەریی خۆی دەبێت، ئەوان کاتێك هاوڕا نابن لەگەڵ کاری ڕۆژنامەنووساندا بە کار و هەواڵی ساختە وەسفی دەکەن، و ئەو کەسانەش بەدواداچوون بۆ کاری کاربەدەستان دەکەن بە دوژمنی گەل و نەتەوە ناوزەد دەکرێن، کە ئەم جۆرە هێرشانەش دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی دەبێت لای هەندێ کەس، کەواتە لە ئێستادا دۆخێکی دژوار دروست بووە بۆ کاری ڕۆژنامەوانی.

*** با پرسیارێکی دیکەی پەیوەست بە دروستکردنی گومان لەسەر کاری ڕۆژنامەنووسان و هەوڵدان بۆ لاوازکردنی دیموکراسی بکەین، کە ئێوە لە وەڵامەکەتاندا ئاماژەتان بەوە کرد کە ئەمە بەشێکە لە هەڵمەتێکی بەرفراوانتر بۆ**

**لاوازکردنی دامەزراوەکان، کەواتە ئایا هەوڵی لەکەدارکردنی ڕۆژنامەنووسان بەشێکی دانەبڕاوە لەو حاڵەتەی هەندێ پێی دەڵێن داکشان، یان پاشەکشەی دیموکراسی؟**

- بەڵێ، من تەواو هاوڕام لەگەڵ ئەمەدا، هەروەها پێم وایە ئەمە چوارچێوەیەکی باشە (داکشانی دیموکراسی) بۆ لێکدانەوەی ئەم پەرەسەندنە، چونکە کاتێك دەست دەکەین بە ستایشکردنی دەسەڵات و حکومەتە تاکڕەو و خۆسەپێنەکان، ئەوا دەست دەکەین بە گرتنەبەری شێواز و ڕێگەکانی ئەوان، لە ئێستاشدا من ئەمە بەدی دەکەم.

*** بەڵام ئایا دەکرێت ئەم ڕەوت و پەرەسەندنە**



**نەرێنییە، کە مەبەستمان لاوازبوون و پاشەکشەی دیموکراسییە، پێچەوانە بکرێتەوە یان ڕابگیرێت، یان ئەوەتا دۆخەکە بە چەشنێکە ناتوانرێت بەری پێ بگیرێت؟**

- نەخێر، من پێم وایە دەکرێت کار لەسەر ڕاوەستاندن و پێچەوانەی ئەو ڕەوتە بکرێت، ناکرێت بڵێین هەرچۆنێك بێت دۆخەکە بەرەو ئاقارێك دەڕوات کە نەتوانین هیچی لەگەڵدا بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی کە ڕوودەدات لەم ڕووەوە مایەی نیگەرانییە بۆ من، وام لێ دەکات هەست بکەم کە پێویستە درێژە بە کار و هەوڵەکانم بدەم بۆ بەرەودان بە کاری ڕۆژنامەگەری و نرخاندنی هەواڵ، و کارکردن بۆ دروستکردنی نەوەیەك لە ڕۆژنامەنووسان، کە ئەمە شتێکە من هەمیشە لێی دەڕوانم بۆ ئەوەی ئەنجامی بدەم.

*** کەواتە لە کۆتاییدا دەکرێت بڵێین سەرەڕای ئەوەی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن ڕووبەڕووی بەربەست وئالنگاریی گەورەش بوونەتەوە، بەڵام هێشتا بەهای خۆیان لەدەست نەداوە و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاش هەرچەندە بەرەوپێش بچێت، بەڵام ناتوانێت کارێك بکات کە پێویستمان بە ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنی تەقلیدی نەبێت؟**

- ئەمە تەواو ڕاستە، کاری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن بە گرنگی و بایەخداری دەمێننەوە، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی هاووڵاتییان بەرچاوڕوون بن بۆ ئەوەی بتوانن بڕیاری خۆیان بدەن، واتە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەك دروست نەبێت کە زانیارییەکی ئەوتۆیان لا نەبێت و حوکمڕانەکان هەرچییەکیان پێ بڵێین ئەوان باوەڕی پێ بکەن و بە ڕاست وەری بگرن، کەواتە بەڵێ کارەکەیان بەهادار و بایەخدارە و لە ڕاستیدا ناکرێت دیموکراسیەتێکی کارات هەبێت ئەگەر ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنێکی کارات نەبێت، واتە شێوازە نوێیەکان ناتوانن جێی ڕۆژنامەگەریی تەقلیدی بگرنەوە، چونکە ڕاستە دەتکەنە بەکاربەری بابەتە ڕاگەیاندنکارییەکان، بەڵام ناتوانن بە چەشنی ڕاگەیاندنی تەقلیدی ئەو هەواڵ و زانیارییانەت پێ بدەن کە پێویستت پێیانە.

**ئەوان کاتێک هاوڕا نابن لەگەڵ کاری ڕۆژنامەنووساندا بە کار و هەواڵی ساختە وەسفی دەکەن، و ئەو کەسانەش بەدواداچوون بۆ کاری کاربەدەستان دەکەن بە دوژمنی گەل و نەتەوە ناوزەد دەکرێن**

**ناکرێت دیموکراسییەتێکی کارات هەبێت ئەگەر ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنێکی کارات نەبێت**

هووشەنگ ئەمیرئەحمەدی، پرۆفیسۆرە لە سکوڵی ئیدوارد بلاوستین بۆ پلاندانان و سیاسەتی گشتی لە زانکۆی ڕوتگێرز، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك دارشتن و گەڵاڵەکردنی سیاسەتی گشتی و پەرەپێدانی ئابووریی نێودەوڵەتی. هەروەها بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە هەمان زانکۆ، دامەزرێنەر و سەرۆکی ئەنجومەنی ئەمریکی-ئێرانییە، کە ئەنجومەنێکە بایەخ بە پەرەپێدانی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن دەدات لە نێوان هەر دوو گەلی ئەمریکی و ئێرانیدا. هەروەها دامەزرێنەری سەنتەری شیکاری و توێژینەوەی ئێرانی بووە و بۆ چەندین ساڵ بەڕێوەبەری ئەو سەنتەرە بووە. پرۆفیسۆر ئەمیرئەحمەدی کاندیدی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئێران بووە لە ساڵی ٢٠٠٥دا، بەڵام کاندیدبوونی لەلایەن «شورای نگهبان»ـەوە ڕەت کرایەوە.

بۆ تاوتوێکردنی چەند پرس و تەوەری گرنگی وەك پەیوەندییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و عێراق و کاریگەری و دەسترۆیشتوویی ئێران لە ناوچەکە بەگشتی و لەعێراق بەتایبەتی، هەروەها پرسی ئاشتەوایی و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان چەند وڵاتی ڕکابەر و دژ بە یەکی وەك عەرەبستانی سعودیە و کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئایندەی ئەم پەیوەندییانە و ئەگەری بەردەوامبوونیان، یان شکستهێنانیان و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ ئەنجام دا.

## پرۆفیسۆر هووشەنگ ئەمیرئەحمەدی بۆ گوڵان:

# پێویستە حکومەتی عێراق کار بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ کوردستان و دەوڵەتە دراوسێکانی

دیمانەی تایبەت



* زۆر باس لەوە دەکرێت کە نەك هەر تەنیا پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و کۆماری ئیسلامیی ئێران پتەون، بەڵکو ئێران دەستڕۆیشتوویی و کاریگەرییەکی زۆری لەم وڵاتەدا هەیە. ئێوە چ خوێندنەوەیەکتان بۆ پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە هەیە؟ ئایا هاوڕان لەگەڵ ئەوەی ئێران لە سەرجەم وڵاتانی دیکە زیاتر کاریگەرە لە عێراقدا، ئەگەر وایە ئەمە بۆچی دەگەڕێننەوە و چۆن لە دەرئەنجامەکانی دەڕوانن؟

- سەرەتا نابێت ئەوە لە یاد بکەین کە نەك هەر تەنیا ئێران، بەڵکو وڵاتانی دیکەی جیهانی و هەرێمییش هەن کە کاریگەری و دەستڕۆیشتوویان لە عێراقدا هەیە، وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تورکیا و چەندین دەوڵەتی دیکەی عەرەبی. دواتر دەکرێت ئەوە بڵێین کە دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراقدا لە ئاستێکی زۆر باڵادا نییە، ڕاستە سەردەم و کاتێکی دیاریکراو هەبوون کە ئێران کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لە نێو عێراقدا، بەڵام ئەوەی بەدی دەکەین، ئەوەیە کە لەم چەند ساڵەی دواییدا عێراق پتر و پتر کاری لەسەر ئەوە کردووە کە هەڵوێستی خۆی هەبێت و بەو شێوەیە لە پرسەکە بڕوانێت کە پێگەی وڵاتەکە شتێکی ئەوتۆی کەمتر نییە لە پێگەی ئێران لە ناوچەکەدا. مەبەستم ئەوەیە عێراق لەم ڕووەوە پەرەی بە جۆرێك لە متمانەبەخۆکردن داوە، هەرچۆنێك بێت، دەبێت حکومەتی عێراق ئەوەی لەبەر چاو بێت کە ئەو هەلومەرجەی لە وڵاتەکەیدا هاتووەتە ئاراوە و دروست بووە، هاوکار نییە، نە بۆ خودی خەڵك و گەلەکەی خۆی و نە بۆ ناوچەکەش.



**نەک هەر تەنیا ئێران، بەڵکو وڵاتانی دیکەی جیهانی و هەرێمییش هەن کە کاریگەری و دەستڕۆیشتوویيان لە عێراقدا هەیە، وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تورکیا و چەندین دەوڵەتی دیکەی عەرەبی**

**لەم چەند ساڵەی دواییدا عێراق پتر و پتر کاری لەسەر ئەوە کردووە کە هەڵوێستی خۆی هەبێت و بەو شێوەیە لە پرسەکە بڕوانێت کە پێگەی وڵاتەکە شتێکی ئەوتۆی کەمتر نییە لە پێگەی ئێران لە ناوچەکەدا**

**نەک هەر تەنیا کێشەی نێوان حکومەتی هەرێم و بەغدا هەیە، بەڵکو لە هەمان کاتدا کێشە لە نێو خودی شیعەکان خۆیان، هەروەها لە نێو سوننەکانیش هەیە**

*** ئەگەر لێرەدا بمانەوێت زیاتر لەسەر ئەم پرسە ڕابوەستین، کە ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن لە جێی خۆیدایە کە دۆخی عێراق پێویستی بە چاکسازی و بەرەوپێشچوونە، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێتان وایە پێویستە حکومەتی عێراق پتر هەوڵەکانی خۆی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی کار لەسەر چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بکات، یان دەبێت وڵاتانی دراوسێ و دەرەکی هەڵوێست و سیاسەتەکانی خۆیان لە ئاستیدا بگۆڕن؟**

- من پێم وایە پێویستە حکومەتی عێراق کار بکات بۆ ئەوەی کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات لەگەڵ هەرێمی کوردستان و دەوڵەتە دراوسێکان و وڵاتانی دیکەش، هەرچەندە ئەوەش ڕاستە کە حکومەتی عێراقی هەوڵی داوە کە پتر هاوکار و کراوە بێت بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشانە، بەڵام ئەوەی لە دۆخی عێراق بڕوانێت، ئەوا نەك هەر تەنیا کێشەی نێوان حکومەتی هەرێم و بەغدا هەیە، بەڵکو لە هەمان کاتدا کێشە لە نێو خودی شیعەکان خۆیان، هەروەها لە نێو سوننەکانیش هەیە، هەروەها کێشە، یان ناکۆکی و ڕکابەری لە نێوان هەر سێ پێکهاتەی کورد و شیعە و سوننەدا هەیە.

*** جگە لە پرسی دەستڕۆیشتوویی و کاریگەریی ئێران لە عێراق و چەند وڵاتی دیکەی ناوچەکەدا، کە ئێران بە ڕەوای دەزانێت و وڵاتانی دیکەش پێیان وایە ئەمە حاڵەتێکی ئاسایی نییە، ئەوا ئێران کاری کردووە لەسەر ئەوەی بە شێوەیەکی فەرمی هەندێ لە ناکۆکی و بارگرژییەکانی لەگەڵ دەوڵەتێکی وەك عەرەبستانی سعودیە کۆتایی پێبهێنێت و لە هەمان کاتدا پێشبینی ئەوەش دەکرا، کە سعودیە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیلیشدا ئاسایی بکاتەوە، بەڵام دواتر ڕووداوەکانی نێو غەززە ئەم پرسەیان لە بیر بردەوە، بە شێوەیەکی گشتی هەڵسەنگاندنتان بۆ هەوڵی ئاشتەوایی و ئاساییکردنەوەی ئەو پەیوەندییانە چییە؟**

- ئێمە دەبێت لەو ڕوانگەیەوە لەم پرسە بڕوانین، کە هەر هەوڵێك بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان و بۆ ئاشتەوایی و لێکنزیکبوونەوەی نێوان وڵاتانی ناوچەکە هەوڵێکی ئەرێنی و دڵخۆشکەرە و پێویستە پێشوازی لێ بکرێت. واتە هەر هەنگاوێك بۆ برەودان بە هاوکاری و هەماهەنگی لە بواری ئاوێتەبوون و ئاڵوگۆڕی ئابووری و هەر کۆششێك بۆ پتەوکردن و چەسپاندنی زیاتری ئارامی و ئاسایش لە ناوچەکەدا پەرەسەندنێکە کە خزمەت بە هەموان دەکات، لە نێویاندا ئاشتەوایی نێوان عەرەبستانی سعودیە و کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش.

*** زۆر باشە، بەڵام ئێوە تا چ ڕادەیەك پێتان وایە ئەم ڕێککەوتن و ئاشتەوایی و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییانە بەردەوام دەبن و درێژە دەکشێن؟ ئایا تا چ ڕادەیەك دەکرێت پەیوەندییەکانی نێوانیان قووڵتر ببێتەوە، و بە پێچەوانەوە ئایا ئەگەری ئەوە بەدی دەکەن، ئاشتەواییەکە سەرنەگرێت و جارێکی دیکە بکەونە دژایەتی و دوژمنایەتیکردنی یەکتری؟**



- ئێمە دەبێت واقیعبین بین و ئەوە لەبەرچاو بگرین کە سەرباری ئەم ئاشتەواییە، بەڵام هێشتا چەندین کێشە و گرفت و تەنگژە لە نێوان هەر دوو وڵاتی عەرەبستانی سعودیە و کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ماونەتەوە و درێژەیان هەیە و ڕیشەی کێشەکانیش گەورەن، کە ڕەهەندی مێژوویی و ئایینی و ڕەهەندی پەیوەست بە خاك لەخۆ دەگرن، هەروەها لایەنی سیاسیشی هەیە، لە هەمان کاتدا نابێت ئەوەش لەبەرچاو نەگرین کە دەوڵەت و هێزە دەرەکییەکانیش کاریگەری خۆیان هەیە لەسەر پرسی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە. کەواتە بۆ وەڵامی پرسیارەکەتان دەتوانم بڵێم کە گەیشتن بەم ڕێککەوتنە و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییانە پەرەسەندنێکی باش و ئەرێنی بوون، بەڵام ئەگەر کێشەکانی دیکەی نێوانیان چارەسەر نەکەن، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە ئەم ڕێککەوتنە هەڵبوەشێتەوە.

*** چی وا لە ئێوە دەکات کە ئێوە ئاماژە بەم ئەگەرە بکەن؟ مەبەستمان ئەگەری شکستهێنانی ئەم ڕێککەوتن و ئاشتەواییە بوو. ئایا پێتان وایە کێشەکان هێندە قووڵ بن، کە بۆی هەیە جارێکی دیکە سەرهەڵبدەنەوە و دووبارە حاڵەتەکە بە دۆخێك بگات کە جارێکی بێ متمانەیی باڵ بکێشێتەوە بەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتەدا؟**

- ئێمە دەبێت قووڵتر لە ڕووکەش و ڕواڵەتەکان بڕوانین، واتە دەبێت ئەوە بزانین کە چەندین کێشەی گەورە هەن لە نێوانیاندا کە دەبێت کاری جددی بکرێت لەسەر چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەیان، کە ئێمە دەتوانین لەم ڕووەوە ئاماژە بە چەند پرسێك بکەین، وەك کێشەی پەیوەست بە خاکەوە لە کەنداوی فارس لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا، هەروەها پرسی مامەڵەکردن لەگەڵ شیعەی نێو عەرەبستانی سعودیە، لە لایەکی دیکەوە پەیوەندییەکانی سعودیە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلدا. دواتر نابێت ئێمە کێشەی حوسییەکان و وڵاتی یەمەنیش لەبەرچاو نەگرین، کە یەمەنیش وڵاتێکی زۆر زۆر گرنگە. هەروەها من پێم وایە دەبێت هەموان ئەو ڕاستییە ڕەچاو بکەن کە مەسەلەکان تەنیا بە داهات و دارایی یەکلا ناکرێنەوە، بەڵکو هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، کێشەکان ڕەهەند و ڕایەڵەی مێژوویی و کەلتووری و سیاسییان هەیە و نابێت نادیدە بگیرێن. مەبەستم ئەوەیە ناکرێت تەنیا بانگەشەی ئەوە بکەیت و پشتئەستور بیت بەوەی داهات و داراییەکی زۆرت هەیە، یان مووشەك و فڕۆکەی زۆرت هەیە، و لێرەوە پێت وابێت ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی بتوانن لە ڕێیانەوە کێشە و هاوکێشەکان لە بەرژەوەندی و خواستی خۆت یەکلا بکەیتەوە. بۆ نموونە لە پەیوەندی بە سعودیە و یەمەن و ئێرانەوە، ئەوا پێویستە سعودیە ئەوە لەبەرچاو بگرێت کە لە ئێران و یەمەندا خەڵکانێك و گەلانێك هەن کە خاوەنی مێژوو و کەلتوور و فەرهەنگی تایبەت بە خۆیانن.

**هەر کۆششێک بۆ پتەوکردن و چەسپاندنی زیاتری ئارامی و ئاسایش لە ناوچەکەدا پەرەسەندنێکە کە خزمەت بە هەمووان دەکات**

**سەرباری ئەم ئاشتەواییە، بەڵام هێشتا چەندین کێشە و گرفت و تەنگژە لە نێوان هەر دوو وڵاتی عەرەبستانی سعودیە و کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ماونەتەوە و درێژەیان هەیە و ڕیشەی کێشەکانیش گەورەن**

**پێویستە سعودیە ئەوە لەبەرچاو بگرێت کە لە ئێران و یەمەندا خەڵکانێک و گەلانێک هەن کە خاوەنی مێژوو و کەلتوور و فەرهەنگی تایبەت بە خۆیانن**

سەردار شێخ یەحیا
قائیمقامی قەزای شێخان بۆ گوڵان:

# لە تەمەنی کابینەی نۆیەمدا بۆ چەندین پرۆژەی جۆراوجۆری سنووری شێخان (٢٢٠) ملیار دینار خەرج کراوە

■

لە کابینەی نۆیەم بە دەیان پرۆژەی کارەبا و بەتایبەتی بەرفراوانکردنی تۆڕی کارەبا لە سنوورەکە جێبەجێ کراون

■

خنس لە لیستی شوێنەواری جیهانی لەلایەن یونسکۆوە دەناسرێت

■

پرۆژەیەکی گرنگی گەشتیاری لەسەر بەنداوەکە دروست دەکرێت



**شاری شێخان شارەدێیەکانی (باعدرێ، ئەتروش، قەسرۆك، کەلەکچی و زلکان) و لە ڕووی ئەمنی و خزمەتگوزاریشەوە شارەدێی ئەلقوش و ٢٢٠ گوند لەخۆ دەگرێت. ژمارەی دانیشتووانی شێخان زیاتر لە ٢٦٠ هەزار کەسە و سێ کەمپی نیشتەجێبوونی ئاوارە لە سنوورەکە هەیە. بۆ قسەکردن لەسەر گرنگترینی ئەو پڕۆژانەی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەڤەرەکە ئەنجام دراون، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ سەردار شێخ یەحیا قائیمقامی شێخان ئەنجام دا.**

*** ئەو پڕۆژە گرنگ و ستراتیژییانە چین کە لە کابینەی نۆیەم بەتایبەتی لە کاتی سەردانەکەی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ شێخان بەردی بناغەی بۆ داناون؟**

- پاش دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی ڕێزدار مەسرور بارزانی بڕیاری گرنگ دراوە بۆ خزمەتکردنی ئەو سنوورە بە شێوەیەکی گشتی و بە چاوێکی پڕ بایەخەوە گرنگی بەو قەزا و سنوورە دراوە. بڕینی بودجەی وەبەرهێنان و پەرەپێدان تا ئێستاکەش لەلایەن بەغداوە بەردەوامە، بەتایبەتی کە ئێستا هەرێم داهاتی نەوتی نەماوە و ئێمە چاوەڕوانین ئەو بەرنامە و پلانانەی بۆ کار و پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی ساڵی ٢٠٢٣ و ٢٠٢٤ جێبەجێ بکرێت، بە هاتنی بودجەکەی ئەو دوو ساڵە، بەڵام تا ئێستا لەلای عێراقەوە خەرج نەکراون. بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو کەموکوڕییانەی پێشتر هەبووە و بەدەنگەوەهاتنی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژانە دراوە، کە لە بەرنامە و پلاندا بووە جێبەجێ بکرێن. لە کۆتا

**بڕینی بودجەی وەبەرهێنان و پەرەپێدان تا ئێستاکەش لەلایەن بەغداوە بەردەوامە، بەتایبەتی کە ئێستا هەرێم داهاتی نەوتی نەماوە**

**پڕۆژەی جووت سایتکردنی ڕێگای (باعەدرێ - دهۆک)ـە کە درێژیی ئەو ڕێگایە (٢٦) کیلۆمەترە، بڕی (١٣٥) ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە**

**لە ساڵی ١٩٩٥ەوە بە هۆی بوونی چەکدارانی نایاسایی پەکەکە پڕۆسەی ئاوەدانکردنەوە لە دەیان گوند ڕاوەستاوە**

**تەنیا لە سنووری ناحیەی قەسرۆک و ئەتروش تۆڕی ڕێگاوبانی ١٢ گوند لەژێر جێبەجێکردندان کە بڕی (٣) ملیار دیناریان بۆ تەرخان کراوە**

سەردانی جەنابیاندا بۆ قەزای شێخان دانانی بەردی بناغەی گەورەترین و ستراتیژیترین پڕۆژە بوو لەسەر ئاستی پارێزگای دهۆك کە ئەویش پڕۆژەی جووت سایدکردنی ڕێگای (باعەدرێ - دهۆك)ـە کە درێژیی ئەو ڕێگایە (٢٦) کیلۆمەترە و بڕی (١٣٥) ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە. پڕۆژەکە کەوتووەتە قۆناغی جێبەجێکردن و بە تەواوبوونی ئەو پڕۆژەی جووت سایدە، نەك تەنیا سوودی بۆ شێخان و باعەدرێ هەیە، بەڵکو سوودی هەیە بۆ هەموو ئەو کەس و بازرگان و هاووڵاتیانەی کە لە دهۆکەوە هاتوچۆ بۆ شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و خواروو و ناوەڕاستی عێراق دەکەن. هاوکات پڕۆژەی ئەو جووت سایدە گرنگە لە ڕووی ئابووری و کشتوکاڵی و گەشتوگوزارییەوە و لە هەمان کاتدا بۆ کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ کە بەداخەوە پێشتر ڕۆژانە ڕووداوی نەخوازراوی جەرگبڕی لێدەکەوتەوە و بە دەیان کەسیش بوونەتە قوربانیی ڕووداوەکانی هاتوچۆ. لە هەمان سەردانی جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان کە جێگای پێزانین و ستایشە، سەردانێکی مێژووی و گرنگی پەرستگای لالشی کرد، کە شوێنێکی زۆر گرنگە لە ڕووی گەشتیاریی ئایینییەوە، چونکە ئەو شوێنە لەڕووی عەقیدەی هەموو کوردستانییانەوە زۆر پیرۆزە، نەك تەنیا لەلای ئێزدییەکان، بەڵکو لەلای موسڵمان و کریستیانەکانیش زۆر ڕێز لەو شوێنە دەگرن و خەڵکێکی زۆر چ بۆ گەشتکردن بێت، چ بۆ بۆنەی دینی بێت، سەردانی دەکەن، بەتایبەتی خوشك و برایانی ئێزدی. لەو سەردانەدا جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێم کۆبوونەوەی لەگەڵ جەنابی میر و ئەنجومەنی ڕۆحانی و جڤاتی ڕۆحانی ئێزدی کرد و کەسایەتییە دیار و گرنگەکانی ناو جڤاتی ئێزدییەکانی دیت و لە نزیکەوە گوێبیستی هەموو داوکارییەکانیان بوو. هەر لەوێشەوە ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەزامەندی لەسەر پڕۆژەیەکی گرنگتردا کە ئەویش جووت سایدکردنی ڕێگای نێوان شێخان بۆ لالش بوو، کە ئەو پڕۆژەیە زیاتر لە (١١) کیلۆمەترە و بڕی (١٩) ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە و، ئیحالەکراوە بۆ کۆمپانیای جێبەجێکار و ئەو پڕۆژەیە خزمەت دەگەیەنێتە ناحیەی باعەدرێ و ئەتروش و هەموو ناوچەکە و هەر لەو سەردانەیدا جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بڕیاری لەسەر دووبارە قیرتاوکردنەوەی ڕێگای گەلی خودێدە تا دەگاتە بازگەیی باعەدرێ دا و (دوو) ملیار دیناری بۆ خەرج کراوە، ئەو ڕێگایەش لەگەڵ پڕۆژەی ڕێگای لالش جێبەجێ دەکرێت. بێگومان لە پڕۆژە خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان هەر لە قیرتاوکردن و کۆنکرێتکردنی شەقام و کۆڵانەکان و ئاوی خواردنەوە و ئاوەڕۆ و ڕێگاوبانی گوندەکان و کەرتی کارەبا و پەروەردە و تەندروستی و.. تاد، لە چوار ساڵی ڕابردوو لە سنووری قەزای شێخان بە گوژمەی (٢٢٠) ملیار دینار کار و پڕۆژە ئەنجام دراون. لەلایەکی دیکەوە حکومەتی هەرێم لەو کابینەیەدا یەکێك لە کارەکانی زیاتر گرنگیدان بە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان بووە، هەر بۆیە تۆڕی ڕێگاوبانی گوندەکانی سنوورەکەمان گرنگییەکی زۆریان پێدراوە. هەر بۆ نموونە لە سنووری ناحیەی کەلەکچی و زێلکان نزیکەی (٩٠٪)ی ڕێگاوبانی گوندەکانیان قیرتاو کراون و بەشێکیان ئێستا لەژێر کارکردندان و تەنیا سێ لە گوندەکانی سنووری ئەو دوو ناحیەیە ماوە کە ڕێگاکانیان قیرتاو بکرێت، ئەو سێ گوندەش ئیحالەکراون کە کاری قیرتاوکردنی ڕێگاکانیان بۆ بکرێت. لەلایەکی دیکەوە گوندێکی زۆر لە سنووری ناحیەی قەسرۆك و ئەتروش لە سەردەمی بەعس چۆڵ کرابوون، بەڵام لەپاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ ئاوەدان کرانەوە و گەیاندنی پڕۆژەی خزمەتگوزاری بۆیان دەستێ پێکرد، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٥ەوە بە هۆی بوونی چەکدارانی نایاسایی پەکەکە پڕۆسەی ئاوەدانکردنەوە لەو گوندانە ڕاوەستا، لە ئێستادا تەنیا لە سنووری ناحیەی قەسرۆك و ئەتروش تۆڕی ڕێگاوبانی دوانزە لە و گوندەکانیان لەژێر جێبەجێکردندان کە بڕی (٣) ملیار دیناریان بۆ تەرخان کراوە.

*** ئایا پێکەوە ژیان لە نێوان نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان لە شێخان لە چ ئاستێکدایە، بەتایبەتی کە ئەو سنوورە نموونەیەکی**

زیندووی پێکەوە ژیانە و هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان بە درێژای مێژوو لەو دەڤەرە بە یەکەوە و بە ئاشتەوایی ژیاون؟

- سنووری قەزای شێخان مەزنترین و گرنگترین وێستگە و ناوەندی پێکەوە ژیانە نەک تەنیا لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو لە ناوچەکەدا بەگشتی، چونکە خەڵکێکی زۆر کە باسی هەرێمی کوردستان دەکەن، دەڵێن هەرێمی کوردستان باشترین و پارێزراوترین شوێن بووە لەو ناوچەیەدا لە رووی پێکەوە ژیانەوە، کە بەداخەوە عێراق و وڵاتانی دەوروبەر گۆڕەپانی ململانێی نێوان نەتەوە و ئایین و ئاینزاکان بوون. شێخان و سنووری ناوچەکەی لانکەی پێکەوە ژیانێکی سەرکەوتووی نێوان نەتەوە جیاواز و ئایین و ئایینزاکانی وەکو موسڵمان و کریستیان و ئێزدی و شەبەک و کاکەیی بووە.

* ئایا کێشەی کەرتی پەروەردەتان بەتایبەتی کەمیی بینایەی قوتابخانە هەیە؟

- کەمترین کێشەی کەرتی پەروەردەمان هەیە، چونکە لە رووی بینایەی قوتابخانەوە توانراوە چەندین قوتابخانەی هاوچەرخ و مۆدێرن دروست بکرێت، کە یەکێک لەو قوتابخانانە لە سنووری ناحیەی قەسرۆك لە گوندی مەلابروانە کە (١٨) پۆلییە و لەژێر جێبەجێکردندایە، قوتابخانەیەکی دیکەی (١٨) پۆلی لە سەنتەری ناحیەی کەلەکچی لەژێر ئەنجامدانە و چەندین بینایەی دیکەی قوتابخانە بۆ سنوورەکە لە تەمەنی کابینەی نۆیەم لە سنووری قەزای شێخان نۆژەن کراونەتەوە و دروست کراون.

* لەم کابینەیەدا لەبارەی گرنگیدان بە لاوان بەتایبەتی لە رووی وەرزشییەوە چی کراوە؟

- لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستاندا لە سنووری قەزای شێخان چوار یاریگای وەرزشی (١١) یاریزانی دروست کراون، کە هەیانە لەژێر جێبەجێکردندایە بۆ نموونە یاریگای وەرزشی ناحیەی قەسرۆك کە بڕی زیاتر لە (٥٥٠)ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە کە (١١) یاریزانییە و لە سەنتەری ناحیەی کەلەکچی یاریگایەکی (١١) یاریزانیی دیکە بە گوژمەی زیاتر لە (٥٥٠) ملیۆن دینار کارکردن تێیدا بەردەوامە و یاریگایەکی (١١) یاریزانی بۆ کۆمەڵگەی چرە بە گوژمەی (٦٥٠) ملیۆن دینار ڕەزامەندی لەسەر دراوە و لە ئایندەیەکی نزیکدا جێبەجێ دەکرێت.

* لە بواری کارەبا و ئاوی خواردنەوە چی بۆ ناوچەکە کراوە؟

- دەیان پرۆژەی بەرفراوانکردنی تۆڕی کارەبا لە سنووری قەزاکەمان جێبەجێ کراون، بەتایبەتی لە سنووری ناحییەکانی باعەدری، ئەتروش، قەسرۆك، کەلەکچی، زێلکا و لە سەنتەری قەزاکەدا. بەهۆی ئەوەی کە بەردەوام خەڵکێکی زۆر لە رووی نیشتەجێبوونەوە روو لە قەزای شێخان دەکەن، بۆیە ساڵانە زیاتر لە (٨٠٠) هاوبەشی کارەبا و ئاو لەو سنوورە زیاد دەبێت، کە ئەو هاوبەشە تازانەش پێویستیان بە تۆڕی ئاو و کارەبا هەیە، ئەو کار و پرۆژانەش لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم بەردەوامە و لە ئێستادا شەش بیری ئاوی خواردنەوە لە سنوورەکەدا لەژێر جێبەجێکردندان.

* لەڕووی تەندروستییەوە تا چەند توانراوە پێداویستییەکان بۆ خەڵکی ئەو سنوورە دەستەبەر بکرێت؟

- نەخۆشخانەی شێخان کۆنە و لە ساڵی ١٩٧٨ دروست کراوە، کە ئەو کات قەزای شێخان تەنیا ٣٠ هەزار کەس بووە و نەخۆشخانەکە ١٥ قەرەوێڵەییە، کە بەپێی ڕووبەر و ئەو ژمارە زۆرەی دانیشتووانی ئێستاکەی بەشی هەموو نەخۆشەکان ناکات. ئێستا زیاتر لە ٦٠ هەزار ئاوارەمان هەیە، جگە لەوەی ژمارەی دانیشتووانی سنوورەکە زیاتر لە ٢١٠ هەزار کەسن، ئەمەش قورسایی زۆری لەسەر کەرتی تەندروستی دروست کردووە، بۆیە دەمانەوێت بە پشتیوانی جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان نەخۆشخانەیەکی دیکە دروست بکرێت و زەویشی تەرخان کراوە، بەڵام دواکەوتنی ئەو پرۆژەیە دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی تەندروستی عێراقی فیدراڵ و گوژمەکەی بڕیاری لەسەر دراوە کە (٧٦) ملیار دینارە کە دەبوایە لە ساڵی ٢٠٢٣ حکومەتی عێراق ئەو پارەیە بۆ ئەو پرۆژەیە دابین بکات.

* سنووری شێخان بە کاری کشتوکاڵی بەناوبانگە و ڕووبەرێکی زۆری زەویی بەپیتی کشتوکاڵی هەیە. ئایا لەو کەرتەدا چۆن توانراوە گرنگیی زیاتری پێبدرێت؟

**شێخان و سنووری ناوچەکەی لانکەی پێکەوە ژیانێکی سەرکەوتووی نێوان نەتەوە جیاواز و ئایین و ئایینزاکانی وەکو موسڵمان و کریستیان و ئێزدی و شەبەک و کاکەیی بووە**

**ساڵانە زیاتر لە (٨٠٠) هاوبەشی کارەبا و ئاو لەو سنوورە زیاد دەبێت، کە ئەو هاوبەشە تازانەش پێویستیان بە تۆڕی ئاو و کارەبا هەیە**

**پرۆژەی بەنداوی خنس کە پرۆژەیەکی زۆر گرنگ و ستراتیژییە لە رووی گەشتیاری و کشتوکاڵی و بەخێوکردنی سامانی ئاژەڵ و ماسی بە تێچووی (١٠) ملیار دینار تەواو بووە**

- سایلۆی شێخان وێستگەیەکی زۆر گرنگە بۆ خزمەتکردنی جووتیاران، بەتایبەتی جووتیارانی سنوورەکە بۆ وەرگرتنی گەنم. ئەو سایلۆیە سوودی بۆ جووتیارانی قەزاکانی بەردەڕەش و ئاکرێش هەبووە. ئەگەر ئەمساڵ بە نموونە وەربگرین، ئەوە (٩٤) هەزار تەن گەنم لە وەرزی وەرگرتنی دانەوێڵە وەرگیراوە کە چەند ڕۆژێك پێش ئێستا کۆتایی پێهات و گەنمەکانیش لە جۆری باشترین گەنمەکانن و چاندن و بەرهەمی کشتوکاڵی لە کابینەی نۆیەمدا بە چاودێری و هەوڵی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو دەڤەرە زۆر باشتر و زیاتر گەشەی کردووە.

* بەنداوی خنس بە چی گەیشتووە و ئەو پرۆژە تا چەند سوودی بۆ گەشتوگوزار و کەرتی کشتوکاڵی و بەخێوکردنی سامانی ئاوی هەیە؟

- بۆ ئاسانکاری هاتوچۆی خەڵك و گەشتیاران بۆ خنس بڕیار درا بە چاککردن و قیرتاوکردنەوەی قۆناغی دووەمی ڕێگای نێوان سەنتەری قەزای شێخان کە بۆ ناحییەی قەسرۆك دەچێت، ئەو بەشە ناسراوە بە ڕێگای گەلی خودێدا تا دەگاتە خنس کە ئەو کارەش (٣) ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە، چونکە وەکو دەزانین خنس شوێنێکی گەشتیاریی زۆر گرنگە و شوێنێکی مێژووییە لە ڕووی شوێنەوارەوە لەسەر



ئاستی جیهان، هەر بۆیە لە ئێستادا وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێم و پارێزگای دهۆك لەگەڵ حکومەتی ئیتالیا لەسەر هێڵ و پەیوەندیدان بۆ ئەوەی بتوانن لەگەڵ زانکۆ ئیتالیاییەکان کاریان بۆ ئەوە کردووە کە پڕۆژەیەکی گەشتیاریی زۆر گرنگ کە لە ئێستا لە خنس لەژێر دروستکردنە کۆتایی بێت، هەروەها کار و هەوڵ و پەیوەندییش هەیە کە خنس بخرێتە لیستی یونسکۆ لە شوێنەوارە بەناوبانگەکانی جیهان بەو کارەش خنس دەبێتە شوێنێکی زۆر دیار و بەناوبانگی جیهانی لە شوێنەواری و گەشتیاری. هەروەها لە خنس لە تەمەنی کابینەی نۆیەمدا پڕۆژەی بەنداوی خنس کە پڕۆژەیەکی زۆر گرنگ و ستراتیژییە لە ڕووی گەشتیاری و کشتوکاڵی و بەخێوکردنی سامانی ئاژەڵ و بەخێوکردنی ماسی (١٠) ملیار دیناری بۆ تەرخان کرابوو، کە ئێستا پڕۆژەکە تەواو بووە. هاوکات بەنداوەی خنس هۆکارە بۆ پڕۆپۆزەڵێکی گەشتیاری لە ڕووی وەبەرهێنانەوە، ئەمەش کاری لەسەر دەکرێت لە ڕێگای حکومەتی هەرێم و ئیدارەی خۆجێیەتی وەکو قائیمقامیەت و پارێزگار و دیوانی پارێزگای دهۆکەوە. بۆ جێبەجێکردنی ئەو پڕۆپۆزەڵە لێرەدا داواکارین لە بزنێسمانان و وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و بیانی کە بێن پڕۆژەی گەشتیاری لە خنس بەتایبەتی لەسەر بەنداوەکەی دروست بکەن.



# ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پرۆسەی هەڵبژاردندا چییە؟

ڕاگەیاندنی ئازاد و نیشتمانی لە هەموو سیستەمە سیاسییەکاندا ڕۆڵی گرنگ دەبینێت، لە بواری پاراستنی مافی مرۆڤ و ئازادی و چەسپاندنی سەقامگیریدا، ئەم ڕۆڵەش لەمیانی پشتگیریکردن لە پرۆسەی چاکسازی و گەشەپێدان و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیدا دەردەکەوێت. لێرەدا ئاماژە بە پەیوەندیی دیالیکتیکی نێوان ئازادیی ڕاگەیاندن و دیموکراسی دەکەین، بەو پێیەی دوو ڕەگەزی بەیەکەوە گرێ دراون، بە شێوەیەك کە ئازادیی ڕاگەیاندن دیموکراسی دەچەسپێنێت، هەروەها دیموکراسییش ئازادیی ڕاگەیاندن بەهێز دەکات، ئەم کارلێکەی نێوانیان لەمیانی ڕۆڵی ڕاگەیاندن دیتە دی، بەم شێوەیە:

١- پتەوکردنی شەفافییەت و لێپرسینەوە لەمیانی هەڵسەنگاندنی ڕاگەیاندن بۆ ئەدای دامەزراوەکانی ئیداری و سیاسیی حکومەت و ئاشکراکردنی جێگاکانی گەندەڵیی دارایی و داواکردنی لێپێچینەوە لە گەندەڵکاران.

٢- فەراهەمکردنی زانیاریی ورد و تەواو بۆ هاووڵاتیان، ئەمەش دەبێتە پاڵنەر تاکو هاووڵاتیان بڕیار بدەن، بەشداری لە هەڵبژاردنەکان و سیمینار و گفتوگۆ گشتییەکاندا بکەن. بۆیە ڕاگەیاندنی ئازاد سەکۆیەك بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە دەستەبەردەکات تاکو گوزارشت لە ڕاوبۆچوونی خۆیان بکەن.

٣- هاندانی فرەیی لە بیروبۆچووندا لەبارەی پرسە نیشتمانییە گشتییەکان و پاراستنی ماف و ئازادییەکان و ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکان.

٤- چاودێریکردنی بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ دڵنیابوون لە بێگەردی و ئاشکراکردنی پرۆسەی ساختەکاری، یان پێشێلکاری، یان سەرپێچیی دیکە.

هەروەها سیستەمە دیموکراسییەکان ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن لە پتەوکردنی ئازادیی ڕاگەیاندن بەم شێوەیە:

١- سیستەمی دیموکراسی چەند یاسایەك دەربکات، کە ئازادیی ڕاگەیاندن دەستەبەر بکات، پارێزبەندییش بۆ ڕاگەیاندکاران دابین بکات لە چەوسانەوە، یان سەرکوتکردن.

٢- کارئاسانی بۆ ئەرکی وەرگرتنی زانیاری بە هەموو شێوازێکی ڕوون و شەفافییەت و یەکسانی، هەروەها پاڵپشتیکردنی پێکهێنانی دامەزراوەی نیشتمانی و سەربەخۆی ڕاگەیاندن و دابینکردنی ژینگەیەکی ئازاد و هەمەجۆری ڕاگەیاندن.

٣- پاڵپشتیکردنی فرەیی سیاسی و دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ، لەوانەش ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەگەری بۆ بەتینکردنی ژینگەیەکی ساغڵەم و بێلایەنی ڕاگەیاندن.

ئازادیی ڕاگەیاندن بە واتای پاڵپشتیکردنی شەفافییەت و لێپرسینەوەیە، کەواتە دیموکراسی چوارچێوەی یاسایی بۆ پاراستنی ئازادیی ڕاگەیاندن دابین دەکات، ئەمەش پێویستی بە پابەندبوونی تەواو هەیە، لەلایەن دامەزراوە حکوومییەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کۆمەڵگەی مەدەنییەوە، کە ئەرك و مافەکانیان بە هەموو شێوەیەکی شەفاف بەجێ بگەیەنن.

بە پێویستی دەزانین ئەو پرەنسیپە بنەڕەتییانە بخەینە ڕوو، کە پێویستە لەلایەن هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە لە کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردن پەیڕەو بکرێن:

١- پێویستە ڕاگەیاندن پابەند بێت بە بێلایەنی و دەستپاکی و بابەتییانە ڕووماڵی پرۆسەی هەڵبژاردن بکات و لایەنگری هیچ کاندیدێکی دیاریکراو، یان کوتلەیەکی سیاسی نەبێت.

٢- پێویستە ڕاگەیاندن لە ڕاستی و دروستیی زانیارییەکان لەبارەی کاندیدەکان دڵنیا بێت و، ئاگای لە بەرنامەکانی هەڵبژاردنی ئەو کاندیدانە بێت، لە بەرانبەر سەرچاوەکانی زانیاریدا شەفاف بێت.

**پێویستە ڕاگەیاندن پابەند بێت بە بێلایەنی و دەستپاکی و بابەتییانە ڕووماڵی پرۆسەی هەڵبژاردن بکات و لایەنگری هیچ کاندیدێکی دیاریکراو، یان کوتلەیەکی سیاسی نەبێت**



**پ. د.کامەران ساڵحی**
شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ
بۆ گوڵانی نووسیوە

٣- پێویستە کەلتوور و ئاکاری بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان بڵاو بکاتەوە، هەروەها زانیاریی تەواو لە بارەی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن بە ڕوونی بخاتە ڕوو.

٤- پێویستە دەرفەت برەخسێنێت بۆ ئەنجامدانی دیالۆگ و گفتوگۆ لە نێوان کاندیدەکان و دەنگدەران بە شێوەی دەستپاکی و بێلایەنی، تاکو هوشیاری لای دەنگدەر بەتین بکات، سەبارەت بە لێهاتوویی کاندیدکراو و ئاستی دروستیی بەرنامەی هەڵبژاردنی کاندیدکراوەکە.

٥- پێویستە بە هەموو شێوازێکی بێلایەنی و دەستپاکی ڕاوبۆچوونی هاووڵاتیان لە بارەی پرۆسەی هەڵبژاردن بخاتە ڕوو، پێش ئەنجامدان و دوای کۆتایی هەڵبژاردنەکە.

٦- پێویستە ڕۆڵی چاودێری دەستپاك و بێلایەن بگێڕێت لە کاتی چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردندا، دەبێت لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار بکاتەوە لەبارەی هەر پێشێلکارییەك، یان سەرپێچییەکی یاسایی بۆ دەستەبەرکردنی شەفافییەت و دادپەروەری.

٧- بەشداری بکات لە شیکردنەوەی پرسگەل و سیاسەتەکانی ئابووری و پەروەردە و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و ژینگەییدا، کە بۆ دیالۆگ و گفتوگۆ لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن خراونەتە ڕوو، بە هەموو شێوەیەکی شەفاف و بێلایەنی.

سەبارەت بە کاریگەریی ڕاگەیاندن لە دروستکردنی ڕای دەنگدەر و ڕەفتاری هەڵبژاردندا، ئەوا ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەکانیەوە ڕۆڵی بەرچاو دەبینن لە پێشکەشکردنی زانیاریی ورد و سەرتاپاگیر و شەفاف، ئەم کاریگەرییەش لەمانەدا دەردەکەون:

١- پێشکەشکردنی هەواڵ و ڕاپۆرت و شرۆڤەکردن لەلایەن ڕاگەیاندنەوە لەبارەی کەسایەتیی کاندیدەکان و شارەزایی و لێهاتووییان کە کاریگەرییان هەیە بۆ سەر دروستکردنی ڕای گشتی سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی دەنگدەران بۆ توانا و کارامەیی کاندیدەکان و دەرکردنی بڕیاری دەنگدان.

٢- چۆنێتیی ڕووماڵکردنی ڕووداو و پرسەکان لەلایەن ڕاگەیاندنەوە دەبێتە هۆی ئەوەی دەنگدەر بەراورد بکات لە نێوان ئەو ئەگەرانەی کە بەردەستن، هەروەها وەك ئەوەی کە ڕاگەیاندن فۆکس بکاتە سەر هەندێ لایەنی دیاریکراو لە هەڵمەتی هەڵبژاردن، یان کاندیدێکی دیاریکراو.

٣- گواستنەوە و ڕووماڵکردنی چالاکییەکانی هەڵبژاردن بۆ بینەران، دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەڵوێستەکان و بیروبۆچوون و لێدوانی کاندیدەکان ڕاستەخۆ لەلایەن دەنگدەرەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.

٤- پێشکەشکردنی ڕاوبۆچوونی شرۆڤەکاران و شارەزایان لەلایەن ڕاگەیاندنەوە کاریگەریی بۆسەر ڕای دەنگدەر دەبێت.

٥- ڕووماڵکردنی لێبژێری هەواڵ و بەکارهێنانی وێنە و فیلمی ترس و پێشبینیی نەرێنیی ئایندە، یان زێدەڕۆیی لە بڵاوکردنەوەی وێنەی بریقەدار لەسەر ئایندەی کۆمەڵگە، بە ئەرێنی، یان نەرێنی کاریگەریی دەبێت بۆ لێکدانەوە و وێناکردن لای دەنگدەر و دواجار بڕیاردان.

٦- زۆر جار سۆشیال میدیا لە میانی ئاڵوگۆڕی هەواڵەکان و زانیاریی دروست و چەواشە، کاریگەریی نەرێنی، یان ئەرێنی دەبێت بۆ سەر ڕای دەنگدەر، کاریگەریی ڕاگەیاندن ڕەها نییە لە هەموو کۆمەڵگەکاندا، بە شێوەیەك کە دەنگدەر ناچێتە ژێر ئەو کاریگەرییەوە، هیچ بایەخێکیش بە هۆیەکانی ڕاگەیاندن نادەن، بەڵکو پشت بە ئەزموونی کەسێتی و ژینگەی خێزانی، یان حزبایەتی، یان هزری دەبەستن لە بڕیاردان، کە خۆیان بە گونجاوی دەزانن، زۆربەی دەنگدەرانیش دەکەونە ژێر کاریگەریی هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە، کە هیواداریـن پاك و بێگەرد بێت، تاکو دەنگدەر هوشیار بکەینەوە بە گرنگیی پرۆسەی هەڵبژاردن، لە کۆتاییشدا بڕیار لە دەنگدان بدات.

**گواستنەوە و ڕووماڵکردنی چالاکییەکانی هەڵبژاردن بۆ بینەران، دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەڵوێستەکان و بیروبۆچوون و لێدوانی کاندیدەکان ڕاستەخۆ لەلایەن دەنگدەرەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت**



مامۆستا مەلا عەزیز شوکر زەنگەنە
شارەزا و پسپۆڕ لە شەریعەتی ئیسلام بۆ گوڵان:

# ئەرکی حکومەت و لایەنی پەیوەندیدارە کە سنوورێک بۆ بیر و بەرنامەی توندوتیژ و نامۆ دابنێن و نەهێڵن گەشە بکەن

# بنەمایەكی شەرعی هەیە كە دەفەرموێت «لە هەر شوێنێكدا بەرژەوەندیی خەڵك و گشتی تێدا بوو، ئەوە شەرعی خوایە و خوای گەورە پێی خۆشە»

## لە ئایینی ئیسلام خاك و نەتەوە و نیشتمان پیرۆزە و لەسەر ئێمەش وەكو كورد ئەركە كە خۆشەویستی و دڵسۆزی و وەفاداریمان بۆ خاكەكەمان هەبێت كە كوردستانە

**دابەشكردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەسەر عیبادەت و سیاسەت و هێنانی هزری توندوتیژیی بێگانە و دوور لە بنەما پیرۆزەكانی ئیسلام، زیانی گەورەی بە ئیسلام و مرۆڤایەتی گەیاندووە. بەداخەوە زۆر لەو گرووپانەی بە پێچەوانەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەوڵیان داوە توندوتیژی بێننە ناو كۆمەڵگەوە. هەر بۆ تاوتوێكردنی ئەو پرسە گۆڤاری گوڵان دیمانەیەكی لەگەڵ مامۆستا مەلا عەزیز شوكر زەنگەنە پسپۆڕ و شارەزا لە شەریعەتی ئیسلام و وتارخوێن و پێشنوێژ لە مزگەوتی سەڵاحەدینی ئەیوبی لە چەمچەماڵ و جێگری بەرپرسی یەكێتیی زانایانی ئایینی ئیسلام لە چەمچەماڵ ئەنجام دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەكانی دایەوە.**

*** لە دوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبوڵ، هەندێ بیروباوەڕ لە ئایینی ئیسلام دەركەوتن كو بوونە هۆكاری ئەوەی ئیسلام دابەش بێت بۆ سیاسی و عیبادەت، ئایا ئەم دابەشكردنەی ئیسلام تا چەند خزمەتی بە ئایینەكە كردووە؟**

- سیاسەت چەند جۆرێكی هەیە، ئەوەی كە ڕاستە و گونجاوە بۆ مرۆڤ ئەوە خزمەت بە كۆمەڵگە و خەڵكەكەی دەكات. هەر لەم بارەیەوە بنەمایەكی شەرعی هەیە كە دەفەرموێت «لە هەر شوێنێكدا بەرژەوەندیی خەڵك و گشتی تێدا بوو، ئەوە شەرعی خوایە و خوای گەورە پێی خۆشە». كاتێك سیاسەتێك بەو جۆرە خزمەت بكات، ئەوە قبوولە، بەڵام سیاسەتێك بۆ كۆمەڵێك، یان گرووپ و لایەنێك بێت و نییەتیان بەرژەوەندیی خۆیان بێت و پەیوەندی بە كۆمەڵگە و خەڵكی بەگشتی نەبێت، ئەوە قبووڵكراو نییە و ڕەفزە. هەر بۆیە هەر كاتێك ئایینی ئیسلام دابەش بكرێت بۆ عیبادات و سیاسەت، ئەوە گۆڕانكارییەك لە بنەما و شێرازەی ڕاستەقینەیی ئایینەكە دروست دەكات، چونكە ئەو ئایینی ئیسلامە زۆر پاك و بێگەردە و بۆ بەرژەوەندیی گشتی و ئاشتی و برایەتی و پێكەوەژیان و خۆشگوزەرانیی خەڵك

و کۆمەڵگەکان هاتووە، هەر وەکو خوای گەورە بە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: «وما ارسلناك الا رحمة للعالمين». هەروەها ئایینی ئیسلام بۆ ئەوەشە کە بەندەکان لەسەر ئەو خاکەدا بەندایەتی و عیباداتی خوای گەورە بکەن، نەك ئایینەکە بۆ بەرژەوەندیی چەند کەس و گرووپێك بەکار بێت، کە مەبەستی ڕاستەقینەشیان تەنیا بۆ ئەوەیە بگەنە کورسیی دەسەڵات و ژیانی خۆیان خۆشتر و بەختەوەرتر بکەن، خۆیان لە خەڵکی دیکە جیا بکەنەوە، ئەمەش جگە لەوەی قبووڵکراو نییە، هاوکات هۆکارێکی مەترسیدارە کە دەبێتە هۆی ناسەقامگیری و تێکدانی بارودۆخی وڵات و دەرچوونیشە لە بنەماکانی ئایینی ئیسلام .

*** ئەوە دەرکەوتووە کە هزری «ئیسلامی سیاسی» بایەخ بە پرسی خاك و نەتەوە نادات و پیرۆزییەکانی نەتەوە بێبەها دەکەن، لێرەش لە کوردستان دەبینین کە لەو مەدرەسانەی حزبە ئیسلامییەکان سەرپەرشتی دەکەن، پڕۆگرامەکانیان سڕینەوەی هزری نەتەوەیی و نیشتمانییە، هەروەها دەبینین هەندێ کەس ڕێز لە سروودی نیشتمانی ناگرن. ئایا سڕینەوەی ئینتیما و پیرۆزییەکانی نیشتمانی چ کارەساتێکی لێ دەکەوێتەوە؟**

- پێغەمبەران دروودی خوایان لەسەر بێت کە لەلایەن خواوە هاتوون، هەر هەموویان وتوویانە «یا قومي»، کە هەبووە قەومەکەی لەبەر چاویشی نەبووە، هەر بۆیەش لە ئایینی ئیسلام خاك و نەتەوە و نیشتمان پیرۆزە و لەسەر ئێمەش وەکو کورد ئەرکە کە خۆشەویستی و دڵسۆزی و وەفاداریمان بۆ خاکەکەمان هەبێت کە کوردستانە، چونکە ئەو پیرۆزییە باڵایانەی نیشتمانە نرخ و خۆشەویستی و بنەماکانی نەتەوە و نیشتمان و خۆشەویستی بۆ خاکەکەمانی داناوە، زۆر جار ئەوەش دووبارە دەکەینەوە، کە بەڵگەیەکی گەورە و حاشاهەڵنەگرە و پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی: «ئەو کەسانەی لەسەر خاك و ماڵ و کەرامەتی خۆیان بکوژرێن، بە شەهید حیساب دەکرێن»، بەڵام ئەمڕۆ کەسانێك، یان گرووپ و لایەنی سیاسی بە ناوی ئیسلام پەیدا بوون، کە هیچیان لەگەڵ یەکتر ناگونجێن و هەر یەکەیان بە جۆر و شێوازی جیاواز بیر دەکەنەوە، کارەکانیشیان لەپێناو بەرژەوەندیی تەسکی خۆیانە، بەتایبەتی لەپێناو گەیشتنیان بە دەسەڵاتە. هەموو ئەو بیروباوەڕ و گرووپانە لە دەرەوەی ئایینی ئیسلام حیسابیان بۆ دەکرێت، واتە هەر وەکو حزب و لایەنی دیکەی سیاسین، ئینجا چ علمانی بێت، چ بە ناوی دیموکراتخواز و جۆرەکانی دیکە بێت، ئەو ئیسلامییە سیاسییانەش وەکو ئەو لایەنە سیاسییانەی دیکە دەبێت مۆڵەت لە حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار وەربگرن بۆ مومارەسەکردنی پەیڕەو و پڕۆگرامەکانیان و بەشداربوون لە کایە سیاسی و حوکمدارییەکانی ئەو وڵات و کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دروست بوون. ئەگەرچی دەزانین ئایینی ئیسلام ئایینێکی خوایی و ئاسمانییە بۆ خۆشگوزەرانی و مرۆڤایەتی هاتووە. بەڵام ئیسلامی سیاسی لە دەرەوەی هەموو ئەو سیفەت و کارە ڕاستەقینانەیە کە لەلای ئیسلام پیرۆزە و خۆبەختیی بۆ دەکرێت.

*** ئێمەی کورد وەك گەلێکی موسڵمان، خاوەنی مێژوویەکی پاکی موسڵمانیەتی و کوردایەتین و چەندین زانای گەورەی ئیسلامیمان هەیە، هەر لە ئەحمەدی خانی تا دەگاتە مەولەوی و نالی، بۆچی ئیسلامی سیاسی ئەم مێژووە فەرامۆش دەکات و دەیەوێت مێژوویەکی دیکە لە کوردستان بڵاو بکاتەوە، کە ئەویش مێژووی عەرەبییە؟**

- بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە بەوە دەست پێدەکەم، لەو کاتەی کە پیرەمێردی شاعیری گەورەی کورد لە تورکیا بۆ شاری سلێمانی دەگەڕێتەوە، پێی دەڵێن: بۆچی هاتیتەوە؟ کە لەو کاتەدا سلێمانی کارەبای نەبووە و زیندەوەری وەکو دووپشکی زۆر بووە. ئەوە لە وەڵامدا پیرەمێرد دەڵێت: «کاولەکەی وەتەن هێندە شیرینە ژەهری دووپشکی لام وەك هەنگوینە». مەبەستی ئەوەیە کە دەبێت هەموو کاتێك مرۆڤ خاك و نیشتمان و میللەتەکەی خۆی لای پیرۆزتر و خۆشتر و شیرینتر و چاکتر بێت. لەلایەکی دیکەوە ئێمە مێژوویێکی زۆر پڕبەخشش و جوان و گەورەمان لە ئایینی ئیسلام هەیە و خاوەنی زانا و بلیمەت و کەسانی زۆر دڵسۆزین بۆ ئیسلام، هەر وەکو هەندێکیان ناویان لە پرسیارەکەتانەوە ئاماژەیان پێ کراوە، کە زۆر

**هەر کاتێک ئایینی ئیسلام دابەش بکرێت بۆ عیبادات و سیاسەت، ئەوە گۆڕانکارییەک لە بنەما و شیرازەی ڕاستەقینەیی ئایینەکە دروست دەکات**

**ئەمڕۆ کەسانێک، یان گرووپ و لایەنی سیاسی بە ناوی ئیسلام پەیدا بوون، کە هیچیان لەگەڵ یەکتر ناگونجێن و هەر یەکەیان بە جۆر و شێوازی جیاواز بیر دەکەنەوە، کارەکانیشیان لەپێناو بەرژەوەندیی تەسکی خۆیانە، بەتایبەتی لەپێناو گەیشتنیان بە دەسەڵاتە**

**ئەو ئیسلامییە سیاسییانەش وەکو ئەو لایەنە سیاسییانەی دیکە دەبێت مۆڵەت لە حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار وەربگرن بۆ مومارەسەکردنی پەیڕەو و پڕۆگرامەکانیان و بەشداربوون لە کایە سیاسی و حوکمدارییەکانی ئەو وڵات و کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دروست بوون**

**ئیسلامی سیاسی لە دەرەوەی هەموو ئەو سیفەت و کارە ڕاستەقینانەیە کە لەلای ئیسلام پیرۆزە و خۆبەختیی بۆ دەکرێت**

لەوە زیاتر و بەناوبانگتریشمان هەیە. لێرەدا تەنیا دەڵێین مێژووی ئیسلامی بە شانازییەوە یەکێکی وەکو سەلاحەدینی ئەیوبی باس دەکات، کە دەزانین ئەوە کورد بووە و چەند دڵسۆز و خەمخۆری ئیسلام بووە. لەلایەکی دیکەوە کورد و کوردستان خاوەنی چەندین مەدرەسەی ئایینی و حوجرە بووە و چەندین تەریقەتی ئایینی ئیسلامی تێدا هەیە و خزمەتی زۆریان بەو ئایینە کردووە و کورد مێژووەکەی خۆی جێگای شانازییە لەسەر ئاستی هەموو وڵاتانی ئیسلامدا، بەڵام ئەو لایەن و گرووپانە بەتایبەتی ئیسلامی سیاسی کە خۆیان هەڵدەخەڵەتێنن لە پێناسەی ڕاستەقینەی مێژوو و مێژووی ئیسلامی بەتایبەتی، کە ئەمەشیان تەنیا بۆ بەرژەوەندیی دوژمنانی نەتەوە و نیشتمانی کورد و کوردستانە، هەر بۆیە ئەرکی حکومەت و لایەنی پەیوەندیداری هەرێمی کوردستانە کە سنوورێك بۆ ئەو بیر و بەرنامە توندوتیژ و نامۆیانە دابنێن و نەهێڵن گەشە بکەن. ئەرکی مامۆستا و زانایانی ئایینییە لەسەر مینبەرەکانیان لە وتار و ئامۆژگارییەکانیان ئەو پەیامە ناڕوون و گێرەشێوێن و نانەوەی ناسەقامگیرییەی ئەو گرووپ و لایەنانە بە خەڵك و کۆمەڵگەکەمان بگەیەنن، تاوەکو خەڵك ئاگادار بێت و خۆیان لێ بەدوور بگرن و نیشتمانەکەمان گرفتی نالەباری بۆ دروست نەبێت.

*** هەندێ لایەن و گرووپ بەناوی ئیسلامەوە پرۆسەیەك بەڕێوە دەبەن، وەك ئەوەی بیانەوێت سەرلەنوێ کۆمەڵگەی کوردستان بە ئیسلام بکەنەوە، ڕاشکاوانەتر وەك ئەوەی میللەتی ئێمە موسڵمان نەبووبێت و ئەوان بیانەوێت موسڵمانی بکەن. ئایا دەکرێت ئیسلامەتی تەنیا ئەو ئیسلامە بێت کە حزبە ئیسلامییە سیاسییەکان پێناسەی دەکەن؟**

- گەلی کورد گەلێکی موسڵمانی زۆر پاك و بێخەوشە و گیانفیدایی کردووە و خوێنی خۆی بۆ خزمەتی ئایینی ئیسلام بەخشیوە، ئێستاکەش لە ئاستی هەموو دونیا و مرۆڤایەتی گەلی کورد گەلێکی زۆر بێ وێنەی موسڵمانە و ئایینەکەی خۆی گرتووە، تەنیا بۆ بەندایەتی خوای گەورە و عیبادەتە. ئەو کەس و گرووپانە دوورن لە ئایینی ئیسلام، ئەگەر ئیسلامیش بن، ئەوە گوناهی زۆریان دەگات کە تێڕوانینی وا خراپ و بەهەڵەیان لەسەر ئێمەی کوردی موسڵمان هەیە، چونکە لەو کاتەی کورد بووەتە موسڵمان، ئایینەکەی زۆر بە پاکی و دوور لە هەموو کارێکی ناڕەوا پەیڕەو کردووە. وەکو ئاماژەمان پێدا، ئێمەی خاوەنی سەدان زانا و بلیمەتین لە بوارەکانی زانستی ئایین و بنەماکانی و لە سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) کەسانی کورد پیاوی متمانە و جێگای باوەڕی پێغەمبەر (د.خ) و هاوەڵانی بوون. لەلایەکی دیکەوە کورد مێژوویێکی جوانی ئیسلامی بۆ خۆی تۆمار کردووە. ئەو کەس و لایەنانە کە ئەو بیر و بەرنامە مەترسیدارانەیان هەڵگرتووە، دەبێت باش بزانن ئێمەی پیاوانی ئایینیش دڵنیایان دەکەینەوە، کە زۆر دوورن لەوەی بتوانن زەفەر بە کۆمەڵگەی کوردی موسڵمان ببەن، بۆ ئەو کارە نامۆ و نەگونجاوانەیان.

*** باس لە بەرهەمهێنانی توندوتیژی و تیرۆر دەکرێت لە هزری ئیسلامی سیاسی، ئایا چاندنی تۆوی توندوتیژی و ئیرهاب لە کۆمەڵگە، تاچەند کۆمەڵگە بەرەو ناسەقامگیری و کاولبوون دەبات و ئایینی ئیسلام چۆن لێی دەڕوانێت؟**

- لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا بە هیچ جۆرێك تۆوی توندوتیژی نییە و لە شەرعەکانیشدا ئامۆژگاریی پێغەمبەر (د.خ) ئەوە بووە کە دوور بن لەو کەسانەی کە پەیوەندییان بە شەڕەکەوە نییە، یان بەشدار نین، یان بەساڵاچوون و نابێت دەست بۆ ئاژەڵ و باڵندە و دار و درەختیش ببرێت، واتە هەموو توندوتیژییەك لە ئایینی ئیسلام گونجاو نییە و توندوتیژی هۆکارێکی مەترسیدارە لەسەر ناسەقامگیری و تێکدانی باروودۆخی کۆمەڵگە. من باوەڕم وایە توندوتیژی بە هەموو جۆرەکانی لە ئیسلامدا حەرامە و دووربوون لە توندوتیژی هۆکارێکی بەختەوەری و ئاسوودەیی خێزان و هەموو کۆمەڵگە و وڵاتێکە، ئایینەکەش هەر بۆ ئەو کارە باشانە و بۆ بەرژەوەندیی مرۆڤ هاتووە. وەکو پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: «من نێردراوم بۆ ئەوەی هەموو کار و ڕەوشتە باش و بەرزەکان تەواو بکەم».

**پیرەمێرد دەڵێت: «کاولەکەی وەتەن هێندە شیرینە ژەهری دووپشکی لام وەک هەنگوینە»**

**گەلی کورد گەلێکی موسڵمانی زۆر پاك و بێخەوشە و گیانفیدایی کردووە و خوێنی خۆی بۆ خزمەتی ئایینی ئیسلام بەخشیوە**

**لە سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) کەسانی کورد پیاوی متمانە و جێگای باوەڕی پێغەمبەر (د.خ) و هاوەڵانی بوون**

**دووربوون لە توندوتیژی هۆکارێکی بەختەوەری و ئاسوودەیی خێزان و هەموو کۆمەڵگە و وڵاتێکە**

# پێکەوەژیانی ئایین و نەتەوە جیاوازەکان لە ناو عەقیدە و فیکری بارزاندا

سەردانەکانی هەر چوار سەرکردەی بارزان بۆ پەرستگەی پیرۆزی لالش. زیاتر لە مانا و قووڵاییەکی تایبەتی و مێژووییان هەیە (بارزانیی نەمر، جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی، ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی، ڕێزدار مسرور بارزانی).

کاتێك باسی کوردایەتی دەکرێت، پێویستە شکۆدارانە یادی شێخی بارزان بکەینەوە لە دامەزراندنی فیدراسیۆنی حەوت عەشیرەتە کوردییەکە و دانانی چەند یاسایەك کە تائێستاش بەرکارن، کە جێی شانازییە بۆ هەموو کوردستانیان، وەك (مافی منداڵانی بێسەرپەرشت، مافی ئافرەت لە ڕەتکردنەوەی بە زۆر بەشوودان، ڕەتکردنەوەی ژن بە ژن، قەدەغەکردنی ڕاوی ئاژەڵ لە وەرزی زاوزێدا، قەدەغەکردنی بڕینەوەی درەخت، ڕەتکردنەوەی دەرەبەگیی کشتوکاڵ، بەرگریی بەردەوام لە پێکەوەژیانی نێوان ئایینەکان). ئێمە لێرەدا ناچینە نێو ئەو وردەکارییانەوە، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە قوتابییانی ئەم قوتابخانەیە بوونەتە سەرکردەی نموونەیی لە بزووتنەوەی ڕزگایخوازی کوردستاندا، جا بۆ ئەوەی زیاتر لەم ناونیشانەمان نزیك ببینەوە، پێویستە ئاماژە بە گەشتەکەی بارزانیی نەمر بکەین بۆ بادینان لەگەڵ پێنج سەد کەس لە یاوەرانی دڵسۆزی.

گوندی مەغارەی زۆر نزیك لە لالش، کە چۆڵ کرابوو، بارەگای بارزانیی نەمر بوو. هەرچەندە گوێم لە زۆر کەس دەبوو شایەتییان دەدا کە بارزانیی نەمر سەردانی لالشی کردووە، لەوانە خوالێی خۆش بێت شێخ شەمۆی مامم، کە هەمیشە دەیگوت خودی بارزانیم دیوە کە لە دامێنی چیای زهێرە لە لالشەوە هاتبوو، لە پرسەیەکدا لە شاری بلیفیلتی ئەڵمانیا شێخ ئوسمان ئیبراهیم کە کوردێکی ئێزدیی تورکیا بوو، بە بڕوا بەخۆبوونەوە دەیگوت بە دوای قسە و قەولی ئەدەبیاتی ئایینی ئێزیدیدا دەگەڕام لە لالش، بۆیە سێ ساڵ زیاتر لە لالش مامەوە، لەو کاتەدا بارزانیی نەمرم بینی و قسەم لەگەڵ کرد، ئەو دەشڵێت، بارزانی دەیگوت: «پیرۆزیی لالش شانازییە بۆ هەموو کورد»، بەڵام خوالێی خۆش بێت (فەقیر حەجی شەمۆ) خزمەتکاری لالش چەندین جار بۆی دووپات کردمەوە کە بارزانیی نەمر سەردانی لالشی کردووە کاتێك لە گوندی مەغارەوە تەشریفی هێنابوو، چاوی بە (فەقیر شەمۆ)ی باوکی کەوتووە، بەڵام پێشمەرگە خوا لێی خۆش بێت ساڵح نەرمۆ (فەرماندەی بەتاڵیۆن) ئەویش چەندین جار ئەمەی دووپات کردەوە بە ئامادەبوونی ئوسمانی کوڕی و پێشمەرگە میرزا بۆزانی و نووسەری ناودار ئەدیب چەلکی و نووسەر دەڵێت: «لەکاتی سەردانم بە یاوەریی خەباتگێڕ عەبدولڕەحمان ئاپۆ بۆ لای پێشمەرگەی دێرین خاڵ حەسۆ مەحموود بابەکر شێروانی (حەسۆ کانیالنجی) و بە ئامادەبوونی خوشکەزاکەی (یوسف) لە ماڵی خۆی لە شارۆچکەی (دیانا) وەك شایەدحاڵێکی زیندوو، دووپاتی کردەوە کە ئەو لە ڕیز ئەو هێزە گەورەیە یاوەری بارزانیی نەمر بووە لە گوندی مەغارە، ئەو جەختی لەوە کردەوە کە ئازووقە و خواردن لە لاش زۆر بەردەست بووە، خواردنیان بە هەموو هێزی پێشمەرگە دەدا، بەپێی ڕێنماییەکانی بارزانیی نەمر ئازووقەمان بە نهێنی دەهێنا،

**کاتێک باسی کوردایەتی دەکرێت، پێویستە شکۆدارانە یادی شێخی بارزان بکەینەوە لە دامەزراندنی فیدراسیۆنی حەوت عەشیرەتە کوردییەکە و دانانی چەند یاسایەک کە تائێستاش بەرکارن، کە جێی شانازییە بۆ هەموو کوردستانیان**



## پێشمەرگە شێخ زەیدۆ باعەدری

بۆ گوڵانی نووسیوە

تاکو لەلایەن فرۆکە و تۆپەکانی دوژمنەوە نەکرێنە ئامانج».

شایانی باسە هێزەکان کرابوونە دوو بەش، بەشێك روویان لە مربیا کرد بە سەرۆکایەتیی محەمەد ئەمین میرخان مێرگەسۆری، بەشەکەی دیکە بەرەو دهۆك لە رێی بریفکا لە ١٩٦٢/٣/٧. مەبەست لەمەش بۆ ئەوە بوو کە بیسەلمێنین و دەریبخەین تا چەند سەرکردەکانی ئەم قوتابخانەیە بە تەنگ پێکەوەژیان و پرەنسیپی یەکترقبوڵکردن و پاراستنی پێکهاتە بچووکەکانەوەن، دوای ئەوەش سەردانی دیکەی بەدوادا هات، وەك سەردانی کاك ئیدریسی هەمیشە لەیاد و کاك مسعود پێکەوە بۆ شێخان (عەین سفنی)ماڵی خوالێی خۆش بێت بابەشێخ و کۆشکی ئیمارە، هەروەها بۆ ناحیەی باشیك و بەحزان، پاشان بۆ مەزاری شەرەفەدین لە چیای سەرکەشی شنگال، لەوێ لەلایەن جەماوەرێکی زۆرەوە زۆر بە گەرمی پێشوازی کران و ئۆتۆمبێلەکەیان خستە سەرشانیان. بە راستی دەکرێ وەسفی ئەو سەردانە مێژووییانە بکرێت، هەروەها دووپاتکردنەوەیان لەسەر رەسەنایەتی و مێژووی هاوبەش.

لە ١٩٩١/٩/٢٧دا کاتێك سەرۆك مسعود بارزانی لە شاندی وتوێژەکان دەگەڕایەوە، سەردانی پەرستگەی لالشی کرد بە یاوەریی خوالێی خۆش بێت خەیری بەگ، لەوێ رێورەسمێکی ئایینی و خوێندەوەی قەول و ستایشی ئایینی بۆ بەرێیان کرا لەلایەن هەردوو کەسایەتی خوا لێیان خۆش بێت (فەقیر حەجی و بابە چاوێش). بەڵگەی زۆر و فیلمی ڤیدیۆ زۆرن کە ئەمە دووپات دەکەنەوە، نووسەریش یەکێك بوو لە ئەندامانی لێژنەی راگەیاندنی لقی یەك.

لەبەر ئەوەی پابەندبوون و رەوشتی باڵا لە رێبازی بارزانیی نەمرەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە کاك نێچیرڤان بارزانی لەسەر هەمان رێبازە، دوای ئەویش دەوڵەتمەدار سەرۆك وەزیران کاك مسرور بارزانی بە هەمان شێوە، شانازییە بۆ من یاوەری بەرێزیان بووم. ئەمەش بەڵگەیە بۆ رەهەندگەلێکی دیکەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، ئەمە پەیامێکە بۆ دوژمنانی کوردستان، ئەگەر لە ئایینیدا جیاواز بین، بەڵام خاك و خوێن و ئارەقە و زمان و چارەنووس کۆمان دەکاتەوە، ئەمە پەیامە بۆ هەموو رۆڵەکانی گەلی کوردستان، کە جیاوازی لە نێوان مزگەوت و کەنیسە و پەرستگەی ئێزدیدا نییە.

لێرەدا سادەیی و خاکەڕایی بارزانییەکان دەردەکەوێت، هەروەها سووربوونیان لەسەر پاراستنی پێکهاتە بچووکەکان، ئەمە دەبێتە دڵنیایی بۆ کەمایەتییەکان کە بە ئاشتی و ئەمان بژین، نەك وەك ئەوەی سەدامی گۆڕبەگۆڕ کردی کاتێك ئێزدی و کریستیان و شەبەك و تورکمان و کاکەییەکانی بە عەرەب و سادە تۆمار کرد، چاکترین بەڵگەنامەی سەرژمێریی دانیشتووانیش لە ساڵانی ١٩٧٧ و ١٩٨٧ و ١٩٩٧. تا داڕۆژی رووخانی رژێم، تەعریب و راگواستنی زۆرەملێ و بەعسیکردن هەر بەردەوام بوو.

لێرەوە روو لە گەلی کوردستان دەکەین و دەڵێین نێوان ئەو دوو شتە چەند جیاوازە.

خوای گەورەش ئاگاداری نیاز و کردارمانە.

**خوالێی خۆش بێت (فەقیر حەجی شەمۆ) خزمەتکاری لالش چەندین جار بۆی دووپات کردمەوە کە بارزانیی نەمر سەردانی لالشی کردووە کاتێک لە گوندی مەغارەوە تەشریفی هێنابوو**

## حەیات مەجید:
## چالاکی مەدەنی و ئەندامی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان:

# مێژوو ئەوەی سەلماندووە کە ئافرەتی کورد لە زۆربەی ئافرەتانی وڵاتانی دەوروبەرمان ئازادتر بووە و شەڕیشیان بۆ ئازادی کردووە




*** چالاکانی بواری مافی ئافرەتان جەخت لەوە دەکەنەوە، ئەگەر ئافرەت خاوەنی ئابووری خۆی بێت، دەتوانێت باشتر خێزان بەڕێوە ببات، بەڵام ئەمڕۆ دەبینریٚ ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران لە هەڵکشاندایە، بەشی زۆری حاڵەتەکانیش لە نێوان ئەو هاوسەرانەیە کە ئافرەتەکە خاوەنی سەرچاوەی داهاتی خۆیەتی، خوێندنەوەت لەسەر ئەمە چییە؟**

- زۆر گرنگە ئافرەت خاوەنی داهات و ئابووریی سەربەخۆی خۆی بێت. کەی ئافرەت خاوەنی سەربەخۆیی ئابووری بوو، خاوەنی بڕیاردانی خۆیشی دەبێت. بۆیە دەبینین ئێستا ڕێژەی جیابوونەوە لە هەرێمی کوردستان زۆرە. بابەتەکە ئەوە نییە کە ئافرەتی خاوەن ئابووریی سەربەخۆ، ئافرەتێکی لووتبەرزە و هیچی قبووڵ نییە، نەخێر بەو جۆرە نییە. ئافرەتی خاوەن ئابووریی سەربەخۆ ئافرەتێکی وشیارە، ئافرەتێکی ماندووە و لە ماف و لە بەرپرسیاریەتییەکانی خۆی تێدەگات. واتە هەر کاتێك ئافرەت لە ماف و بەرپرسیاریەتییەکانی خۆی تێگەیشت، ناهەقییەکان قبووڵ ناکات. حورمەتێکی زۆز زۆرم بۆ ئافرەتانی کوردستان هەیە، زۆریش هەن لەو ئافرەتانەی کە جیا دەبنەوە خاوەنی هیچ داهاتێکی خۆشیان نین، بەڵکو ئافرەتانێکن خزمەت بە ماڵ و منداڵی خۆیان دەکەن، ئەوانە جێگەی ڕێز و تەقدیرن، بەڵام دەتوانین بڵێین هۆشیارییەکان جیاوازترە. ئافرەتێك کە چووە دەرەوە و کاری کرد و تێکەڵی دونیاکانی دیکە بوو، کە لە زۆر شت تێگەیشت، ناهەقییەکانی پیٚ قبووڵ ناکرێت. ڕەنگە ئەوە یەکێك بێت لە هۆکارە سەرەکییەکان.

*** ئەگەر سەیری ڕێژەی قوتابیانی کچ بکەین لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن بە قۆناغی خوێندنی باڵاشەوە، دەبینین ژمارەی قوتابیانی کچ لە کوڕان زیاتر نەبن، کەمتر نین، بەڵام لە بواری کاری حکوومی و سیاسی و بازاڕدا ئەو دەرفەتەی بۆ پیاوان فەراهەم دەبن، بۆ ئافرەتان فەراهەم نابن، ئایا وەك ئەکادیمییەك چۆن سەیری ئەم پرسە دەکەیت؟**

- بۆ پەرلەمان و ئەنجومەنە خۆجێیەکان یاسامان هەیە و لە هەر یەکێك لە مانە ڕێژەیەك بۆ ئافرەت دانراوە، ڕنگە ئەمە بۆ بیست ساڵ پێش ئێستا گونجاو بێت، دوای دەرچوونی ئەو یاسایەش تائێستا چەندین جار هەموار کراوەتەوە و بە هەمان ڕێژە جێگیر کراوەتەوە. پێویستە گۆڕانکاری لە ڕێژەکەدا بکرێت، چونکە دونیا بەرەو گۆڕانکاریی گەورەتر هەنگاو دەنێت و ئافرەتان لە ئێستادا خوێندەوارتر و چاوکراوەترن، دەکریٚ هەلی زیاتریان بۆ بڕەخسێنرێت تاوەکو بێنە پێشەوە و لەناو ڕێژەیەکی دیاریکراودا قەتیس نەکرێن. لەلایەکی دیکەوە لە ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە کوردستانیش بەشێکە لەو ناوچەیە، دەبینین پیاو سیاسەت دەکات، پیاو ئیدارەی وڵات دەدات، ئەوەش کاریگەری لەسەر کوردستان دەبێت. ڕەنگە کوردستان لە زۆر لە وڵاتانی دیکە لەم ڕووەوە باشتر بێت، هەرچەندە تمووحی ئافرەتانمان زۆر لەوە زیاترە و پێویستە گۆڕانکاری لە یاساکاندا بکرێت و هەنگاوەکان خێراتر بکرێن، هاوکات پێویستە حزبە کوردستانییەکان

**حەیات مەجید، نووسەر و چالاکی مەدەنی و ئەندامی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان قسە لەسەر هەنگاوە ئومێدبەخشەکانی خانمانی کورد دەکات، جەختیش لەوە دەکاتەوە یاساکان پێویستیان بە گۆڕانکاری هەیە، بۆ ئەوەی لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردی بگونجێت، ئەمەش پێویستی بە شەڕ و کۆدەنگیی ئافرەت و ڕێکخراوەکان و پێویستی بە هەڵوێستی پیاوانی دڵسۆزی پرسەکانی ئافرەت هەیە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

دەرفەتی زیاتر بۆ ئافرەتان بڕەخسێنن، تا بتوانن کاری سیاسی و حوکمڕانی و مەدەنیی خۆیان بکەن.

*** ئەگەر چەمکی ئافرەتی کورد لە چوارچێوە لۆکاڵی و ناشناڵییەکەی پێناسە بکەین، ئایا دەبێت چۆن وەبەرهێنان لە کچاندا بکەین، بۆ ئەوەی ئافرەتانی دوارۆژی کوردستان لێهاتوو بن؟**

- بێگومان ئافرەتان سەرچاوەیەکی گرنگی مرۆیین لە کاری سیاسی و حوکمڕانی و مەدەنی و تەنانەت لە کاری بازرگانیش، بۆیە پێویستە ئافرەتان زیاتر هەم گرنگی بە تواناکانیان بدەن و هەم لە ڕێگەی ڕێکخراوە جیاوزەکان و هەم حکومەتیش هاوکار بێت بۆ سەپۆرتکردنی زیاتری ئافرەتان تا بتوانن ئەو سەرچاوە گرنگە مرۆییە کار لەسەر تواناکانیان بکرێت و تواناکانی خۆیان نەشارنەوە و بتوانن تواناکانی خۆیان دەربخەن.

*** بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکان کۆمەڵگە پێویستی بە ئافرەتی بەهێز هەیە. ئایا ئافرەتان بە چ ڕێگەیەك ئەو هێزە بە دەست دەهێنن؟**

- من بڕوام وایە ئافرەتی کورد یەکێکە لە ئافرەتە هەرە بەهێزەکانی دونیا، چونکە ڕووبەڕووی زۆر تەنگ و چەڵەمە و ئاستەنگی گەورەی ژیان دەبێتەوە، سەرەڕای ئەمانەش هەر بەهێزە و هەر گەشبینە و هەر شەڕ دەکات بۆ مافەکانی خۆی و بۆ مانەوەی لە ژیان و ئیرادەی بەهێزی هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت سەربکەوێت و سەریش دەکەوێت. من باوەڕی تەواوم هەیە بەوەی کە ئافرەتانی کورد کاتێك ڕووبەڕووی ئاریشەکان دەبنەوە، سەرکەوتن بەدەست دەهێنن و سەریش دەکەون، لەبەر ئەوەی بڕوایان بە تواکانی خۆیان هەیە.

*** کاتێك باسی بیری نەتەوەیی هەر نەتەوەیەك دەکرێت، باس لە زمانی دایك، پەروەردەی دایك دەکرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە قوتابخانەی یەکەم بۆ بیری نەتەوەیی ئەو دایکەیە کە ڕۆڵەکەی چۆن پەروەردە دەکات، ئایا لەناو بیری نەتەوەیی کوردستانیدا پڕۆژە بۆ ئازادیی ئافرەت دەبێت چۆن بێت؟**

- کاتێك باسی زمانی دایك و پەروەردەی دایك دەکەین، بێگومان دایك یەکەم قوتابخانەیە کە منداڵ پەروەردە دەکات، لەوێوە هەنگاو دەنێین بەرەو قوتابخانەی دووەم و بەرەو دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی ئاشتیخواز و مەدەنی، کۆمەڵگەیەك کە بتوانێ ئەو منداڵەی کە پەروەردەی دەکات، سوودێکی باشی بۆ خاك و وڵاتەکەی هەبێت، لە بەرانبەریشدا خاك و زمانەکەی خۆی خۆش بوێت. بێگومان ئەوە دایکە کە ئەلف و بێی کوردایەتی و پەروەردەی جوان دەخاتە هزری منداڵەکەیەوە، چونکە ئافرەت قوتابخانەیە و وتەیەك هەیە، دەڵێت: ئەگەر ئافرەتێك ڕۆشنبیر بێت، خێزانێك و کۆمەڵگەیەك ڕۆشنبیر دەبێت، بەڵام ئەگەر پیاوێك ڕۆشنبیر بێت، تەنیا تاکێك ڕۆشنبیرە.

*** کاتێك سەیری مێژووی نەتەوەکەی خۆمان دەکەین، دەبینین بەراورد بە نەتەوەکانی دیکەی دەوربەرمان، ئافرەتی کوردستان ئازادییەکی زۆر زیاتری هەبووە. دەکرا لەو مێژووەوە ئازادیی ژنی کوردستان زیاتر پێناسە بکرایە، بەڵام ئەو مێژووە فەرامۆش کراوە. چی بکەین بۆ ئەوەی جارێکی دی مێژووی کوردستان ئازادیی ژنان پێناسە بکاتەوە؟**

- مێژوو ئەوەی سەلماندووە کە ئافرەتی کورد لە زۆربەی ئافرەتانی وڵاتانی دوروبەرمان ئازادتر بووە و شەڕیشیان بۆ ئازادی کردووە. ئافرەتانی کورد بە ماندووبوون و کۆڵنەدان شەڕی بە دەستهێنانەوەی مافە دەستووری و کۆمەڵەیەتییەکانیان کردووە، وەك پێشتریش ئاماژەم پێدا، یاساکانمان پێویستیان بە گۆڕانکاری هەیە، کە لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردی بگونجێت، ئەمەش پێویستی بە شەڕ و کۆدەنگیی ئافرەت و ڕێکخراوەکانە، پێویستی بە هەڵوێستی پیاوانی دڵسۆزی پرسی ئافرەت هەیە. ئافرەتانی ئێمە لە ئێستا و لە ڕابردووشدا بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵێك مافی ڕەوای خۆیان ماندوو بوون و بەربەستە کۆمەڵایەتییەکانیان تێکشکان، ئافرەتانی ئێمە وەکو ئافرەتێکی بەتوانا و کۆڵنەدەر و قوربانیدەر بەرجەستەن، ئەمەش مێژوو بە شانازییەوە دەینووسێتەوە.

**هەر کاتێک ئافرەت لە مافەکانی خۆی و لە بەرپرسیارییەتییەکانی خۆی تێگەیشت، ناهەقییەکان قبووڵ ناکات**

**پێویستە حزبە کوردستانییەکان دەرفەتی زیاتر بۆ ئافرەتان بڕەخسێنن، تا بتوانن کاری سیاسی و حوکمڕانی و مەدەنیی خۆیان بکەن**

**ئافرەتی کورد یەکێکە لە ئافرەتە هەرە بەهێزەکانی دونیا، چونکە ڕووبەڕووی زۆر تەنگ و چەڵەمە و ئاستەنگی گەورەی ژیان دەبێتەوە**

## ڕازاو شوان:

# خەسووم بە سەری سپییەوە پێی گوتم ئەگەر باسی جیابوونەوە بکەی بوختانت پێدەکەم و دەڵێم کەسێکی دیکەی خۆش دەوێت

**زۆرن ئەو ئافرەتانەی لە نێو بەرداشی ماڵە باوان و ماڵە خەزووران تووشی نەهامەتی و مەینەتی جۆراوجۆر بوون. ڕازاو شوان ئافرەتێکی تەمەن ٤٦ساڵەیە و دایکی دوو کچی دوانەیە، ئەو دانیشتووی شاری هەولێرە و لەم دیمانەیەدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باسی مەینەتییەکانی ژیانی خۆی دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

ڕازاو شوان، ئافرەتێکی دانیشتووی شاری هەولێرە و بە هۆی دۆخی تایبەتیی ژیانییەوە بە ناوی خوازراو دەیەوێت باسی ئازارەکانی ژیانی بکات. بەمجۆرەش باسی ژیانی ڕابردووی دەکات: «١٥ ساڵ پێش ئێستا لەگەڵ باوکی کچەکانم هاوسەرگیریم کرد، وەك هەر ژن و مێردێکی ئاسایی دەژیاین، بەڵام ژیانمان بێ کێشە و گرفت نەبوو، بەڵام ئەمن کەم تا زۆر خۆم لەگەڵ دۆخەکە گونجاندبوو. مێردەکەم لە هیچ ئیشێکی خراپ دەستی نەدەپاراست، تەنانەت هەوڵی ئەوەی دەدا بۆ دەستکەوتنی پارە لەکەدارم بکات. شەوانە برادەرەکانی دەهێنایەوە ماڵەوە و تا نیوەشەو خەریکی دۆمینە و کۆنکان بوون، بە ڕۆژیش دەنووست و هیچ کار و کاسبییەکی نەدەکرد. دەبوو چاوم لە دەستی خەسووم بێت تاوەکو شتێك بۆ منداڵەکان بکرێت.

ڕۆژێك یەکێك لە برادەرەکانی دەستی گرتم و گوتی: خۆشم دەوێی. ئەمنیش تفێکم لێی کرد و گوتم: لە



مێردە ناپیاوەکەم ڕادەبینی بۆیە ئەو قسەیە دەکەی؟ بەس ئەمنت نەناسییە و جارێکی دی ناماقووڵیی وابکەی، چی خراپە پێت دەکەم. دواتر بۆ مێردەکەمم گێڕایەوە و پێی گوتم: ئاساییە بە دڵێکی پاك و ساف پێی گوتی. ئیدی لەو ڕۆژەوە زانیم هیچ غیرەتێکی پیاوانەی نییە».

ڕازاو بە چاوی پڕ فرمێسکەوە بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: «لەو ماوەیەدا دووجار ڕۆشتمەوە ماڵی بابم و بە دایکمم گوت: ناتوانم لەگەڵ ئەو پیاوە بژیم. شەرەف و غیرەتی نییە. چارەسەرێکی لێبکەن، یان هیچ نەبێ با بابم قسەی لەگەڵ بکات. بەڵام دایکم گوتی: ئەمڕۆ ئەو قسەیەت کرد جارێکی دی ئەو قسەیە مەکەوە، ئاگات لە کچەکانت بێت. ناچار دەهاتمەوە و ئەمجارەیان بە خەسوومم گوت: ئەگەر کوڕەکەتان نەسیحەت ناکەن، لێی جیا دەبمەوە. خەسووم بە سەری سپییەوە پێی گوتم: ئەگەر باسی جیابوونەوە و تەڵاق بکەی بوختانت پێدەکەم و دەڵێم کەسێکی دیکەی خۆش دەوێت. بە ناچاری لەو ژیانە بەردەوام بووم».

ڕازاو وەك خۆی باسی کرد دوو کچی دووانەی هەیە و باوکی منداڵەکانیشی کەسێك نەبووە کە چاوەڕوانی ئەوە بێت گۆڕانکارییەك لە کەسایەتیی خۆی بکات، بۆیە لێی جیا دەبێتەوە. چیرۆکی جیابوونەوەشیان بەمجۆرە دەگێڕێتەوە «کچەکانم دووانەن و تەمەنیان بووە پێنج ساڵ، ڕۆژێك خەبەرمان بۆ هات مێردەکەم لەسەر دزی گیرابوو، دواتر ماوەی ساڵێك حوکم درا، ئەمنیش بە شێوەی خولعی لێی جیا بوومەوە. لەبەر ئەوەی هیچ جێگەیەکم نەبو، گەڕامەوە ماڵی بابم. ئەوکات بابم نەمابوو بە ڕەحمەت بێت. برا و براژنەکانم دوای ماوەییەکی زۆر کەم لە منداڵەکانم بێزار بوون. زەختیان لێدەکردم کە منداڵەکانم بنێرمەوە ماڵی خەسووم. هانام بۆ خوشکەکانم برد، بەڵکو دەستم بگرن» تا جێگە و ڕێگەیەك دەدۆزینەوە، بەڵام کەس نەبووە کەسم، ساڵێکمان بە دەردەسەری بردە سەر و هەر ڕۆژەی لە ماڵە برایەك و ماڵە خوشکێك بووین. کاتێك ئەو پیاوە لە زیندان دەرچوو، براکانم خەبەریان بۆ نارد و گوتیان وەرە منداڵەکانت ببەوە، بەڵام ئەو لە کەسوکارەکەم بە هەڵوێستتر بوو، لە زیندان ببووە کەسێکی تر، هات و گوتی: چیدی زوڵم لەو ژنە ناکەم و کچەکان با لای خۆت بن. هەر ئەو ڕۆژە بڕیارم دا کار بکەم و حیساب بۆ قسەی کەسوکارەکەم نەکەم. خانووێکی وەك کەلاوەم بە پارەیەکی کەم بە کرێ گرت، سەرەتا بە ماڵ پاککردنەوە دەستم پێکرد شانبەشانی ئەو کارەم، چێشتخانەیەکی بچووکم لە حەوشەی ماڵەکەم دروست کرد. بەرە بەرە داهاتم باشتر بوو. سوپاس بۆ خوا ئێستا چێشتی کوردەواری و نانی تیری دروست دەکەم و تا ئەمڕۆش بەردەوامم. ڕاستە لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا ماندوو بووم و ئازاری زۆرم چەشت، بەڵام سوپاس بۆ خوا دڵخۆشم کچەکانم لە سایە و سێبەری خۆم پەروەردە دەکەم، ئەمڕۆش تەنیا موحتاجی خوام موحتاجی هیچ کەس نیم».

ڕازاو وەك دوا قسەی گوتی: لەم دواییەدا پێویستییەکی زۆرم بە دەردەدڵ و خۆ بەتاڵکردنەوە هەبوو، کەسم شك نەبرد ئەو ئازارە پەنگخواردووەی ناخمی بۆ هەڵڕێژم، چونکە دڵم لە هەموو ئەوانەی دەوروپشتم شکاوە و متمانە بە کەسیان ناکەم، چونکە ئەوان لە جیاتی ئەوەی ببنە دەرمان بوون بە دەرد و ئێش و ئازار. بەڵام خۆشحاڵم کە بۆ گۆڤاری گوڵان قسەم کرد. پێویستە ئافرەتان پشت بە خۆیان ببەستن و هیچ شتێك لە کارکردن ساردیان نەکاتەوە.

**مێردەکەم لە هیچ ئیشێکی خراپ دەستی نەدەپاراست، تەنانەت هەوڵی ئەوەی دەدا بۆ دەستکەوتنی پارە لەکەدارم بکات**

**مێردەکەم لەسەر دزی گیرابوو، دواتر ماوەی ساڵێك حوکم درا، ئەمنیش بە شێوەی خولعی لێی جیا بوومەوە**

**برا و براژنەکانم دوای ماوەییەکی زۆر کەم لە منداڵەکانم بێزار بوون. زەختیان لێدەکردم کە منداڵەکانم بنێرمەوە ماڵی خەسووم**





ئاشنا محەمەد:

# کارکردن بەشێکە لە عیبادەت و ئافرەتانی خاوەنکار بایەخ بە تانە و تەشەرلێدانی خەڵکی نادەن

**ئافرەتی کورد وێرای بەربەست و ڕێگرییەکان هەمیشە ڕەمزی قوربانیدان و بەرگەگرتنی ڕۆژانی دژوار بووە. ئەوان هێزێکی نەبڕاوەیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە و گرفتەکان هەیە. پائۆلۆف گوتوویەتی «ئافرەت بە دەستێك لانکەی کۆرپەکانی ڕادەژەنێ و بە دەستەکەی دیکەی جیهان دەهەژێنێت». زۆرن ئەو خانمانەی بە گڕ و تینێکی زۆرەوە هاتوونەتە نێو مەیدانی کار و لەم نێوەندەدا بوونی خۆیان سەلماندووە، لەم ڕۆژگارەشدا ئافرەتانی کورد جگە لە دایکایەتی هەوڵ دەدەن شان بە شانی پیاو لە دابینکردنی بژێویی خێزان بەشدار بن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

ئاشنا محەمەد خانمێکی دەسترەنگین و بەتوانای شاری سلێمانییە و وەك خۆی باسی دەکات، ئەزموونی ٣٠ ساڵ کارکردنی لە بواری دروومانی جلوبەرگی ئافرەتان و منداڵان هەیە و خاوەنی براندی تایبەت بە خۆیەتی، لەم دیمانەیەشدا باسی هەنگاوە سەخت و دژوارەکانی کارکردنی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەکات.

ئاشنا محەمەد، دانیشتووی شاری سلێمانییە و بۆ ماوەی سێ دەیە دەبێت کە کاری دروومان دەکات. هەر لە تەمەنی مێرمنداڵی تێکەڵی بازاڕی کار بووە و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «٣٠ ساڵ پێش ئێستا واتا لە ساڵی ١٩٩٤ کاتێك قوتابیی چواری ئامادەیی بووم، کە هاوکات بوو لەگەڵ ساڵانی دوای ڕاپەڕین، بەڕاستی ژیانکردن زۆر قورس بوو. ئەوکات دوو ئابلۆقە لەسەر دانیشتووانی کوردستان هەبوو. ئابلۆقەیەکی حکومەتی عێراقی لە سەر کوردستان و ئابلۆقەیەکی نێودەوڵەتییش کە لەسەر هەموو عێراق دانرابوو. ئەوکات تەمەنم تەنیا ١٥ ساڵ بوو، دەبوو کاربکەم بۆ ئەوەی لە پەیداکردنی بژێوی ڕۆژانەی خێزانەکەم هاوکاریی باوکم بکەم، دەتوانم بڵێم هەڵبژاردنی کارەکەم حەز نەبوو، بەڵکو پێویستی بوو. دوای ١٤ ساڵ تاقیکردنەوەی دەرەکی شەشی ئامادەییم ئەنجام دا و دەرچووم. پاشان چوومە پەیمانگەی بەڕێوەبردن و کار، ئێستاش قوتابی ئەکادیمیم لە دیزاینی جلوبەرگ و ئەمساڵ مانگی ١٢ تەخەروج دەکەم».

ئاشنا محەمەد سەبارەت بە پشتگیری و هاندانی بۆ سەرکەوتن لە کارەکەی دەڵێت: «خێزانەکەم بە پلەی یەك هاندەرم بوون و پاڵپشتییان کردم. سەرەتا متمانەی باوکم و براکانم دواتریش هاوسەرەکەم وایان لێکردم هەرگیز کۆڵ نەدەم و هەنگاو بە هەنگاو بەرەو سەرکەوتن دەچووم، تاوەکو ئەمڕۆش لە کارەکانمدا پرس و ڕاوێژیان پێدەکەم».

سەبارەت بەو خانمانەش هاوشێوەی ئەو کار دەکەن و لەسەر پێی خۆیان وەستاون، بێ ئەوەی تانەی خەڵك ساردیان بکاتەوە، گوتی: «مرۆڤ هەر کاتێك کە کارێکی ڕاست ئەنجام بدات و بە ڕاستگۆییەوە کارەکەی بکات، دەبێتە جێگەی شانازی و ڕێزی دەگرن. ئافرەتانی خاوەن کار و کارامە بایەخ بە تانە و تەشەرلێدان خەڵکی نادەن، چونکە کارکردن بەشێکە لە عیبادەت، کەواتە ئەگەر ئافرەت ڕاستگۆ بێت و ئامانجی کارکردن بێت. نابێ گوێ لە تانە و تەشەری خەڵك بگرێت.

بارودۆخ ئەوەی سەلماندووە کە سەرچاوەی داهات بۆ دابینکردنی بژێویی خێزان (بەکەرتی گشتی و کەرتی تایبەتەوە)، لە سەرەکیترین پێداویستییەکانی ژیانی تاکە و لەو بوارەشدا ئەگەر پیاوان پشکی شێریان بەرکەوتووە، ئەوا ئافرەتانیش بە ڕێژەیەکی زۆر شانیان داوەتە بەر کاری دەرەوەی ماڵ و بوونەتە خاوەن ئابووریی سەربەخۆ و ژمارەی ئەو ئافرەتانەش کە لە کەرتی تایبەتدا کار دەکەن، یان بە جۆرێك لە جۆرەکان تێکەڵ بە بازاڕی کار بوون، کەم نین وئەوەش پێداگیری لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئافرەتان پێویستە ببنە خاوەن داهاتی خۆیان و ئەوەش بە پێوەرێکی گەورەی سەرکەوتنەکان لە قاندرمەی ژیان لەقەڵەم دەدات.

**تەمەنم تەنیا ١٥ ساڵ بوو، دەبوو کاربکەم بۆ ئەوەی لە پەیداکردنی بژێوی ڕۆژانەی خێزانەکەم هاوکاریی باوکم بکەم**

**دوای ١٤ ساڵ تاقیکردنەوەی دەرەکی شەشی ئامادەییم ئەنجام دا و دەرچووم**

**سەرەتا متمانەی باوکم و براکانم دواتریش هاوسەرەکەم وایان لێکردم هەرگیز کۆڵ نەدەم و هەنگاو بە هەنگاو بەرەو سەرکەوتن دەچووم**

زەینەب کاوە:

# مەینەتییەکانی کورد وەکو پێویست لە شانۆ و دراما ڕەنگیان نەداوەتەوە



*** چ کارێك هەبووە لە ناخی خۆتدا بڕیارت داوە کە هەر دەبێت بیکەیت؟**

- بڕیارم داوە ببمە ئەکتەرێکی باش و ببمە شانازی بۆ خێزانەکەم و بۆ شارەکەم، ئەوە شەش ساڵە بەردەوامم لە هەوڵدان.

*** ئەزموونی ڕاستەقینەت لە بواری نواندن کام کارت بوو؟**

- ئەزموونی ڕاستە قینەی من بۆ کاری نواندن تێزی دەرچوونم بوو لە قۆناخی پێنجەمی پەیمانگە بوو لە شانۆگەری ورچ.

*** شانۆکارانی کوردی لە هەرێمی کوردستان لە بواری کارەکەی خۆیاندا بوێرن یان شەرمنن؟**

- شانۆکارانی کورد لە هەرێمی کوردستان بوێرن، چونکە سەرەڕای ئەو هەموو نارەحەتی و بێ سپۆنسەری و نەهامەتییەی ڕووبەڕووی کوردستان دەبێتەوە، هەربەردەوامن لە نمایشی شانۆیی، ئەمەش نیشانەی کۆڵنەدان و توانای هونەرمەندانە.

*** هیچ کارێك هەیە قبووڵت کردبێت تەنیا لەبەر دەستکەوتی دارایی، بەڵام لە بنەڕەتدا کارەکەت بەدڵ نەبووبێت؟**

- نەخێر تا ئێستا لەبەردەست کەوتی دارایی هیچ کارێکی هونەریی خراپم نەکردوە و ئامادەش نیم لەبەر دەستکەوتی دارایی ناوبانگێکی بێسوود و نەشیاوم هەبێت.

*** ئاست و ڕۆڵی شانۆ بۆ داهاتووی هونەر چۆن دەبینیت؟**

- پێویستە هەردەم لەبیرکردنەوەدا گەشبین بین، سەرەتای هونەر کچ زۆر بە کەمی ڕێگەی پێ دەدرا کە بەشداری لە کارە هونەرییەکاندا بکات، بەڵام ئێستا ئەو ئازادییە زیاتر بووە و باوەڕم وایە کە شانۆ لە داهاتوودا بەرەو باشتر دەڕوات.

*** ئێمە وەك گەلی کورد لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا دەیان کارەسات و مەرگەساتمان بەسەر هاتووە، تا چەند هونەرمەندان توانیویانە بە دراما و شانۆ گوزارشت لەو نەهامەتییانە بکەن؟**

- بە ڕاستی لە شانۆ و درامادا نەتوانراوە بە ڕادەی پێویست باس لە نەهامەتی و کارەسات و مەرگەساتی کورد بکرێت.

*** لە نواندندا هێز لە چی وەردەگریت؟**

- لە نواندندا هێز لە متمانە بەخۆبوونی خۆم وەردەگرم، زۆرجار کاتێك کارێکی هونەری هاتووەتە پێشم بە خۆمم وتوە ئەتوانیت، تۆ بەهێزیت، گرینگترین شت ئەوەیە کە مرۆڤ متمانەی بەخۆی هەبێت لە هەرکارێکا کە دەیکات.

*** حەز دەکەیت چ ڕۆڵێك بگێڕیت کە تاوەکوو ئێستا نەت گێڕاوە؟**

- ڕۆڵگێڕان بە حەز نییە زۆربەی ڕۆڵەکانم گێڕاوە.

*** بۆ بەشداریکردنت لە شانۆگەریەکدا مەرجەکانی تۆ چین؟**



**زەینەب کاوە خەڵکی شاری کەرکووکە و دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان و بەشی شانۆ نواندنە، ئێستاش قوتابییە لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان بەشی سینەما و شانۆ، هەروەها شەش ساڵە بەردەوامە لە کاری هونەری، سەبارەت بەکارە هونەرییەکانی گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا**

- مەرجەکانی من بۆ بەشداریکردنم لە شانۆگەریدا ئەوەیە کە هیچ قسەیەك بە شێوازی ئەمرپێکردن نەبێت و ڕێز هەبێت لە نێوان تەواوی ستا فەکەدا.

*** کاتێك کە دەچیتە سەرتەختی شانۆ ترسی چیت هەیە؟**

- سەرەتای دەستپێکردنم لە شانۆدا ترسی نواندنم هەبوو لەوەی کە هەڵە بکەم لە حیوارەکاندا، یان لە جووڵەکان، بەڵام ئێستا ئەو ترسانەم نییە، چونکە وا شەش ساڵە کاری هونەری و نمایشی شانۆیی دەکەم.

*** بەڕای ئێوە لەکاری هونەریدا واسیتە و هاوڕێیەتی هەیە لە نێوان هونەرمەندەکاندا بۆ بەشداریکردنی ڕۆل؟**

- بەڵێ بەدڵنیاییەوە لە سەردەمی ئێستا ئەوەندەی واسیتە و هاوڕێیەتی لە نێوان کارە هونەرییەکاندا هەیە لە دابەشکردنی ڕۆڵدا، ئەوەندە بیر لە توانای ئەکتەر ناکەنەوە، خەڵکێك هەن تەنیا لەبەر ئەوەی هاورێن ڕۆڵیان پێ دەدرێت، لەکاتێکدا زۆر ئەکتەری باش هەیە کە کەس نییە بۆ کارێکی هونەری ڕۆڵێکی پێ بدات.

*** دوای ئەو هەموو ماندووبوونەت لە کاری هونەریدا، پێت وایە ماندووبونەکەت جێگەی خۆی گرتبێت؟**

- بێگوومان ماندوو بوونەکانم بە فیرۆ نەڕۆشتوون و جێگەی خۆیان گرتووە و شانازی بە یەك یەکەی کارە هونەریەکانمەوە دەکەم.

*** لە پرۆفایلی خۆتدا نوسیوتە کەس کەسی کەس نییە، خۆت بە بێکەس دەزانیت؟**

- خوای گەورە هەمووانە، کەسە و دوای خودا گەورە خێزانم هەموو کەسمن.

*** ئەو هەموو توانجەدانەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتیی فەیسبوك لەگەل کێیە؟**

- توانجەکانم بۆ کەسانی دەوروبەرە نەك تەنیا بۆ تاکە کەسێك.

*** لەکاری هونەریدا چ شتێك لای تۆ هێڵی سوورە؟**

- لای من هێڵی سوور لە کاری هونەریدا هەندێك جووڵە و ئەکتەری بەرامبەر، یان بەکارهێنانی هەندێك وشەی نەشیاو، کفرکردن، یان ئیستیغلالکردنە.

*** گەورەترین هەڵەی ئافرەت کە لەگەڵ خۆیدا بیکات چییە؟**

- متمانە لەدەستدان، یان خۆڕادەستکردن بە دەوروبەر، ئەمە ئەو هەڵە گەورەیەیە کە ئافرەت بە گشتی و ئافرەتانی هونەرمەند بەتایبەت پێویستە خۆیانی لێ بپارێزن.

*** ترسی چیت هەیە لە دەستی بدەیت؟**

- لەدەستدانی ئەندامانی خێزانەکەم و متمانەی کۆمەڵگە گەورەترین ترسی منن.

*** ناشرینترین ڕەفتاری پیاو لای تۆ چییە؟**

- ناشرینترین ڕەفتار بۆ پیاو شکاندنەوەی ئافرەتە لە پێش چاوی خەڵك، یان درۆکردن و دوو ڕووی خۆ فەرزکردن.



### نێرمین ئەلفەقێ:

# تەمەن تەنیا ژمارەیە

خانمە ئەکتەری ناسراوی میسری نەرمین ئەلفەقێ لە دیمانەیەکیدا تیشکی خستە سەر چەندین لایەنی تایبەتی ژیانی خۆی و دوایین بەرهەمەکانی.

نەرمین ئاماژەی بەوەکردووە کە بنەماکان دابەش ناکرێن و دەڵێت: «من ڕەتی دەکەمەوە تەنیا لە پێناو دەرکەوتن بەرهەمی هونەری پێشکەش بکەم، هەروەك چۆن ڕەتی دەکەمەوە تەنیا بۆ دڵخۆشکردنی کۆمەڵگە هاوسەرگیری بکەم و بەدوای سێبەری پیاوێکدا ناگەڕێم، بەڵام من هاوبەشێکی ڕاستەقینەم دەوێت، و پێشبینی دەکەم ئەم بابەتە بە ڕێکەوت بێت.»

نەرمین سەبارەت بە کاردانەوەی جەماوەر بۆ کارەکانی دەڵێت: «پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆم لەگەڵ خەڵکدا هەیە، لەسەر شەقام، لە مارکێت و لە شوێنەکانی بازاڕکردن پێداویستییەکانم دەکرم و خۆم ئۆتۆمبێلەکەم لێدەخورم، و بە وردی گوێ لەو کەسانە دەگرم کە چاویان پێم دەکەوێت و باسی کارەکانم لەگەڵ دەکەن»،نەرمین هەروەها دەڵێت: «تەمەن تەنیا ژمارەیەکە و کات ژیانێکە کە چێژی لێ وەردەگرین و لەگەڵ گەشەکردن و پێگەیشتنمان ئەو ژیانە هەڵدەبژێرین کە لەگەڵ ئێمەدا دەگونجێت و دڵخۆشمان دەکات».

سەبارەت بە ژیانی پیشەیی خۆی، دەڵێت: «لە قۆناغی ئێستادا من لە پێناو بووندا کار ناکەم، بەڵکو دەبێت کارێکی نوێ و باش هەبێت کە هاوسەنگیی هونەریم زیاد بکات، سەبارەت بە پرۆسەی هاوسەرگیری من بەدوای سێبەری پیاودا ناگەڕێم، بەڵکو پێم باشە بە تەنیا بژیم تا ئەو کەسە دەدۆزمەوە کە بتوانم ئەو تەمەنەی ماومە لەگەڵیدا بەسەر بەرم، بڕیاری هاوسەرگیرییش بە ڕێکەوت بەبێ ڕێکخستن دێت، کاتێك کەسێك کە خەونی پێوە دەبینم و بە جۆرێك پیاو بێت کو متمانەی بەخۆی هەبێت و ڕێز لە ئافرەت دەگرێت و قەدری دەزانێت، پشت و پشتیوانم بێت، بێگومان ڕەتی ناکەمەوە».



## کەیت وینسلێت:

# خۆزگە لە سەرەتای کارەکانمدا کەسێک یارمەتی دابام

خانمە ئەکتەری بەریتانی کەیت وینسلێت ڕایگەیاندووە، خۆزگە پاڵپشتی زیاتری هەبوایە بۆ ئەوەی یارمەتی بدات لە مامەڵەکردن لەگەڵ فشارەکانی ناوبانگ، لە سەرەتای هاتنە نێو بواری هونەری سینەمادا.

ئەو خانمە ئەکتەرە کە خاوەنی خەڵاتی ئۆسکارە ئەزموونی خۆی لە هۆلیوود بە کۆمەڵێك لە زەبر و زەنگی یەك لە دوای یەك و بەردەوام وەسف کردووە.

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ بی بی سی، وینسلێت گوتی: «ئاسان نییە بەم خێراییە ئەم ئاستە ناوبانگە ئەزموون بکەیت، ئەگەر ئەو کاتە ئەو شتەم بزانیایە کە ئێستا لەبارەی پیشەسازیی فیلمەوە دەزانم، زۆر دەترسام».

هەروەها دەڵێت: «خۆزگە لەم ڕۆژانەدا پشتگیریی زیاترم هەبوایە، چونکە بەڕاستی قورسە، لە شوققەیەکی بچووکدا لە باکووری لەندەن دەژیام، لەناکاو چیتر نەمتوانی بچمە نزیك ماڵەکەم تا بوتڵێك شیر بکرم، بە هۆی ئەوەی ناوبانگم پەیدا کرد،» لە درێژەی قسەکانیدا گوتیشی» «لەگەڵ گۆڕانی هەموو شتێك لە شەو و ڕۆژێکدا، خۆزگە کەسێك هەبوایە ئاگادارم بکاتەوە لەوەی چی ڕوو دەدات، وەك کەسانێك کە بە هەمان ئەزموونردا تێپەڕیون، ئەوە شتێکی شۆکهێنەر بوو و وەك ئەوە وایە یەك لە دوای یەك ٥٥ منداڵی ببێت بەبێ وەستان».



# دهۆک بەشداریی جامی کەنداوی عەرەبی دەکات

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی دهۆك بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا سەرکەوت بۆ یارییەکانی جامی کەنداوی یانەکانی عەرەبی و، بە نوێنەرایەتیی یانەکانی عێراقی شان بە شانی یانەکانی وڵاتانی عەرەب بەشداریی جامەکە دەکات، یانەی دهۆك ئەم وەرزە هەوڵی زۆری دا بۆ ئەوەی ئەو ئامانجەی لە سەرەتای دەستپێکی خولەکە هەیبوو بیپێکێت، دوای بەدەستهێنانی پلەکانی پێشەوەی ڕیزبەندی یانەکان، توانی بۆ یارییەکانی پلەی ئۆف سەرکەوێت و لەسەر حیسابی یانەکانی زەورا و نەجەف پلێتی سەرکەوتنی بۆ جامی کەنداوی عەرەبی مسۆگەر کرد، لە شاری بەغداش لە دوایین یاریدا بە ئاستێکی بەرز دەرکەوت بەرامبەر یانەی نەجەف و، توانی یارییەکەی بە تاکە گۆلێکی بێ بەرامبەر لێ بباتەوە، دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی دهۆك ئەم وەرزە لە ڕێگەی پاڵپشتییە داراییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە توانیان ئاست و ئەنجامی شایستە لە خولی پیشەگەرانی عێراقی بە دەست بهێنن، دهۆکییەکان لە جامی کەنداو شان بە شانی حەوت یانەی دیکەی عەرەبی یاری دەکەن، لە ئێستادا کارگێڕیی یانەکەش دەستیان بە خۆڕێکخستنەوە کردووە بۆ ئەوەی بتوانن کۆمەڵێك یاریزانی ئەستێرە و بەتوانا بهێنن بۆ ڕیزی یانەکەیان، بۆ ئەوەی ئەم







وەرزە هەم لە جامی کەنداو و هەمیش لە خولی ئەستێرەکانی عێراقی بتوانن پارێزگاری لە ئەنجامە باشەکانیان بکەن و درێژەپێدەری ئەم وەرزە بن لە خولەکە، دهۆك ئەم وەرزە لە خولی پیشەگەران بە درێژایی خولەکە بە پێکهاتەیەکی بەهێز و پڕ لە ئەستێرە کوردەکانی شارەکانی کوردستان شەڕی سەرجەم یانەکانی دیکەی عێراقی کردووە، هاندەرانی یانەکەش پاڵپشتییەکی بەهێزی یانەکە بوون لە یارییەکاندا و بەردەوام پاڵپشتیی تیپەکەیان کردووە، بۆ ئەوەی بتوانن ئاست و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن. لە ئێستادا یانەی دهۆك بە فەرمی گرێبەستی یاریزان (پاشەنگ عەبدوڵڵا)ی

یەکلایی کردووەتەوە کە یاریزانێکی کوردی تاراوگەیە و، گرێبەستی ژمارەیەك یاریزانی کوردی ڕیزی یانەکەشی تازە کردووەتەوە بۆ وەرزی نوێی خولەکە، لە بارەی سەرکەوتنەکانی یانەکەش دکتۆر عەبدوڵڵا، سەرۆکی یانەی وەرزشیی دهۆك گوتی: «سوپاسی پشتیوانییەکانی سەرۆکی حکومەت دەکەین بۆ بەردەوامبوونمان و سوپاسی خەڵکی شاری دهۆك و شارەکانی کوردستان دەکەین کە پشتیوانی یانەکەمان بوون، هاندەرانمان ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لە سەرکەوتنی یانەکەماندا، پشتیوان بە خودا و هیممەتی یاریزانەکانمان هەنگاو بە هەنگاو ئاستی تیپەکەمان بەرەو قۆناغی باشتر دەبین».

ئەحمەد جەبار

یاریزانی پارائۆلۆمپیی هەڵبژاردەی عێراق:

# هانی هەموو یاریزانان دەدەم کە لە هەوڵدان بەردەوام بن بۆ گەیشتن بە هەڵبژاردەی عێراق لە پاڵەوانێتییەکانی ئاسیا

هەر چەندە لە ئێستادا لە ڕێگەی چەند هۆڵێکی وەرزشی لە شارەکانی کوردستان هەوڵی زیندووکردنەوەی یاریی تایکواندۆ دەدرێت، بۆ ئەوەی بتوانن کێبڕکێی وڵاتانی جیهانی بکەن، یانەکان تاکو ئێستا هیچ گرنگییەکی ئەو تۆیان بەم یارییە نەداوە، تا وەکو یارییە کۆمەڵەکان تیپی بۆ دروست بکەن، بەڵام یاریزانان و ئاشقانی ئەم یارییە بەردەوام لە ئامادەکاریدان و لە چەندین ئیڤێنتی نێودەوڵەتیدا لەسەر ئەرکی خۆیان بەشدار بوون و ئەنجامی گەورەیان بۆ کوردستان بەدەست هێناوە، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی ئەم یارییەش کە بەردەوام گرنگی بە تواناکانی خۆی دەدات و دەیەوێت لە داهاتوودا وەکو ئەستێرەیەکی کورد و وەکو یاریزانێکی پاڕا ئۆلۆمپی بەشداری لە کێبڕکێی ئۆلۆمپیادی پاریس بکات و سەری کوردستان بەرز بکاتەوە، ئەویش یاریزان (ئەحمەد جەبار)ە، کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٦ پارێزگای هەولێرە، ناوبراو یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقە و بۆ هەریەك لە یانەکانی چۆمان و خەبات و حەشد و زیقار یاریی کردووە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێ کرد سەبارەت بەم وەرزشە.



*** بە شێوەیەکی گشتی ئاستی یاریی تایکواندۆ چۆن دەبینیت لە کوردستاندا؟**

- زۆر باشە ئەگەر پاڵەوانێتی بکرێتەوە و بودجەی بۆ دابین بکرێت ئاستی یاریزانانی کورد زۆر باشە.

***بەرێوە نەچوونی پاڵەوانێتی تا چەند کاریگەریی هەیە لە سەر ئاستتان؟**

-گرنگترین کار لەم یارییە ئەوەیە کەوا بە بەردەوام پاڵەوانێتیی بۆ ئەنجام بدرێت، چونکە بە نەکردنەوەی پاڵەوانێتی یاریزانان خۆشەویستییان بۆ ئەم یارییە نامێنێت و سارد دەبنەوە لە وەرزش، بە نەبوونی پاڵەوانێتی ئەم یارییەش نابێ.

***لە ئێستادا چی بکرێت بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە؟**

- سەرەتا پێویستە بەشە بودجەیەکی زۆر باشی بۆ دابین بکرێ، دەبێ بەشێك لە ڕاهێنەران لەم یارییە دوور بخرێنەوە، چونکە بوونە هۆکاری ئەوەی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت، ئەگەر ئەم کارانە ئەنجام بدرێت ئاستی یاریی تایکواندۆ دەچێتە قۆناغێکی باشتر و بە کردنەوەی پاڵەوانێتی زۆر باشتریش دەبێت.

***گرفتی یارییەکانی تایکواندۆ زیاتر لە چیدا دەبینی؟**

- بەڕاستی لە حەسوودیی نێوان ڕاهێنەراندا دەیبینمەوە کە چاویان بە یەکتر هەڵنایێت، هەر ڕاهێنەرێك یاریزانێکی باش دروست بکات دژایەتی دەکرێت، ئەگەر ڕاهێنەران دەست لە ناو دەست بن کاری زۆر باش دەکەن و هەڵبژاردەی عێراقی هەمووی دەبێتە کورد.

***چ هەستێکت هەیە دوو کار لە یەك کاتدا ئەنجام دەدەیت، وەرزش و کارکردن؟**

- بەڕاستی ناچارییە دوو کار، چونکە زۆر هیلاك دەبین ئەگەر کاریش نەکەین ناتوانین وەرزشی تایکواندۆ ئەنجام بدەین.

***بە نیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت وەکو یاریزانێکی پاڵەوان؟**

- تەنیا ئامادەکاری بۆ ئۆڵۆمپیاد دەکەم، هانی هەموو یاریزانانیش دەدەم کەوا لە هەوڵی خۆیان بەردەوام بن بۆ گەیشتن بە هەڵبژاردەی عێراق لە پاڵەوانێتییەکانی ئاسیا.

***بڕیارت نەداوە قوتابخانەیەکی گەورە بکەیتەوە لەم یارییە بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت و هەموویان کۆبکەیتەوە لە ژێر سێبەری خۆتدا؟**

-بە دڵنیاییەوە ئەگەر حکومەت هاوکاریم بکات هەموو یاریزانە خاوەن پێداویستییەکان دەنێرمە دەرەوە بۆ پاڵەوانێتی، ئەوە خەونی منیشە.

***داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی؟**

- داواکارم لەلایەنی وەرزشی کەوا پشتگیریی هەموو وەرزشوانان بکەن بۆ ئەوەی بگەنە ئاستێکی باش.

***خەونی وەرزشیت چییە وەکو یاریزانێك؟**

- تەنیا بەدەستهێنانی مەدالیایەکی ئۆڵۆمپیاد بۆ کوردستان بهێنمەوە.

***بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دروست بکرێ و تۆش یەکێك لە یاریزانەکانی بیت؟**

- ئەوە هەموو هیوایەکی منە، ئەگەر ڕاهێنەرانیش لەگەڵ یەك تەبا نەبن هیچ کات ئەوە ڕوو نادات.

***ئامادەکاریت چۆنە بۆ ئۆڵۆمپیادی پاریس؟**

- ئامادەکاریی زۆر باشم کردووە و خوای گەورە پشت و پەنا بێت ئەنجامی زۆر باش بەدەست دەهێنین.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

-بە یاریزانی جیهانی ئەبو هۆش زۆر سەرسامم.

***گرێبەستت پێشکەش نەکراوە لە یانەکان؟**

- بەڵێ لە یانەی زیقار گرێبەستم بۆ هاتبوو، ئێستا یاریزانی ئەوانم بۆ ماوەی یەك ساڵ.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بەهیوای ئەوەم هەموومان یەك بگرین بۆ ئەوەی یاریی تایکواندۆ بەرەوپێش بچێت.





# ڕۆدریگێز نزیکە بگەڕێتەوە ئەورووپا

خامیس ڕۆدریگز دوای ئاستە ناوازەکەی لە کۆپا ئەمریکای ٢٠٢٤ بڕیاری داوە گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەی ساوپاولۆی بەرازیلی هەڵبوەشێنێتەوە، چونکە ئەو یاریزانە ٣٣ ساڵەیە چاوی لەوەیە دووبارە بگەڕێتەوە کیشوەری ئەورووپا بۆ یاریکردن.

خامیس لە کۆپا ئەمریکادا توانی سەرکردایەتی هەڵبژاردەکەی بکات و کۆلۆمبیا بگەیەنێتە یاریی کۆتایی، کە توانی گۆڵێک تۆمار بکات و ٦ گۆڵی دیکە دروست بکات خەڵاتی باشترین یاریزانی پاڵەوانێتییەکەشی وەرگرێت.

یانەکانی ئیڤەرتۆن و ڤیاریال و ئەتلەتیکۆ مەدرید و سەلتاڤیگۆ چاودێری یاریزانەکە دەکەن و یانەی پۆرتۆ نزیکترینە لە بەدەستهێنانی واژووی خامیس.

خامیس یەکەم نازناوی کیشوەری خۆی لەگەڵ پۆرتۆ بردووەتەوە، کە ئەویش یۆروپالیگ بوو لە وەرزی ٢٠١١/٢٠١٠.



# بازاری فۆفانا گەرمە

یوسف فۆفانا خواستی چەند یانەیەکی گەورەی خولەکانی ئەورووپای لەسەرە.

فۆفانا لە یانەی مۆناکۆی فەرەنسی لە هێڵی ناوەڕاست یاری دەکات و بەگوێرەی سەرچاوە ڕۆژنامەکانی ئیتاڵیا یانەکانی مانچستەر یونایتد و ئەتلەتیکۆ مەدریدی چوونەتە ڕکابەری کردن لەسەر بەدەستهێنانی واژووی فۆفاناوە لەگەڵ یانەی ئەی سی میلان، هەرچەندە یانەی میلان ڕێکەوتنیان لەگەڵ کردووە لەسەر مەرجە کەسییەکان.

یانەی مۆناکۆ بۆ دەستبەرداربوون لە یوسف فۆفانا تەمەن ٢٥ ساڵان داوای بڕی ٣٥ ملیۆن یۆرۆ دەکات.

لە وەرزی رابردوو لەگەڵ یانەی مۆناکۆ یوسف پلەی دووەمی خولی فەرەنسی بەدەستهێنا، لە ٣٣ یاریدا توانی ٤ گۆڵ و ٤ ئەسیست بکات.

# ڕۆما بەردەوامە لە تۆکمەکردنی ریزەکانی



ڕۆژنامەکانی ئیتاڵیا بڵاویانکردووە یانەی ڕۆما لەگەڵ سامویل داڵی سویدی گەیشتووەتە ڕێککەوتن و بەرگریکارە سویدییەکە پەیوەندی بە یانە ئیتاڵیایەکە دەکات.

ڕۆما لە بەرانبەر گواستنەوەی سامویل بڕی ٤ ملیۆن یۆرۆ و بڕێک پارەی زیادکراو بەپێی مەرجەکانی گرێبەستەکە بە یانەی دورگادێنسی سویدی دەدات بۆ ماوەی ٥ وەرزی گرێبەستی لەگەڵ یاریزانەکە مۆرکردووە. داڵی بە درێژی یانە سویدییەکەی لە سەرجەم پاڵەوانێتییەکان بەشداری ٣٥ یاریکردووە و ٦ گۆڵیشی دروستکردووە.




# فابریگاس لە خولی ئیتاڵی بەردەوام دەبێت

یانەی کۆمۆی ئیتاڵی، سیسک فابریگاسی ئیسپانی و یاریزانی پێشووی ئەرسیناڵ و بەرشلۆنە کردە ڕاهێنەری خۆی بۆ وەرزی داهاتوو.

لەنیوەی وەرزی ڕابردوودا، فابریگاس بەشێوەیەکی کاتی بووە ڕاهێنەری یانەی کۆمۆ و دواتر بووە یاریدەدەری ڕاهێنەری وێلزی ئۆسیان ڕۆبێرتسی ، لەگەڵ تەواوبوونی وەرز ڕۆبێرتس بڕیاری جێهێشتنی یانەی کۆمۆی دا و ڕاستەوخۆ یانەکە لەگەڵ فابریگاس گەیشتنە ڕێککەوتن بۆ ئەوەی سەرپەرشتی یانەکە بکات بۆ وەرزی داهاتوو.

ئەمە لە کاتێکدایە، کە ئەفسانەیەکی دیکەی یانەی بەرشلۆنە وەک بەڕێوەبەری کارگێڕی ئەو یانەیە کاردەکات و پشکی لە یانەی کۆمۆ هەیە ئەویش تیری هێنرییە.

یانەی کۆمۆ دوای سەرکەوتنی بۆ کالچیۆ گرێبەستی لەگەڵ چەند ئەستێرەیەک وەک ئەندریا بیلۆتی و پیپی ڕینای گۆڵپارێز و ئەلبێرتۆ مۆرینۆ کردووە و هەوڵی بەدەستهێنانی تواناکانی ئەنتۆنی مارسیال و ئەلێکسی سانشێز و ڕافایێل ڤاران و چەند ئەستێرەیەکی دیکە.

عەلی جاسم یەکێکە لەو یاریزانانەی کۆمۆ گرێبەستی لەگەڵ مۆرکردووە.



# دلۆڤان مەهدی چەندین گرێبەستی بۆ هاتووە

ئەستێرەیەکی کوردی شاری زاخۆ ماوەی چوار ساڵ بەرگری لە گۆڵی یانەی وەرزشیی تەڵەبەی شاری بەغدا کرد، ئەم وەرزش گرێبەستەکەی کۆتایی هات، لە ئێستادا ژمارەیەك لە یانەکانی بەشدار لە خولی پیشەگەرانی عێراقی لە هەوڵی ئەوەدان گرێبەستی لەگەڵ ئەنجام بدەن، دلۆڤان مەهدی بەهۆی ئاستی بەرزییەوە ماوەی چوار وەرزە لەگەڵ یانەیەکی شاری بەغدا بەردەوام بە ئاستی بەرزەوە دەرکەوتووە، لە بارەی چوونیشی بۆ یانەیەکی دیکە دلۆڤان مەهدی گۆڵپارێزی شاری زاخۆ و پێشووی یانەی تەڵەبە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من گرێبەستەکەم بەکۆتا هاتووە لەگەڵ یانەی تەڵەبە، هەر چەندە ماوەی چوار ساڵیش لە ڕیزی ئەم یانەیەدا یاریم کردووە و ئاستی باشم پێشکەش کردووە»، لە بارەی چوونی بۆ یانەی دیکەیش گوتی: «بەڵێ چەند یانەیەك داوای گرێبەستیان لێ کردووم بەڵام تاکو ئێستا لەگەڵ هیچ یانەیەك خۆم یەکلا نەکردووەتەوە و چاوەڕوانم بۆ ئەوەی بتوانم گرێبەستێکی باش ئەنجام بدەم، بۆ ئەوەی ئاستی باشتریش پێشکەش بکەم لە داهاتوو، دلۆڤان مەهدی پێشتر گۆڵپارێزی یانەی زاخۆ بووە و خزمەتی شارەکەی خۆی کردووە، بەڵام تاکو ئێستا دیار نییە کە وەرزی داهاتوو دووبارە دەگەڕێتەوە ڕیزی یانەی زاخۆ، یان یانەیەکی دیکەی بەشدار لە خولی پیشەگەران تاقی دەکاتەوە.





# کاوە ئیبراهیم چاوەڕوانی گرێبەستە

کاوە ئیبراهیم یەکێك لە ڕاهێنەرە بەتواناکانی سەر ئاستی عێراقە لە بواری ڕاهێنەری گۆڵپارێز، ڕاهێنەریش جێدەستی لە بەشێکی زۆری یانەکاندا دیارە، کە خزمەتی زۆری بە بواری گۆڵپارێزی کردووە و چەندین گۆڵپارێزی دروست کردووە بۆ یانەکان، ئەم وەرزە لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی لەگەڵ یانەی گەرمە توانی تیپەکە بگەیێنێتە ڕیزی یانە پیشەگەرەکانی عێراقی، بەڵام بۆ وەرزی تازە تاکو ئێستا خۆی یەکلای نەکردووەتەوە، لەم بارەشەوە کاوە ئیبراهیم بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هەفتەی ڕابردوو گرێبەستەکەم تەواو بوو لەگەڵ یانەی گەرمە، بەڵام تاکو ئێستا بە فەرمی نەك لەگەڵ من وەکو ڕاهێنەری گۆڵپارێز، بەڵکو لەگەڵ یاریزانەکانیش قسەیان نەکردووە کە ئەوەی وەرزی داهاتوو چی بکەین بۆ ئەوەی بتوانین کاریان لەگەڵ بکەین، هیچ قسەیەکی نوێیان لەگەڵ ئێمە نەکردووە،» لەبارەی هاتنی گرێبەستیش گوتی: «ئەگەر لە ناو کوردستان گرێبەستێکی باشم بۆ بێت و بزانم سەرکەوتنی منی تێدایە، ڕەتی ناکەمەوە و قبوولی دەکەم، تاکو ئێستا لە هیچ یانەیەکیش داوای گرێبەستم لێ نەکراوە، جارێ چاوەڕوانین بزانین چی دەبێت ئەوکات ئێمەش بڕیارێك دەدەین».



# هەولێر متمانەی بە ڕاهێنەری کورد هەیە




تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەولێر ئەم وەرزە بە کۆمەڵێك هەوراز و نشێوی سەختدا تێپەری لە یارییەکانی ئەم وەرزی خولی ئەستێرەکانی عێراقی، بەڵام دوای هاتنی دەستەی کارگێڕیی یانەکە بە شێوەی کاتی و دەستنیشانکردنی (سەمیر بابۆ) ڕاهێنەری کوردی شاری هەولێر وەکو ڕاهێنەری یانەکە، بۆ ئەوەی سەرپەرشتیی مەشقی یانەکە بکات لەم یارییانەی ئەنجامیان نەدابوو، متمانەی کارگێڕیی هەولێر بەم ڕاهێنەرەی خولی کوردستان وای کرد کە یانەکە جارێکی دیکە هیوای مانەوەی لە خولی ئەستێرەکانی عێراقی بۆ گەڕایەوە، کاپتن سەمیر گۆڕانکاریی تەواوی لە پێکهاتەی یانەی وەرزشی هەولێردا کرد و، توانی تیپەکە بباتە قۆناغی باشتر لە شێوازی یاریکردن و دروستکردنی تیپێکی تۆکمە و پڕ لە یاریزانانی کورد و بە ٤١خاڵیش یانەکە مانەوەی خوی دووپات کردوە، شئێستا کارگێڕیی یانەکە متمانەی تەواوی هەیە بەم ڕاهێنەرە کوردە و بۆ وەرزی داهاتووش مەشقی یانەکە دەداتەوە، لە بارەی دەنگۆی دورخستنەوەی ژمارەیەك یاریزانیش لە ڕیزی یانەی هەولێر، سەرچاوەیەك ئەوەی ئاشکرا کردووە کەوا تاکو ئێستا هیچ یاریزانێك لە ڕیزی یانەی هەولێر دوور نەخراوەتەوە، ڕاهێنەری یانەکە سەرپەشکە لە دەستنیشانکردنی یاریزانان بۆ وەرزی نوێی خولی پیشەگەرانی یانەکانی عێراقی، هەولێر لە ئێستادا شێوازی یاریکردنی تەواو گۆڕاوە و تیپەکە چووەتە قۆناغێکی تازەوە، لە دوو یاریی ڕابردووی یانەکەش بەرامبەر یانەکانی کەربەلا و نەورۆز دۆخی تیپەکە بە تەواوی گۆڕا بوو، بەجۆرێك یانەکە بووەتە تیپێکی تۆکمە و پڕ لە هێرش بۆ سەر تیپی بەرامبەر.



## گرنگیی چاویلکەی هەتاوی

گرنگترین سوودی بەکارهێنانی چاویلکەی هەتاوی Sunglasses پاراستنی چاوەکانە لە زیانەکانی تیشکی سەرووی وەنەوشەیی ناو تیشکی خۆر، کە کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر پێڵووەکان، چینی کۆرنیای چاو، هاوێنەی چاو، هەروەها تۆڕەی چاو بە شێوەی: ئاوی سپی Cataract، تێکدانی چینی کۆرنیا، گرفت لە سەنتەری تۆڕەی چاودا، هەروەها زیادبوونی ئەگەری لۆچبوون و شێرپەنجەی پێستی پێڵووەکان. جگە لە (ستایل و فاشیۆن)، چاویلکەی هەتاوی کلیلە بۆ پاراستنی تەندروستیی چاو. ڕێنمایی پسپۆڕان بۆ بەکارهێنانی چاویلکەی هەتاوی:

- ئەگەر تەنیا لەو کاتەی کە ڕۆژ بەدەرەوەیە چاویلکەی هەتاوی بەکار بهێنیت، ئەوا زیان پتر لە سوود بە چاوەکان دەگات، چونکە بەکارهێنانی چاویلکەی هەتاوی بۆ هەموو وەرزەکان و کەشوهەوایەك پێویستە، جا هەتاو بێت یان هەور کە لە هەر دوو حاڵەتدا تیشکی سەرووی وەنەوشەیی بەر چاوەکان دەکەوێت.
- بەکارهێنانی چاویلکەی هەتاوی لە نزیك کانی و ڕووبار و دەریا یان زیخی کەنار دەریا یان لەکاتی بوونی بەفردا زیاتر پێویست دەکات، چونکە ڕووی ئاو و زیخ و بەفر ڕێژەیەکی دیکەی تیشك دەدەنەوە، واتە چاوەکان دوو هێندە بەر تیشکی سەرووی وەنەوشەیی دەکەون.
- چاویلکەی هەتاوی پێستی دەوری چاوەکانیش لە لۆچبوون دەپارێزێت، بەتایبەتی پێستی پێڵووەکان کە تەنکترین پێستە لە لەش و زیاتر دەکەوێتە بەر ڕیسکی تیشکی خۆر.
- ڕەنگی چاویلکە تەنیا بۆ مەبەستی جوانکارییە، گرنگ ئەوەیە کە چاوەکان بە ڕێژەی ١٠٠٪ لە تیشکی سەرووی وەنەوشەیی لە جۆری UVA و جۆری UVB بپارێزێت، هەروەها جۆری چاویلکەی پۆلەرایز Polarized تەنیا بۆ کەمکردنەوەی بریقەی تیشکە.

# ئاستی کۆلیستیرۆڵ و قژهەڵوەرین

کۆلیستیرۆڵ Cholesterol ماددەیەکی مۆمیی چەورە، لە هەموو خانەکانی لەشدا هەیە، لەش بۆ دروستکردنی چەند هۆرمۆنێك و ڤیتامین D و ماددەی دیکە بەکاری دەهێنێت، هەروەها هاندەرە بۆ کرداری میتابۆلیزمی لەش، واتە گۆڕینی خۆراك بۆ وزە. یەکێك لە فرمانەکانی جگەر بریتییە لە بەرهەمهێنانی کۆلیستیرۆڵ، جگەر نزیکەی ٨٠٪ی کۆلیستیرۆڵی لەش دروست دەکات، بەشەکەی دیکەی کۆلیستیرۆڵ لە خۆراکەوە دەگاتە لەش. بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن حاڵەتێکی زۆر مەترسیدارە، چونکە دەبێتە هۆی گیرانی خوێنبەرەکان، هەروەها پەیوەندیی هەیە بە زیادبوونی ئەگەری نۆرەی دڵ و جەڵتەی مێشك. جگە لەمانە، لێکۆڵینەوەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئاستی بەرزی کۆلیستیرۆڵ بەتایبەتی کۆلیستیرۆڵی خراپ LDL هاندەرە بۆ زیاد هەڵوەرینی قژ. توێژەرانی زانکۆی جۆن هۆپکنزی ویلایەتی ماریلاندی ئەمەریکی جەختیان کردووەتەوە کە ئاستی بەرزی کۆلیستیرۆڵ هۆکارە بۆ تەنکبوون و سپیبوونی پێشوەختەی قژ، بەتایبەتی لەو کەسانەدا کە خۆراکی دەوڵەمەند بە چەوری و کۆلیستیرۆڵ بە بڕی زیاد دەخۆن. لە لایەکی دیکەدا، لێکۆڵینەوەکانی زانکۆی کیرالا Kerala لە هیندستان ئەمەیان ڕوون کردووەتەوە کە ئاستی بەرزی کۆلیستیرۆڵی خوێن کاریگەریی نەرێنی دەکات سەر ڕەنگی قژ لە ڕێگەی کەمبوونەوەی هاتووچۆی خوێن و هاندانی کرداری بەڕیشاڵبوونی Fibrosis ڕەگەکان هاوکات لەگەڵ هەوکردندا. لە توێژینەوەکاندا باسی ئەمەش کراوە کە قژهەڵوەرینی پەیوەست بە ئاستی کۆلیستیرۆڵ لە پیاو و ئافرەتدا جیاوازیی هەیە، بۆنموونە ئاستی بەرزی کۆلیستیرۆڵی خراپ لە ئافرەتدا هاندەرە بۆ تەنکبوونی قژ، کەچی لە پیاودا ئاستی نزمی کۆلیستیرۆڵی باش HDL بەهۆی کاریگەری هۆرمۆنی تێستۆستیرۆن هاندەرە بۆ تەنکبوونی قژ لە جۆری نێرینەیی Male pattern.



## جگەرەکێشان ڤیتامینەکان لە لەشدا کەم دەکاتەوە

جگەرەکێشان هۆکارە بۆ زیادبوونی ئاستی فشاری ئۆکسان Oxidative stress لە لەشدا، ئەمەش هاندەرە بۆ کەمبوونەوەی گەلێك ڤیتامین، بەتایبەتی ئەوانەی کە سیفەتی دژەئۆکسانیان هەیە وەکو ڤیتامین B12، B6، B9، E، C، لەگەڵ بیتا کارۆتین Beta carotene کە لە لەشدا دەگۆڕێت بۆ ڤیتامین A. کەمیی ئەم ڤیتامینانە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی جیاواز زیاد دەکات. دوکەڵی جگەرە تێکەڵاوێك لە ماددەی ژەهراویی تێدایە لەگەڵ چەند ماددەی کیمیایی شێرپەنجەیی کە هەموو ئەندامەکانی لەش دەخەنە بەر ڕیسکی شێرپەنجە، لە لایەکی دیکەوە دوکەڵی جگەرە بە فشاری ئۆکسان دەبێتە هۆی دروستبوونی گەردیلە یان ئەتۆم یان ئایۆنی ناتەواو کە بە کۆلکە سەربەستەکان Free radicals ناسراون و دەبنە هۆی تێکدانی خانەکانی لەش و کەمبوونەوەی چەند ڤیتامین و کانزایەك لە لەشدا، هاوکات لەگەڵ زیادکردنی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و شێرپەنجە. گرنگترین ڤیتامینەکان بۆ کەسانی جگەرەکێش بریتین لە ڤیتامین C و E کە پێویستە بە بڕی زیاتر لە پێویستی ئاسایی ڕۆژانە لە خۆراکەوە دابین بکرێن، بۆنموونە ڕۆژانە بڕی ٣٥ ملگم زیاتر لە پێویستیی ڕۆژانە ڤیتامین C وەربگیرێت، میوە مزرەکان، کاڵەك، شووتی، شیلك، تەماتە، برۆکۆلی، پەتاتە، بیبەری شیرین سەرچاوەی دەوڵەمەندن بە ڤیتامین C، هەروەها پێویستە کە ڕۆژانە بە لای کەم ١٥ ملگم ڤیتامین E لە سەرچاوە خۆراکییەکانەوە دابین بکرێت وەکو باوی، گوێز، کازو، بندق، فستقی سودانی، سەوزە گەڵا تاریکەکان، بەتایبەتی سپێناغ یان برۆکۆلی، زەیتی ڕووەکی، هەروەها تۆوەکانی وەکو گوڵەبەڕۆژە.



# بۆچی پەستانی بەرزی خوێن مەترسیدارە؟



بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن Hyper-tension، نەخۆشییەکی درێژخایەنە، تا ئێستا چارەسەری یەکجارەکی بۆ نەدۆزراوەتەوە، بەڵکو تەنیا دەتوانرێت بە ڕیجیمێکی خۆراك و بەکارهێنانی بەردەوامی دەرمان کۆنترۆڵ بکرێت. پەستانی بەرزی خوێن مەترسیدارە چونکە نیشانەیەکی ڕاستەوخۆ ودیاری نییە، هەروەها ئەگەر بە باشی کۆنترۆڵ نەکرێت ئەوا لەناکاو ئاڵۆزیی مەترسیدار لە لەشدا پەیدا دەکات و ژیان بە توندی دەخاتە مەترسییەوە، بۆیە بە بکوژی هێمن Silent killer ناوزەد دەکرێت. بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن لە ناوەوە فشار دەخاتە سەر دیواری خوێنبەرەکان و ناوپۆشەکانیان تێك دەدات، هەروەها دەبێتە هۆی تەسکبوونەوەیان، لەوانەشە کار بگاتە تەقین یان دڕان و خوێنبەربوون لە بەشێکی لەشدا، بەتایبەتی دڵ، مێشك، گورچیلە، یان چاو، بە شێوەی: نۆرەی دڵ کە لەوانەیە کوشندە بێت، جەڵتەی مێشك Stroke لە ئەنجامی خوێنبەربوون لە ناو شانەکانی مێشکدا، پەککەوتنی دڵ، نەخۆشیی گورچیلە کە لەوانەیە ببێتە ئەگەری پەککەوتنی گورچیلە، لەدەستدانی بینین لە ئەنجامی تەسکبوونەوە یان گیرانی خوێنبەرە وردەکانی تۆڕەی چاو، سینگەدڕە Angina یان ئازاری توندی سینگ لەبەر کەم گەیشتنی خوێن بە ماسوولکەی دڵ، هەروەها نەخۆشیی خوێنبەرەکان لە پەلەکانی سەرەوە و خوارەدا.

# کەمخوێنی لە منداڵدا



کەمخوێنی Anemia واتە کەمبوونەوەی ژمارەی خڕۆکە سوورەکانی خوێن یان کەمبوونەوەی ڕێژەی هیمۆگلۆبین کەمتر لە ڕێژەی ئاسایی. کەمخوێنی لە نێو منداڵاندا باوە، جۆرەکانی بریتین لە: کەمخوێنی لەبەر کەمیی کانزای ئاسن کە باوترین جۆرە، کەمخوێنی لەبەر کەمیی ڤیتامین B9 (فۆلەیت) یان ڤیتامین B12، هەروەها کەمخوێنی لە ئەنجامی شیبوونەوەی خوێن He-molytic anemia. نیشانەکانی کەمخوێنی لە منداڵدا: زوو ماندووبوون و هیلاکیی جەستەیی، بێهێزیی لەش، وشکبوون و کاڵبوونی ڕەنگی پێست، هەناسەتەنگی و دڵەکوتێ، سەرسووڕان کە لەوانەیە ببێتە هۆی کەوتن، ناسکبوونی نینۆکەکان، قڵیشانی لێو، ساردبوونی دەست و پێیەکان، سەرئێشە، کەمبوونەوەی تەرکیز، دواکەوتنی گەشە و پەرەسەندن، ناڕەحەتی، هەروەها هەڵبەزین و دابەزینی مەزاج. هۆکارەکانی کەمخوێنی لە منداڵدا: کەمیی کانزای ئاسن یان ڤیتامینەکانی B9 و B12 لە خۆراکدا، نەخۆشیی دریژخایەن یان پاش ئەنجامدانی نەشتەرگەری یان گرفتەکانی کۆئەندامی هەرس، ونکردنی خوێن لە ئەنجامی برینداربوون یان نەشتەرگەری یان نەخۆشی لە کۆئەندامی هەرسدا، هەروەها گرفتی بۆماوەیی کە کاریگەریی نەرێنی بکاتە سەر دروستبوون و فرمانی خڕۆکە سوورەکانی خوێن.



هەنگاوەکانی خۆپاراستن: خۆراکی هاوسەنگ کە ماددە گرنگەکان لەخۆبگرێت وەکو گۆشت، پاقلەمەنییەکان، سەوزە گەڵا تاریکەکان، لەگەڵ میوەی جۆراوجۆر، هەروەها پێویستە کە یاریدەدەری ئاسن بە چاودێریی دکتۆر بەکاربێت، بۆ ئەو منداڵانەی کە تووشی بەدخۆراکی دەبن یان پەیڕەوی خۆراکی ناتەندروست دەکەن.

# بەهای خۆراکی تۆوی گوڵەبەڕۆژە

تۆوی گوڵەبەڕۆژە Sunflower seeds هەندێك ماددەی گرنگ لەخۆدەگرێت وەکو: ڕیشاڵ، چەورییە باشەکان، پرۆتین، ماددەی دژەئۆکسان، ڤیتامینەکانی B9 ،B6 ،B5، B3 ،B2 ،C ،E، لەگەڵ کانزاکانی پۆتاسیۆم، مەنگەنیز، کالسیۆم، زینك، سلینیۆم، ئاسن، مەگنسیۆم. سوودە تەندروستییەکان: بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش بەوەی کە تۆوی گوڵەبەڕۆژە سیفەتی دژەمیکرۆب یان دژەبەکتریا و دژەڤایرۆسی هەیە، پاراستنی تەندروستیی دڵ، خۆپاراستن لە نەخۆشیی شەکرە و کۆنترۆڵکردنی ئاستی شەکری خوێن لە تووشبووانی نەخۆشیی شەکرەدا. کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا واتە خۆپاراستن لە تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان، کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش لە ڕێگەی هێشتنەوی هەستی تێربوون بۆ ماوەیەکی باش، کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن، کەمکردنەوەی ئاستی چەوریی گلیسریدە سیانییەکان لە خوێندا، دابەزاندنی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خراپ LDL و بەرزکردنەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی باش HDL لە خوێندا، هەروەها کۆنترۆڵکردنی نەخۆشیی بەرزبوونەوەی نائەلکهولی ڕێژەی چەوریی جگەر NAFLD کە لە چەند حاڵەت و نەخۆشییەکدا ڕوو دەدات وەکو: قەڵەوی، بەرگریی بەرانبەر بە هۆرمۆنی ئینسولین، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، خۆراکی ناهاوسەنگ، فرەکیسی هێلکەدان لە ئافرەتدا PCOS، سستبوونی گلاندی دەرەقی، نەشتەرگەریی بایپاسی گەدە، وەستانی کاتیی هەناسە لە کاتی خەودا، نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم، بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن.



# ئەگەر ئینتەرنێت بوەستێت

هەفتەی رابردوو گرفتێکی گەورەی ئینتەرنێتی هەموو جیهانی تەنیوە، بەهۆی ئەوەوە بەشێکی زۆری فڕۆکەخانەکانی جیهان کێشەی گەورەیان تێکەوت، بانکەکان لە زۆربەی وڵاتان لەکار کەوتن، ڕێگای ئاسن و بازاڕی گەورەی بۆرسەی جیهانی لەندەن کێشەی گەورەی بۆ هاتە پێش. تەلەڤزیۆنی جیهانی سکای نیوز پەخشە ڕاستەوخۆکانی لەکار کەوت. فڕۆکەخانەی سیدنی لە ئوستراليا و هێڵی هەوایی یونایتد لە ئەمەریکا فڕینەکانی خۆیان هەڵوەشاندەوە. بەشێکی زۆری نەخۆشخانەکانی جیهانیش تووشی گرفت بوون.

هەمووی ئەو کێشانەی ئاماژەم پێدان بەهۆی تێکچوونی



## وێستگەیەکی گەڕۆکی کارەبایی بۆ هەمیشە

ئامێرەکانی وزە بەخشین لە سەردەمی نوێدا زیاتر بوونە، جگە لە وزەی خۆر و وزەی با و وەزی ئاو بۆ دابین کردنی وزەی کارەبایی ئامێری دیکەش هەن.

وێستگە گەڕۆکەکان شوێنی موەلیدە بچووکەکانیان گرتۆتەوە، نە دەنگیان هەیە و نە تێچوویەك، تەنیا شەحنکردنەوەیان دەوێت و بەس. وێستگەی گەڕۆکی جۆری super base v یەك هەفتە کارەبای ماڵەوەت بە هەموو ئامێرەکانەوە بۆ دابین دەکات. هەشت باتری دەخرێتە سەر توانای ٦٤ کیلۆ واتی هەیە لە کاتژمێرێکدا. بە وزەی خۆر و کارەبا شەحن دەبێتەوە. شەحن بوونەوەی خێرای هەیە و لە ماوەی دوو کاتژمێردا شەحن دەبێتەوە. باتری نیوە وشکی لەسەر دادەنرێت. کێشی بە باترییەکانەوە ٥٥ کیلۆیە، بۆیە بۆ گواستنەوەی تایەی بچووکی بۆ داندراوە. لەگەڵ هەموو کەش و هەوایەك دەگونجێت. لە ماڵێکدا سەلاجە و مایکرۆ و جلشۆر و فڕنی پێهەڵدەبێت.



# ـــتێ ژیانیش دەوەستێ؟!

سیستەمی ئەنتەرنێتی بوو. هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟ سیستەمێکی جیهانی هەیە تایبەتە بە پاراستنی ئەمنییەتی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت، سیستەمەکە بە CrowdStrike ناسراوە. ئەو سیستەمە بەهۆی ئەپدیت کردنەوەی سیستەمی مایکرۆسۆفت ٣٦٥ تووشی کێشە بوو. وای لێهات لە هەموو جیهاندا ئەوانەی بە شێوەی ئۆنلاین ئەو سیستەمەیان لەسەرە لاپەڕەی شین، کە بە لاپەڕەی مەرگ ناسراوە بێتەسەر شاشەکان و پرۆگرامەکان نەکرێنەوە.

ئەوە زەنگێکی ئاگادارکردنەوە بوو بۆ جیهان، کە ئەگەر بۆ یەك ڕۆژ ئینتەرنێت بوەستێت ژیان تووشی گرفتی گەورە دەبێت و وەستانی ئەو چەند کاتژمێرە زیانێکی گەورەی ملیارد دۆلاری بە جیهان گەیاند.






## کامێرایەکی بچووک و کارا لە شەو و ڕۆژدا

لە سەرەتای ساڵی دوو هەزارەوە تا کو ئێستا کامێرای فیلم و وێنەگرتن پێشکەوتنێکی یەکجار زۆری بەخۆوە دیوە. لە وێنەگرتنی میگاپیکسلیەوە بەرەو گیگاپیکسیلی ڕۆیشتووە. هەرچەندە مۆبایلە زیرەك و پێشکەوتووەکان خاوەنی کامێرای بەهێزن، بەڵام نەبۆتەوە ئەوەی بەگشتی پشت لە کامێرای سەربەخۆ بکرێت.

کامێرای جۆری JOZUZE MD17 کامێرایەکی بچووکە، بۆ هەموو شوێنێك دەبێت. کامێراکە ستایل و چوارچێوەیەکەی جیاوازە لە کامێراکانی دیکە. ئاسۆییە و لەناوەندی کامێراکەدا شاشەیەکی بچووك هەیە بۆ نیشاندان. بە مۆبایل لە دوورەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، هەربۆیە دەزگا ئەمنییەکانیش بۆ هەندێك لە ئەرکەکانیان سوودی لێوەردەگرن، چونکە لە شەویشدا فیلم و وێنە هەڵدەگرێتەوە. لەسەرەوەی کامێراکەدا ئاوێنەیەك (عەدەسە)یەك هەیە بە هەر چوار دەوری خۆیدا دەسووڕێت. لەکاتی وێنەگرتندا دەکرێت هەتا دیمەنەکە نەجوڵێت وێنە نەگرێت، دەکرێت وەك کامێرای سەر داشبۆردی ئۆتۆمبیل و یا کامێرای پایسکیلیش سوودی لێوەربگیرێت. ڕاستەوخۆ بە ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێت. میمۆری ٦٤ گیگابایتی لەسەر داندراوە و دەکرێ زیاتریش بکرێت.

# تایبەتمەندییەکانی رۆبۆتی B2




لـەو دوو سـێ سـاڵەدا کۆمپانیاکانـی بەرهەمهێنـی رۆبـۆت، پـەرەی زیاتریـان بـە بەرهەمهێنانـی رۆبـۆت داوە و لـە هەندێـك شـوێندا رۆبۆتـەکان شـوێنگرەوەی مرۆڤەکانـن.

رۆبۆتی جۆری B2 کە بەرهەمی کۆمپانیای unitree یـە. وەك سەگێکی رۆبۆت دەچێت لە ریزی بژاردە باشەکان دێت.

رۆبۆتەکە بە هەورازدا سەردەکەوێت و بەسەرەوژێردا دێتە خوار، بە قادرمەکاندا دەچێتە سەر و لە شوێنە لووس و تەڕەکاندا ناخلیسکێ.

لە رێـگای ئینتەرنێتـەوە کۆنتـرۆڵ دەکرێت، بەهـۆی بڵندگـۆ مایکێکـەوە لەگـەڵ مـرۆ و دەوروبـەر پەیوەنـدی دادەمەزرێنـێ. چـوار کامێـرای لەسـەر دانـدراوە بەهۆیـەوە هـەر چـواردەوری خـۆی دەبینێـت. سیسـتەمی GPSلەسـەر دانـدراوە بـۆ ئـەوەی شـوێنەکان بناسـێتەوە.

باترییەکـی لەسـەرە و شـەحن دەکرێتـەوە و تـا ٥ کاتژمێـر رۆیشـتن پێویسـتنی بـە شـەحنکردنەوە نابێـت، دەتوانێـت بارێکـی ٢٠ کیلۆیـی هەڵبگرێـت و خێراییەکـەی ٦ مەتـر لـە چرکەیەکدایـە و زیاتـر لـە یـەك مەتـر بـاز دەدات. ئەرکەکانـی B2 ئەمانـەن: دەتوانێـت بـۆ شـوێنە مەترسـییەکان کەلوپەل بگوازێتـەوە، لـەو شوێنانەی تووشی مەترسی سروشـتی وەك لافـاو و زەوی لـەرزە بوونـە سـوودی لێوەردەگیرێـت، دەکرێـت وەك پاسـەوانێکی چاودێـر بـەکار بهێنرێـت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت زۆر جاران لەکاتی کارکردندا کۆمپیوتەرەکەم ریستارت دەبێتەوە و شاشەکە شین هەڵدەگەڕێت، هۆکارەکەی چییە؟**

خوێنەری بەڕێز ئەو لاپەڕە شینە لاپەڕەی مەرگیشی پێدەگوترێت. ئەم لاپەڕە شینە لە سیستەمی ویندۆز ٨ هاتە ناو ویندۆز و دواتریش بە هەندێك گۆڕانکارییەوە لە ویندۆزەکانی دیکەش مایەوە. هۆکارەکەی بۆ کێشەی ئەپدیتی ویندوز، کێشە لە پرۆگرامە ئەپدیت نەکراوەکان. کێشە لە گەرم داهاتنی فەنی کۆمپیوتەر، کێشە لە رام و هاردی کۆمپیوتەر روو دەدات. بۆ چارەسەریش دەبێ سەرەتا بزانی کێشەکە پەیوەندی بە هاردوێر یا سۆفتوێرەوە هەیە. بەڵام بە زۆری کێشە لە سیستەمی ویندۆزدایە و بە نوێکردنەوە یا جارێکی دانانەوەی ویندۆز چارەسەر دەبێت.

## گاوانی و شوانی لە سەردەم

لـە سـەردەمێکدا دەژیـن، ئامێـرە دیجیتالییەکانی سـەردەم تەنانـەت شوانی و گاوانیشـی گرتۆتـەوە. لـە داهاتوویەکـی نزیکـدا بـاوی ئـەوە نامێنێـت شـوانێك هەمیشـە بـەدوای رانـە مەڕەکەیـەوە بێـت، یـا گاوانێـك هەمـوو رۆژەکـەی خەریکـی لەوەڕاندنـی گاکانـی بێـت.

ئامێرێکـی GPS تایبـەت بەرهـەم هاتـووە کـە بـە جـۆری eShepherd ناسـراوە. ئامێرەکـە لـە ملـی چێڵـەکان دەکرێـت و سـنوورێکی مەجـازی بـۆ لەوەڕاندنیـان دروسـت دەکات. بەمانایەکـی دیکـە کاتێـك ئامێرەکـە لـە ملـی گاکان دەکرێـت، شـوانەکە لـە رێـگای لاپتـۆپ یـا مۆبایلێکـەوە دەزانێـت گاکانی





## پرۆگرامێک بۆ وێبنارەکان

پرۆگرامەکانی تایبەت بە کۆنفرانس و سیمیناری ئۆنلاین واتە وێبنارەکان گەلێکن، هەرکام لەو پرۆگرامانە تایبەتمەندی خۆیان هەیە. دەکرێت بە پرۆگرامەکانی وەك (Nimbuzz) (skype) و هاوشێوەکانی ئەو کارە بکەی. بەڵام پێموایە یەکێك لە بژاردە سەرکەوتووەکانی ئەو بوارە پرۆگرامی zoomە. بەکارهێنانی پرۆگرامەکە ئاسانە ئەوەش بۆتە هۆکارێك بۆ وێبنارەکان زیاتر سوود لەو پرۆگرامە وەربگرن.

دەنگ و رەنگ لەو پرۆگرامەدا وەستانی نییە، بە هێڵی ئینتەرنێتی لاوازیش تووشی پچران نایەت. تایبەتمەندییەکی هەرە بەهێزی پرۆگرامەکە ئەوەیە کە دەکرێت رێژەی بەشداربووان زۆر زۆر بێت، تەنانەت دەتوانێت وێبنارەکان بە بەشداری سەدان هەزار کەس بەرێوە بەرێت. تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەوەیە دەکرێت، ژووری بچووك بچووك دروست بکەی و خۆت رێژەی بەشداربووانی ژوورەکە دیاری بکەی. ئەمنییەت لەو پرۆگرامەدا زۆر لەسەرێیە، ئەدمینەکان دەتوانن بەباشی کۆنترۆڵی بکەن و ئەوانەی کێشە دروست دەکەن بە کلیکێك لایان بەرێت. تایبەتمەندییەکی بەرچاوی دیکەی ئەوەیە بەکارهێنەر دەتوانێت باکگراوەندی پشتەوەی بگۆرێت و بۆ ئەوەی بەشداربووان شوێن و جێگەی ئەو کەسەی وێبنارەکە بەرێوە دەبات نەزانێت.





### ماڵپەرێکی زیرەکی دەستکرد بۆ خوێندنەوەی راچیتە

زیرەکی دەستکرد هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی گرتۆتەوە ئاسانکاری زۆری کردووە، یەکێك لەو بوارانەی کە ئاسانکاری تێدا کردووە، بواری پزیشکیە. زانینی زانیاری تایبەت بە نەخۆش و نەخۆشییەکان و گشت بوارەکانی دیکەی تایبەت بە تەندروستی. یەکێك لەو بوارانەی کە ئاسانکاری زۆر بۆ نەخۆش دەکات، خوێندنەوەی راچیتەی دکتۆرەکان و خوێندنەوەی ئاکامی تاقیگەکانە.

لە ماڵپەری زیرەکی دەستکردی gemini، کاتێك وێنەیەك لە ئاکامی تاقیگەکان بە ماڵپەرەکە دەدەی، جا بە هەر زمانێك بێت، راستەوخۆ ئاکامەکەی بەو زمانەی تێدەگەی پێت دەبەخشێت. لەگەڵ ئەوەشدا زانیاری تایبەت بە نەخۆشییەکەت پێدەدات.

## ی ژێری دەستکرددا




لە کوێ دەلەوەرێن، ئەگەر هەستی بەوە کرد لەو سنوورە مەجازییە لایداوە و چۆتە کێڵگەیەکی دیکەوە لە رێگای مۆبایلەوە شۆکێك بۆ ئامێری گاکە دەنێرێت و ئەویش دەگەرێتەوە. تەنانەت وا دەکات گاکان سنوورە مەجازییەکە بناسن و لەو تخوبە لانەدەن. ئامێرەکە بە وزەی خۆر شەحن دەبێتەوە و کاتێك لە ملی چێڵەکان کرا بۆ هەمیشە لە ملیاندا دەمێنێتەوە. ئەو ئامێرە بە قەبارەیەکی بچووکتر بۆ مەروبزنیش هەیە و شوانەکان بێ ترس لە گورگ و گیانداری درندە دەزانن مەرەکانیان لە کوێ دەلەوەرێن و هەرکاتێکیش مەترسی رووی تێدەکرن بە زەنگێك شوانەکە ئاگادار دەکاتەوە.

# لە وەرزی هاویندا پێست پێویستی بە چاودێری و هەنگاوی ورد هەیە

لێرەوە چەند هەنگاوێك دەخەینە ڕوو بۆ گرنگیدانی زیاتر بە پێست لە وەرزی گەرمادا.

* بڕێکی زۆر ئاو بخۆرەوە: گرنگترین هەنگاو بۆ شێدارکردنی پێست بریتییە لە خواردنەوەی ئاوی پێویست، کە لە ڕۆژێکدا لە هەشت پەرداخ کەمتر نەبێت.

* بەکارهێنانی شێدارکەرەوەی گونجاو بۆ جۆری پێست: شێدارکەرەوەیەك هەڵبژێرە کە پێکهاتەی شێدارکەرەوەی تێدا بێت.

* بەکارهێنانی ماسکی شێدارکەرەوە: هەفتەی جارێك یان دووجار ماسکی شێدارکەرەوە یارمەتیدەر دەبێت بۆ دووبارە شێدارکردنەوەی پێستت بە قووڵی.

* کڵاو و چاویلکەی خۆر: بۆ پاراستنی پێست و چاوت لە تیشکی خۆر، پێویستە لە کاتی گەرمای بەتین و تیشکی بەهێزی خۆردا کڵاو و چاویلکە بەکار بهێنیت بۆ دوورکەوتنەوە لە زیانەکانی تیشکی سەروو وەنەوشەیی، بەتایبەت لە کاتی لوتکەدا لە (کاتژمێر ١٠ی بەیانی تا ٤ی ئێوارە).

* خۆراکی تەندروست: خۆراکی تەندروست بخۆ کە دەوڵەمەندە بە سەوزە و میوە، کە خۆراك دەدات بە پێستت و یارمەتیدەرە بۆ دووبارە دروستبوونەوە.

**ئامادەکردنی: شیلان عەلی**



# چۆنێتی پاككردنەوەی چاویلكەی پزیشكی و چاویلكەی هەتاوی





١-ڕێژەیەكی زۆر لە خەڵك چاویلكەی هەتاوی، یان چاویلكەی پزیشكی بە شێوەیەكی هەڵە پاك دەكەنەوە، بۆیە باشترە پێش پاككردنەوەی چاویلكە بە باشی دەستەكانت بشۆیت، بۆ ئەوەی میكرۆب لەو ڕێگەیەوە نەگوازرێتەوە بۆ چاوەكان.

٢- لێنزەكانی چاویلكە بخەرە ژێر ئاوی كەمێك گەرمی بەخوڕ، بەجۆرێك ڕزگارت ببێت لە تۆز و خۆڵ یان هەر پەڵەیەك.

٣- چاویلكەكە بە قوماشێكی نەرم كە لە مایكرۆ فایبەر دروست كراوە بسڕەوە.

لە كاتی پاككردنەوەی چاویلكەی پزیشكی و هەتاویدا دوور بكەوەرەوە لە بەكارهێنانی ئەو بەرهەمانەی كە لابەری بۆیەی نینۆك (ئەسیتۆن)یان تێدایە، جگە لەوەش دەستەسڕی كاغەزی و بۆندار و هەندێك قوماش پێدەچێت چارەسەرێكی ئاسان بێت بۆ پاككردنەوەی لێنزی ڕەنگاوڕەنگ، بەڵام زیانی پێ دەگەیەنێت. هەروەها پێشنیار دەكرێت كە چاویلكە لە بۆكسی تایبەتی خۆیدا هەڵبگیرێت.

# شێواز و كەرەستەی تایبەت
# بۆ پاككردنەوەی تەلەفزیۆنی شاشە تەخت

هەندێك ڕێگەی تایبەت هەیە بۆ پاككردنەوەی تەلەفزیۆنی شاشە تەخت، كە وادەكات ئاسانتر تۆز و خۆڵ و پیسیی پاك بكرێتەوە، وەك:

• ئاوی دڵۆپێندراو: بە تەواوی پاكە و هیچ كانزایەكی تێدا نییە، بۆیە یارمەتیدەرە بۆ پاككردنەوەی شاشە، بەبێ ئەوەی هیچ هێڵێك دروست بكات. پارچە قوماشێكی لۆكە یان خاولی تەڕ بكە (نەك ڕاستەوخۆ شاشەكە)، بۆ ئەوەی دزە نەكات بۆ شوێنی چاوەڕوان نەكراو، كە لەوانەیە ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە ئامێرەكە.

• ئەلكهولی پزیشكی: بڕێكی یەكسان لە كهولی پزیشكی و ئاوی دڵۆپێندراو تێكەڵ بكە، قوماشێكی مایكرۆ فایبەر بە گیراوەكە تەڕ بكە، بۆ ئەوەی شاشەكە بسڕیتەوە. ئەو تێكەڵەیەی باس كراوە هیچ هێڵێك بەجێ ناهێڵێت، چونكە كهولی پزیشكی بە خێرایی دەبێت بەهەڵم.

• قوماشی تایبەت: بۆ پاككردنەوەی ئامێرە ئەلیكترۆنییەكان هەندێ قوماش سەلامەتە بۆ زۆربەی ئامێرە ئەلیكترۆنییەكان لە ماڵەوە، لەوانەش تەلەفزیۆنی شاشە تەخت، دەبێت ئاگاداری ئەوە بیت كە زۆر بە توندی فشار نەخەیتە سەر شاشەكە لە كاتی بەكارهێنانی هەر قوماشێكدا، ئەگینا شاشەكە تێك دەچێت.



# داری هەمیشە سەوز و بنێشتگر

پارکیا پێندۆلا- Parkia pendula، دارێکی هەمیشە سەوزە، نیشتیمانی سەرەکیی ئەمریکای باشوورە. لە ماوەی گوڵگرتندا هەندێك لقی باریك لە دارەکە گەشە دەکات کە درێژییەکەیان دەگاتە یەك مەتر، لە کۆتاییەکەیاندا ١٥٠-٢٠٠ پێکهاتەی گۆشەییان لێ دەر دەچێت، هەریەکێك لەم پێکهاتە گۆشەییانە بەنیزیکەی تا ١٣٠٠ گوڵی بچووك دادەپۆشرێن، هەموویان لە یەك کاتدا و لە یەك شەودا گوڵ دەدەن، سەرەتا سووری گەشاوە دەردەکەون، لە کاتی خەوتندا زەرد و سوور دەبن و لە کۆتایی شەودا ڕەنگێکی وەنەوشەیی و سوور وەردەگرن. هەندێك لە گوڵەکان دەتوانن بڕێکی زۆر بەرز لە ڕەحیق بەرهەم بهێنن، کە تا ٪٢٠ فرۆکتۆزی تێدایە. ناوکی تۆوەکان بەهۆی زۆریی ڕێژەی شەکرەوە زۆر لینج دەبن. بنێشتێکی ڕەنگی عەنبەری دروست دەکەن کە تۆوەکانی پێیەوە دەلکێت، کە دەوڵەمەندە بە مادده خۆراکییەکان و شیرینە.





## گاشە بەردە جووڵاوەکان

دیاردەیەکی سەیر وسرووشتییە، کاتێك گاشە بەردی گەورە و بچووك لە خۆیانەوە دەجولێن و بەبێ دەستکاریی کەس، بۆ چەند مەترێك شوێنیان دەگۆڕن، ئەو بەردانەی کە بە تەنیا لە دۆڵی مەرگ لە ئەمریکا دەجووڵێن، دیاردەیەکی جیۆلۆجییە کە تیایدا بەردەکان دەجووڵێن و ڕێگەی درێژ دەتاشن بۆ ناو زەوی و دۆڵی نەرم بەبێ ئەوەی پێویستیان بە دەستێوەردانی مرۆڤ یان ئاژەڵ هەبێت. ناوی دۆڵی مەرگ (Death Valley) بەهۆی سەختیی ژیان لەوێ ناو نراوە، بەو پێیەی بەرزترین پلەی گەرمیی هەیە لە جیهاندا و دەگاتە زیاتر لە ٥٧ پلە.

# ئاڵای کوردستان لەسەر چیای ئێڤرێست



هەڵگەڕان و سەرکەوتن بەسەر چیا بەرزەکانی جیهاندا ئەوپەڕی سەرکێشییەکیی مەحاڵە و زۆربەی مرۆڤەکان ناتوانن بگەن بە لووتکە، ئەو هەنگاوە تەنیا بە کەسانی بەتوانا و کەسە شاخاوییەکان دەکرێت، کە بۆ تۆمارکردنی ڕیکۆردێکی مێژوویی ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسی، زۆرن ئەوانەی لە سەراپای جیهان هەوڵ دەدەن و ناتوانن بە لووتکەی ئەو چیا بەرزانە بگەن، دواجار ئافرەتێکی نیپاڵی توانی بۆ ماوەی (٢٤) کاتژمێر و ٢٦ خولەك و بەبێ وەستان بگاتە لووتکەی چیای ئێڤرێست، هەروەها کوڕە گەنجێکی کورد بە ناوی (دادڤان عسمەت یوسف) کە بە دادڤان گولی ناسراوە، توانی بگاتە سەر لووتکەی چیای ئێڤرێست و ئاڵای کوردستانیشی لەوێ بەرز کردەوە، گەشتەکەیان بۆ ماوەی (٥٠) ڕۆژ بوو، ئەو شوێنەی دادڤان پێی گەیشت، بەرزییەکەی ٨٨٤٩ مەتر لەسەر ئاستی دەریا بوو، کە بە لووتکەی (کاتماندۆ) ناسراوە.



# قەبارەی زەبەلاحی تیلیسکۆپی هابل

زۆر جار باسی توانای تیلیسکۆپەکان دەکرێت، کە لە توانایاندایە مەودایەکی زۆر دوور ببینن و شیکردنەوەی بۆ بکەن، ئەمەش دەبێتە جێی پرسیاری ئەوانەی لە ئاستی کاری تیلیسکۆپەکاندا دەڕوان، ئاخۆ دەبێ چەندە گەورە و زەبەلاح بن، قەبارەی تیلیسکۆپی هابڵ بە ئەندازەی پاسێکی قوتابخانەیە، نزیکەی ٣٥ ساڵە ئەم تیلیسکۆپە لە دەوری زەوی دەخولێتەوە و وێنەی ئەستێرە و دیمەنە جوانەکانی گەردوون دەگرێت و دەینێرێتەوە بۆ زەوی، ئەم تیلیسکۆپە بە خێراییەکی زۆر دەجوولێ، هەر ٩٦ خولەك جارێك دەورانێکی تەواو دەکا بە دەوری زەویدا، لەگەڵ ئەوە توانای هەیە وێنەی گەلەئەستێرە دوورەکان بگرێت، بەڵام ناتوانێ وێنەی زەوی بگرێت.




# بەشیری ئاڵۆزترین مۆمیا

تاکە مۆمیایە کە زاناکان نەیانوێرا و ڕەتیان کردەوە کە دەستکاریی بکەن و پارچەکانی لێ بکەنەوە تاکو بزانن چی لەژێرەوەیە و چۆنە، چونکە هیچ مرۆڤ و تەکنەلۆژیایەکی سەردەمیش نییە کە بتوانێت وەك خۆیی لێ بکاتەوە، مۆمیای (بەشیری ) هەموو میسرناسەکان و زانایانی مێژوو و شوێنەوارناسان نەیانوێرا پێچانی پەڕۆ و کەتانەکانی لاببەن بەهۆی سەختیی گەڕانەوەی بۆ شێوەی سەرەتایی خۆی بە هەمان وردبینی بەم شێوەیە کە ئێستا هەیە و پێچراوەتەوە.

# یاسا



**بینینی داپیرە و باپیرە بۆ نەوەکانیان**

بەپێی بۆچوونی یاسای باری کەسی ئەم بابەتەی مەرجدار کردووە، وەك لە ماددەی (٥٧/٤) دەڵێت ئەگەر ژن و مێردە جیابووەوەکە لە ژیاندا بوون ئەوا نەنك و باپیر بۆیان نییە نەوەکانی خۆیان ببینن (کە ئەمەش پێچەوانەی شەرعە) بەڵام ئەگەر لە ژیاندا نەمابوون ئەوکات مافی بینینیان هەیە. بەڵام دادوەر لەم دۆسیدا بە تەواوی جێبەجێی لایەنی شەرعی دەکات و ڕێگەی داوە بە بینینی منداڵەکە لە لایەن نەنکیەوە، لەکاتێکدا باوکی منداڵەکە لە ژیاندایە و لە دەرەوەی وڵاتە، بە بەڵگەی شەرعیی ئەوەی کە پچڕانی سیلەی ڕەحم ڕێگە پێنەدراوە، ئەوەش بە بەڵگەی دەقی قورئان.

سەبارەت بە بوونی ماددەی(٥٧) لە لەیاسای باری کەسی کە پێچەوانەی دەقی قورئانە، ئەگەر تانەی لێ بدرێ بە (عدم دستورية القوانين) ئەوا دەقێکی نادەستووریە پاڵپشت بە ماددە (٢) دەستوور کە دەڵێ (الاسلام دين الدولة الرسمي، وهو مصدر اساس للتشريع، لا يجوز سن قانون يتعارض مع ثوابت احكام الاسلام)، بۆیە دەتوانین بڵێین کە بڕیاری دادگای باری کەسێتی هەم بڕیارێکی شەرعییە هەم بڕیارێکی یاسایی.



## کاریکاتێر

باس لەوانە دەکات کە ڕێگەیەکی هەڵەی ژیانیان گرتووە و بە ئاراستەیەکی پێچەوانەدا ڕێگەیان گرتووە، تەنانەت دەوروبەریشیان سەریان سڕ دەمێنێت لەوەی چۆن بەو ڕێگە هەڵەیەدا بەڕێ کەوتوون.



## دیمەنە سەیرەکان

**خەوی هەنگەکان**

دوو هەنگ لە ناو گوڵێکدا خەویان لێ کەوتوو، هەنگەکان لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا ٥ - ٦ کاتژمێر دەخەون و زۆرێکیشیان لەکاتی خەوتندا قاچی یەکتر دەگرن، هەندێك لە هەنگە ڕەسەنەکان لەناو گوڵەکاندا دەخەون.



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

زووتر لە جاران ماندوو دەبیت، ڕەنگە ڕووبەڕووی گرفتی تەندروستی ببیتەوە، دوور بکەوەرەوە لە گفتوگۆی بێسوود، چونکە لە ئامانجەکەت دوورت دەخاتەوە، خۆشەویستی دێتە سەر ڕێگەکەت، ڕەتی مەکەرەوە، لەو کەسانە تێبگە کە لە چواردەورتن و لێت تێدەگەن.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ئەو برینانەی بەهۆی لایەنی سۆزدارییەوە بۆت دروست دەبێت بە ئاسانی چارەسەر نابن، باشترین کار بیکەیت، ئەوەیە دڵی خۆت بۆ کەسێکی متمانەپێکراو بکەیتەوە، لە لایەنی پیشەییەوە بیرۆکەکانت بە متمانە بەخۆبوونەوە بخەرە ڕوو.



**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

لە لایەنی پیشەییەوە وریای ڕێکەوتنەکانت بە، خۆت مەخەرە مەترسییەوە بەو واژۆیانەی دەیکەیت، لە لایەنی سۆزدارییەوە ئەگەر تەنیایت پەلە مەکە بۆ ئەوەی ژیانی هاوسەرگیری پێك بهێنیت.



**قرژاڵ ٦/٢١ - /٢٢**

پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت جێگیرە، ئەمەش هانت دەدات بۆ ئەوەی بڕیارێکی چارەنوسساز بدەیت، لە لایەنی پیشەییەوە پێگەیەکی بەرز بەدەست دەهێنیت و خۆتی بۆ ئامادە بکە.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

بە ر پر سیا ر یە تییە کا نی سەر شانت زیاد دەبن، بەڵام توانای ئەوەت هەیە بەسەریاندا زاڵ بیت و کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەیت، هەمووو کەسێك ڕەت مەکەرەوە کە دێتە ژیانتەوە و ڕەخنە لە هەمووان مەگرە.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

بەباشی مامەڵە لەگەڵ کەسانی چوارەورت بکە و هەوڵ بدە پەیوەندییت لەگەڵیاندا بەهێز بکەیت، ئەم ماوەیە زیاتر چاوت لەسەر چالاکییەکانی کەسانی چواردەورت بێت، بە ئاسانی متمانە مەکە و دڵی خۆت بۆ هەموو کەسێك مەکەرەوە.

بۆ زانیاریت

# یەکەم کودەتا لە میزۆپۆتامیا، ڕەنگە یەکەم کودەتا بێت لە مێژوودا



لە سەدەی بیست و چواری پێش زایین شاری لاگاش کەوتە ژێر دەسەڵاتی مەلیك لوگالاندا کە زۆر نارەوا بوو بەرامبەر بە گەلەکەی و پشتیوانی لە دەوڵەمەندەکان دەکرد لە بەرامبەر کۆنترۆڵکردنی هەژارەکان دا.

گەلەکەی تامی هەژاری و ئیستغلالکردنی لە سەردەمی دەسەڵاتە گەندەڵەکەیدا بینی، دوای شەش ساڵ لە حوکمڕانیی لوگالاندا، کودەتایەك بە سەرکردایەتی کەسێك بە ناوی ئوروکاگینا ڕووی دا و دەسەڵاتەکەی ڕووخاند، بەڵگەنامەکان نیشانمان دەدەن کە کوڕی حاکمی لابراو لوگالاندا دوای کودەتاکە بە زیندووی ماوەتەوە و نەکوژراوە، واتە کودەتاکە خوێناوی نەبووە و ئەمەش خۆی لە خۆیدا پێچەوانەی داب و نەریتی سیاسیی ئەو سەردەمە بووە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو شارستانیەت و شارنشینییەی کە شارستانیەتی سۆمەری نزیکەی ٤٤٢٠ ساڵ لەمەوبەر هەیبووە!



## پەند و وتە

سامویل لانگۆر کلیمینس، ناسراو بە مارك توین، نووسەر و وتارنووسی ئەمریکی لە ساڵی ١٨٣٥ لە شاری مەیسووری لە ئەمریکا لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩١٠ لە ویلایەتی کۆنێتیکت لە ئەمریکا کۆچیی دوایی کردووە، دەربارەی قسە کردن و بێدەنگبوون دەڵێت: وا باشە کە زۆربەی کات بێدەنگ بیت و خەڵك نەزانن کە کەسێکی زیرەکیت یان گەمژەیت، نەوەك دەمت بکەیتەوە زیرەکی و گەمژەیی خۆت بە دەم و زمانی خۆت ئاشکرا بکەیت.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا دوو شێوەی شاراوە هەن، هەوڵ بدە خاوەنی ئەو دوو شێوەیە لە ماوەی کەمتر لە ٣٠ چرکەدا بدۆزیتەوە و بزانیت کێن.

فیلم

## بمکوژە ئەگەر دەتوانی - Kill Me If You Dare



فیلمێکی ڕۆمانسی و کۆمیدییە، باس لە کەسێك دەکات کە براوەی خەڵاتی (لۆتێری)یە، هەوڵ دەدات بەو خەڵاتە دوو خۆشەویست لە یەکتر بکات، هانی هەردووانیان دەدات کە کامەی توانی ئەوەی دیکە بکوژێت خەڵاتەکە بۆ ئەو دەبێت، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٥٦ خولەکە، لە دەرهێنانی فلیپ زیلبەر، نووسینی ئانا میسزیانکسا، لە بەرهەمهێنانی ماگدالینا سزیدکویکز، فیلمکە بە زمانی پۆڵەندییە و لە وڵاتی پۆڵەندا بەرهەم هێنراوە، لە نواندنی: ئەگنیزیسکا ویدلۆچا، ماتیاسز باناسویك، پاوڵینا گاتزکا، میکۆلاج ڕۆزنیسکی، پیوتیۆر گازانیسکی.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئەمڕۆ ڕۆژێکی باش دەبێت بۆت، هەر هەنگاوێك کە دەینێیت پاڵپشتی تەواو دەکرێیت، لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی دیکە نەرم بە و وشەی زبر بەکارمەهێنە، پێویستت بەوەیە وێنایەکی جوانی خۆت لای کەسانی چواردەورت دروست بکەیت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لە لایەنی پیشەییەوە ئەگەر بەتایبەتی داوایان لێ نەکردیت یارمەتیی هەموو کەسێك مەدە، خۆت بۆ گۆڕانکاریی لەناکاو ئامادە بکە، چاوەڕێ مەکە هەمیشە خۆشەویستەکەت دەستپێشخەر بێت لەوەی هەستەکانی خۆتی بۆ دەربڕێت، دەتوانیت تۆ لەو ڕووەوە یەکەم هەنگاو بنێیت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

کەسانی چواردەورت یارمەتیدەرتن لە چارەسەرکردن کێشە و گرفتەکانت، ئەم قۆناغە سەختەی ئێستا تێدەپەڕێت و ڕۆژانی خۆش چاوەڕێت دەکەن، پێش ئەوەی هەر هەنگاوێکی نوێ بنێیت، بە باشی بەدواداچوون بکە و خوێندنەوەی بۆ بکە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

پێش ئەوەی هەر شتێك بڵێیت یان ڕەفتارێك بکەیت بە باشی بیر بکەرەوە، جەستەیەکی بەهێزت هەیە و وزەیەکی زۆریشت هەیە، ئەمەش یارمەتیی زیادبوونی متمانە بەخۆبونت دەدات تا بەدوای داهاتویەکی باشتردا بگەڕێ.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

چاوەڕێ مەکە هەموو کاتێك هەموو شتێك بە خواستی تۆ ڕوو بدات، لەگەڵ کاتە سەختەکاندا خۆت بگونجێنە، لە لایەنی پیشەییەوە پەستانێکی زۆر مەخەرە سەر خۆت کە توانای بەرگەگرتنیت نەبێت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

پێش ئەوەی دەست بە هەر کارێکی نوێ بکەیت وریابە لەوەی زیان بە کەسانی دیکە نەگەیەنیت، ببە بە هاندەرێك بۆ کەسانی دیکە و ڕێگە بدە وزەت لێ وەرگرن، لە ئێستادا هیچ گرفتێکت نییە، تەنیا گرنگی بە خۆت بدە.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆرمی (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆرمی (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆرمی (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media

Time Net

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت

- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و رێستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی —٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاورێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.



**Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection**

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

**Contact with us :**

07502749592 - 07502749591

www.time-net.net

khabat stree, Erbil,Iraq




www.gulanmedia.com

Weekly
Gulan
July 29, 2024 Issue,No.1423




0750 104 1777
0770 104 1777

هەولێر / ڕێگای سەرەکی هەولێر پیرمام
/تەنیشت یانەی ئەسپ سواری

Catalogue